# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٥٧ یەکشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٢ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات:


## خەڵاتی ساخارۆف بۆ بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی دەسکەوتێکی دیکەیە

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی (١٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی زایینی) خەڵاتی مافی مرۆیی ساخارۆف پێشکەش بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کرا. ئەم بڕیارەی یەکیەتیی ئورووپا وێڕای ئەوەی جێی ڕێز و پێزانینە، داکۆکیکردن لە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و بە دەسکەوتێکی دیکەی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی دادەنرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای ڕێزلێنان لەم بڕیارە بەجێیەی یەکیەتیی ئورووپا، بە بۆنەی پێشکەشکردنی خەڵاتی ساخارۆف بە شەهید ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، پیرۆزبایی لە دایک و باوکی ژینا ئەمینی، گشت قوربانییانی بێتاوانی جووڵانەوەکە، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران دەکات.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران– ناوەندی بەڕێوەبەری– ٢٨ی ڕەزبەری ١٤٠٢**

## خەڵاتی ساخارۆف بۆ ژینا

# قەقنەسی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی




## مستەفا هیجری:

## حیزبی دێموکرات لە بیاڤی شوناسی کوردستانیدا نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو دەکا



ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیاڤی شوناسی کوردستانیدا، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو دەکەین. وێڕای پابەندبوون بە ئەسڵەکانی چەسپاو لەو یەکیەتییەدا، هێنانەدی و وەگەڕخرانی دێموکراسی لە داهاتووی ئێراندا گرێدراو بە یەکیەتیی کردەوەی لایەنەکانی ئازادیخواز و بە پێویستیی پرسی نەتەوەیی و دێموکراسی دەزانین. ئەوەیکە دەبێ پێی لەسەر دابگرینەوە ئەوەیە کە دێموکراسیی قووڵ و مافی مرۆڤ دەتوانێت تەنیا لەسەر ئەساسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک لەسەر پێ بێت و پرسیارەکانی وەک دەسەڵات، دادپەروەری، کەرامەت، مافی تاکەکەسی و نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگەی شوناسخواز و ژێر ستەم لە ئێراندا بێوڵام نەمێنێتەوە. وەها خوێندنەوەیەک دەتوانێ ئیمکان و خاڵێکی وەرچەرخان بێت بۆ کۆتایی بەخشین بە تەواویەتخوازی. (لاپەڕە ٢)

## خالید عەزیزی:

## فرەیی و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان دەبێ بە دەرفەتیان بزانین نەک هەڕەشە

لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا بینیمان شێوەیەک لە ڕادیکاڵیزمی توندئاژۆ لە ناوەند و بەپێچەوانە شێویەک ڕادیکالیزمی توندئاژۆ لە پەراوێزدا هەبوون. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین بۆ ئەوەی نەهێڵین ڕادیکاڵیزم و توندئاژۆیی پەرەبستێنێ، دەبێ بزووتنەوەیەکی میانەڕەو لەسەر بنەمای ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بیچم بگرێ. لە نێوەڕۆکی ئەو میانەڕەوییەدا دەبین گرووپگەلی جۆراوجۆر پێکهاتوو لە نەتەوەکانی ئێران هەن و لەسەر ئەو بنەمایەیە دەتوانین نەخشەی سیاسیی داهاتووی ئێران وێنا بکەین. پرسی «تەواوییەتی ئەرزی» و «جوداییخوازییە» کە گیروگرفتی زۆری بەداوی خۆیدا هێناوە. هەر لەو پێوەندییە کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی بەلاڕێدابردنی ڕای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهان، هەوڵی دا وێنایەکی پێچەوانە لە بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێران وەکوو کورد، تورک، عەرەب و... پێشان بدات کە بەڵێ ئەوان بەدووی لەتکردنی ئێرانەوەن. بەڵام بەخۆشییەوە لە ئێران لەسەر شەقام کە دروشمی یەکگرتوویی لەنێوان خەڵکدا دەدرێ، هیچ باسێک لە تەواوییەتی ئەرزی و جودایی ناکرێ. بۆیە دەبێ جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە فرەیی و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئێران دەرفەتن نەک هەڕەشە و ئەوە دیکتاتۆر و ئیستبدادە کە بوونی بزووتنەوەی نەتەوەکانی جۆراوجۆری ئێران بە هەڕەشە لەسەر خۆی دەبینێ. (لاپەڕەی ٣)

## ٢٨ زیندانیی سیاسیی کورد لە ئێران لەسێدارە دراون

لە ماوەی ١٢ ساڵدا لە ئێران ٢٨ زیندانیی سیاسیی کورد لەدار دراون. تەرمی ٢١ کەس لەم ٢٨ کەسە کە بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەدار دراون. ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکراوە و شوێنی بەخاک سپاردنیشیان ناڕوونە. دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵی ڕابردووشدا لانیکەم ٦٥٩ کەسی لەسێدارە داوە.

**لە هەواڵێکی دیکەدا:** ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە یەکساڵی ڕابردوودا و لە دوای دەستپێکی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی زیاتر لە ٤٠٠ منداڵی قوتابییان لە کوردستان دەسبەسەر کردووە کە تیمی یاسایی هەنگاو توانیویەتی ناسنامەی ١٩٢ کەسی لەوان ئاشکرا بکات. **(شیکاریی زیاتری ئەم ڕاپۆرتانە لە لاپەڕەکانی ٣ و ١١دا بخوێننەوە)**

## چەندی و چۆنیی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی بەعس لە عێراق

پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لە هەموو قۆناغ و برگە مێژووییەکاندا پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو. ئەم ڕابردووە ئەوەندە خاوێنە کە نە بۆ حاشالێکردن، بەڵکوو بۆ لێفێربوون دەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەردەوامیی خەباتی سیاسیی خۆیدا و بەپێی سروشتی خەبات و تێکۆشانەکەی هەمیشە فاکتەری پێوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بۆ گرینگ بووە، بەڵام لە هەموو کات‌وساتێکدا ئەگە بە زیانیشی شکابێتەوە پرەنسیپەکانی خۆی ڕەچاو کردوون و پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی و پێویستیی پاراستنی لە تەواوەتیی خۆیدا یەکێک لەو پرەنسیپە نەگۆڕانەی حیزبی دێموکراتن.

دوو دەیە پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای شانازیکردن بە مێژووی هەڵوێست و بایەخە ئوسوولییەکانی لە پێوەندییە دوولایەنەکانیدا، بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک و حکوومەتی عێراق پشت بە ئەزموونی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا دەبەستێ. (لاپەڕە ٥)


خەڵاتی ساخارۆڤ، دەسکەوت و دەرفەتێکی دی بۆ شۆڕشی ژینا
سمایل شەرەفی
٤

مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا
مستەفا مەولوودی
٧

«ژینا»ی ئێمە و «مهسا»ی ئەوان
ڕەحمان سەلیمی
٧

بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد چەک کەرەسەیە نەک ستراتیژی
عومەر باڵەکی
٩

خەڵاتی ئازایەتی و خەباتخوازی، لە نۆبڵەوە بۆ ساخارۆف
ئاسۆ مینبەری
٩

## مستەفا هیجری:

# حیزبی دێموکرات لە بیاڤی شوناسی کوردستانیدا نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو دەکا

**دەقی قسەکانی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی "لەپێناو یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک" لە فرانکفۆرتی ئاڵمان**

**ئێرانی ئەمڕۆ لەسەر دوو پرسیاری نکۆڵیکردن دامەزراوە. لەلایەک ئازادی و مافی تاکەکەسیی مرۆڤەکان لەلایەن نیزامە دیکتاتۆرەکان لەو جوغرافیایەدا ڕەت کراوەتەوە و لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی شوناسخواز لەلایەن نیزامە تەک شوناسی_قەومییەکان بە گێڕانەوەی باستانی و ویلایەتمەدار و بە بیانووی تەواوییەتی ئەرزی و ئەمنییەتی نەتەوەیی، سەرکوت کراون. لێرەدا پرسێکی حەیاتییە کە وڵامێکی پێویستمان بۆ ئەمە هەبێ و چوارچێوەیەکی ڕوون و دوورەدیمەنێکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکەین**



### خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!
### حیزب و لایەنە سیاسییەکان!

جێگای خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ بە نوێنەرایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕوانگەی گشتیی بزووتنەوەی کوردستان و بەتایبەتیش ڕوانگەی ئەم حیزبە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پلاتفۆرمی "هاوپەیمانیی گشتگیر"تان پێ ڕادەگەیێنم.

ڕوانگەی ئێمە بە سەرنجدان بە ئەزموونی دوورودرێژ و مێژووی سەرەڕۆیی ئێرانی، لە بنەڕەتدا ئاراستەکەی بەرەو داهاتوویە. داهاتوویەک کە لەودا "ئێرانێکی تر"، بونیات بنرێ. ئێرانێک کە تێیدا ئیرادەکان دژی تەواویەتخوازی بە هەر چییەتی و قەوارەیەکەوە بن. ئێرانێک کە ڕاستییەکانی نێو جوغرافیا سیاسییەکەی، جێگرەوەی ئەفسانە تەواویەتخوازانە کۆن و ئایینییەکان بن. ڕاستیگەلێک کە لەواندا، کۆمەڵگەکان، بەپێی ئێختیار و ئیرادەی خۆیان و ویڕای مافی یەکسان پێکەوەبوون ئەزموون بکەن و شوناسیان بە فەرمی بناسن. وەبیر خۆمان دێنینەوە کە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، بەستێنێکی مرۆڤانە و دوورەدیمەنانەی نوێنەرایەتی دەکرد کە دەفرایەتی و توانای بنیاتنانەوەی ئێرانێکی جیاواز لە ڕابردووی هەیە، ئەویش گرێدراو بەو ناسین و تێگەیشتنە قووڵەیە کە لە گوتارە بونیادی و پێشکەوتوانەکاندا هەمانبێت.

ئەمڕۆ دێموکراسی وەک بەستێنێکی سەرەتایی، توانای وڵامدانەوەی بە زۆربەی پرسیارەکان لەسەر شوناس هەیە. لە دۆخی ئێستاشدا، ئێمە وەک بزووتنەوەی ڕزگاریدەری کوردستان و هەروەها بزووتنەوەی شوناسخوازیی نەتەوە ژێر ستەمەکان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران، خۆمان لە بازنەیەکدا پێناسە دەکەین کە لەوێدا سیاسەتی دێموکراتیک و سەقامگیر و بنەڕەتیی داهاتووی ئێران، ژێربینای چارەسەرکردنی پرسەکان بێت نەک سیاسەتی حاشا و سەرکوت.

ئەوەیکە لە ئەسڵەکانی "هاوپێوەندیی گشتگیر"دا هاتووە، مافی مرۆڤ لە ئەسڵە بنەڕەتییەکانی وەها هاوپێوەندییەک لە داهاتووی ئێراندا دەبێ. ڕوانگەی ئێمە بەنیسبەت مافی مرۆڤ، ڕوانگەیەکی پراکتیکییە. بە واتایەکی دیکە مافی مرۆڤ لە ڕوانگەی ئەو پلاتفۆرمی یەککگرتووییەوە، دەرهاویشتەی تێگەیشتوویی و ناسینێکە کە بەڕێوەبردنی گرینگتر لە گەڕانەوەی بۆ یاسای بنەڕەتییکە کە ئەگەری هەیە دیاری بکرێت. چونکە دانپێدانان و بە فەرمی ناسینی فرەچەشنی بە ڕاستییەکی گرینگ دەزانین هەتا پرسێک کە دواتر و لە داهاتوودا کاری لەسەر بکرێت.

بەفەرمیناسینی ئێران وەک جوغرافیایەکی چەند نەتەوەیی پرسێک نییە کە لە داهاتووی ئێرانی ئازاددا و لە یاسای بنەڕەتیدا بەدوایدا بگەڕێین، بەڵکوو لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا، پرسێکی تەواو سروشتی و ئاشکرایە کە دانپێدانان پێی لە دۆخێکی تایبەتدا دەتوانێ بەردی بناغە و پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی باوەڕی کردەیی بە پرسەکانی مافی مرۆڤی و پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا بێ.

ئێرانی ئەمڕۆ لەسەر دوو پرسیاری نکۆڵیکردن دامەزراوە. لەلایەک ئازادی و مافی تاکەکەسیی مرۆڤەکان لەلایەن نیزامە دیکتاتۆرەکان لەو جوغرافیایەدا ڕەت کراوەتەوە و لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی شوناسخواز لەلایەن نیزامە تەک شوناسی_قەومییەکان بە گێڕانەوەی باستانی و ویلایەتمەدار و بە بیانووی تەواوییەتی ئەرزی و ئەمنییەتی نەتەوەیی، سەرکوت کراون. لێرەدا پرسێکی حەیاتییە کە وڵامێکی پێویستمان بۆ ئەمە هەبێ و چوارچێوەیەکی ڕوون و دوورەدیمەنێکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکەین.

بۆ دروستکردنی بەستێنێکی گۆڕان لەو دۆخە بەستوویەدا، هاوپێوەندیی لەو چەشنە هاوکات لەگەڵ قەبووڵی فرەچەشنی و زۆرینە و بنەجێکردنی، دەتوانێت ڕێگای کرانەوە بێت بۆ چارەسەریی دێموکراتیکی پرسە کەڵەکەبووەکان لە ئێراندا. لە هەمان حاڵدا نابێ ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین ئەویش ئەو بەرچەسپانەیە کە لەو هاوپەیمانییانە دەدەن. چونکە دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەرماوەی بیرۆکەی تەواوییەتخوازی هەروا زیندوون تا هێز بدەنە فەزای حاشا و سەرکوت لە جوغرافیای ئێراندا.

بە هەر حاڵ ئەرکی ئێمەیە تا بە سینگفراوانی، یەکیەتی، هاوئاهەنگی و هاوپێوەندیی زیاتر، وێنایەکی باشتر و عەقڵانیتر بە بیروڕای گشتی بدەین، وێنایەک کە نموونەی ئەومان لە مانگەکانی سەرەتای بزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی دیت. وێنایەک کە تەنیا لە دوای ئازادی و ڕزگاری لە تەواوییەتخوازی بوو. چونکە باوەڕ ئەوە بووە و هەیە کە دەتوانین لەگەڵ یەکتری بین و داهاتوویەکی جیاواز دروست بکەین. بۆیە سەرەتیی ئێمە لە دۆخی ئێستادا تەنیا خەبات و هاوپێوەندی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە بەڵکوو دانی پلاتفۆرمێکی گشتگیرە کە توانایی نوێنەرایەتی فرەچەشنیی نەتەوەیی و شوناسی ئەو جواغرافیا هەمەڕەنگەی هەبێ.

### دۆستانی بەڕێز!

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیاڤی شوناسی کوردستانیدا، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو دەکەین. ویڕای پابەندبوون بە ئەسڵەکانی چەسپاو لەو یەکیەتییەدا، هێنانەدی و وەگەڕخرانی دێموکراسی لە داهاتووی ئێراندا گرێدراو بە یەکیەتیی کردەوەی لایەنەکانی ئازادیخواز و بە پێویستیی پرسی نەتەوەیی و دێموکراسی دەزانین. ئەوەیکە دەبێ پێی لەسەر دابگرینەوە ئەوەیە کە دێموکراسیی قووڵ و مافی مرۆڤ دەتوانێت تەنیا لەسەر ئەساسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک لەسەر پێ بێت و پرسیارەکانی وەک دەسەڵات، دادپەروەری، کەرامەت، مافی تاکەکەسی و نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگەی شوناسخواز و ژێر ستەم لە ئێراندا بێوڵام نەمێنێتەوە. وەها خوێندنەوەیەک دەتوانێ ئیمکان و خاڵێکی وەرچەرخان بێت بۆ کۆتایی بەخشین بە تەواویەتخوازی. بۆیە پێویستە کە بەرژەوەندیی بەرانبەرمان و هاوپێوەندیی گشتگیر و بەردەوام سەرمەشقی بیر و کردەوەی هەر کام لە لایەنەکان بێت تا بیسەلمێنین ئەگەر تاران، ئازەربایجان، کوردستان، سیستان و بەلووچستان، ئەحواز، تورکمەن سەحرا، مازەندەران و... لە سەر ڕێگا نەبن ئێران هەرگیز نابێتە گوڵستان.

# فڕانکفۆرت– بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک



ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ لە فرانکفۆرتی ئاڵمان دوو هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" و "هاوپێوندەیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا" کۆنفرانسی لە ڕێگای یەککگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیکیان بەڕێوە برد.

ئەو دوو هاوپەیمانییە ڕایانگەیاندبوو ئەمانج لە بەڕێوەبردنی ئەو کۆنفرانسەی "لە ڕێگای یەککگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک" فەرمیکردنی گەڵاڵەیەک لەژێر ناوی ئەسلەکانی هاوبەش بۆ وتوویژ لە ڕێگای یەککگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک بووە.

لەو گەڵاڵەیەدا هاتووە: "بنەما هاوبەشەکان بۆ وتوویژ لە ڕێگای یەککگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک ١٢ خاڵی لە خۆ گرتووە. لە پێشەکیی ئەو خاڵانەدا هاتووە: "بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بزووتنەوەیەکی سێکۆلار، فرەچەشن و مۆدیڕنە کە بووەتە هۆی هاوپێوەندیی بێوێنەی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران".

لە مادەی یەکەمی ئەو ئەسلی هاوبەشدا پێداگری لەسەر قەبووڵکردنی دێموکراسی لەسەر بنەمای پلۆرالیزم، ئازادیی بەیان، ئازادیی دامەزراندنی ڕێکخراوە سیاسی و سەندیکاییەکان و باوەر بە مافی یەکسان و وەکیەکی ژن و پیاو و لابردنی هەڵاواردنی مەزهەبی، ڕەگەزی و ئێتنیکی کراوە. لە درێژەی ئەو ئەسلەدا هاوبەشدا کە لایەنەکان واژۆیان کردووە، جەخت لەسەر قەبووڵکردنی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، کۆنوانسیۆنە نێودەوڵەتییەکانی وەک لابردنی هەڵاواردنی نـژادی، مافی کرێکار، منداڵان. ژنان و قەدەغەکردنی ئەشکەنجە کراوەتەوە.

بەپێی ئەو گەڵاڵەیە ئەساسی هاوبەش لە حکوومەتی داهاتووی ئێراندا کۆمارییە کە دێموکراسیی پارلمانی بێت. ئەساسی هاوبەشی دوو هاوپێوەندیی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و هاوپێوەندیی گشتگیر پێداگریی لەسەر جیاکردنەوەی سێ هێزی ئەسلی (یاسادانان، دادوەری و بەڕێوەبەری) و سەربەخۆیی تەواوی ئەو هێزانە کردووە.

لایەنەکانی نێو ئەو گەڵاڵەیە لەسەر بەفەرمیناسینی جیاوازییەکانی ئێتنیکی و نەتەوەیی ڕوانگەی هاوبەشیان هەیە و لەسەر ئەو باوەڕەن کە سەرەڕای بە فەرمی ناسینی ئەو جیاوازیانە دەبێ هەموو جیاوازییەکان لە مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی وەک یەکیان هەبێ و دەبێ لەو چوارچێوەیەدا ئیدارەی هەرێمەکانی خۆیان بەدەستەوە بگرن. مافی خوێندن بە زمانی دایکی بەفەرمی دەناسێ و زمانی فارسی وەک زمانی پێوەندی دەناسێنێت. لە بواری سیاسەتی نیزامی و ئەمنییەتی خوازیاری هەڵوەشانەوەی تەواوەتیی سپای پاسدارانە و ئەرکی ئەسلیی ئەرتەش لە ئێرانی داهاتوودا بەرگری لە هێرشی دەرەکییە. هەروەها ئەساسی هاوبەشی لە پێوەندییەکانی دەرەوەدا ڕێزدانانی بەرانبەر لە ئاستی نێودەوڵەتیدایە.

ئەو گەڵاڵەیە لەسەر بواری گەشەسەندن بۆ پاراستنی ژینگە بەبێ هەڵاواردن و دروستکردنی بەستێنێکی قایم و هاوسەنگ پێداگری دەکات.

بنەما هاوبەشەکان ڕای وایە هۆکاری ئەسڵیی گۆڕان لە ئێران و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێزی خەڵکی نێوخۆی ئێرانە و لە هەمان کاتیشدا خوازیاری پشتیوانیی جیهانی و کۆمەڵگەی دێموکراتیک لە خەباتی خەڵکی ئێرانە.

واژۆکەرانی ئەو گەڵاڵەیە ڕایانگەیاندووە کە ئەو گەڵاڵەیە خۆی گەڵاڵەیەکی پێشنیارکراوە لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و هاوپێوەندیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا هەتا لەسەر ئەساسی ئەو بتوانن لەگەڵ هێزەکانی چالاکی لە بیاڤی سیاسەتی ئێران هاوپێوەندییەکی گشتگیر پێک بێنن. واژۆکەرانی ئەو بەیانییە لە دەسپێکی کاری خۆیاندا ڕایانگەیاندووە کە دابینکردنی هاوپێوەندییەکی گشتگیر پێویستی بەوە هەیە کە دیالۆگ لەسەر ئەساسی هاوبەشی بێت.

کۆنفرانسی لە ڕێگای یەککگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک کە ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی لە فرانکفۆرت بەڕێوە چوو، بە خوێندنەوەی پەیامدەرانی کۆنفرانسەکە دەستی پێ کرد. بەڕێوەبەرانی ئەو کۆنفڕانسە لە بەیاننامەی دەسپێکی خۆیاندا ڕایانگەیاندووە کە دابینکردنی یەککگرتوویەکی گشتگیر پێویستی بە دیالۆگی هاوبەشە. بەڕێوەبەران ئاکامی کۆنفرانس و هەوڵدان بۆ دیالۆگ لە نێوان هێزەکانی ئێران لە ڕاستای پێویستیی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە قەڵەم دەدەن.

لە بەشی دووهەمی ئەو کۆنفرانسەدا مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتی لەلایەن حیزبی دێموکرات ڕوانگەی خۆی لەسەر بزووتنەوەی کوردستان خستە بەر باس.**[دەقی قسەکانی بەڕێزیان لە سەرەوە دانراوە.]**

لە بەشی پرسیار و وەڵامی کۆنفڕانسدا خالید عەزیزی وەک نوێنەری دوو هاوپەیمانیی واژۆکەری ئەو گەڵاڵەیە لەسەر ئەسلە هاوبەشەکان وڵامی سەرنج و پرسیاری بەشدارانی دایەوە. لە بەشی سێهەمی کۆنفرانسەکەدا دوو پانێل هەبوون. لە پانێلی یەکەمدا خاتوو موونا سیلاوی، سکرتێری گشتیی حیزبی تەزامۆنی دێموکراتیکی ئەهواز لە قسەکانیدا خۆیدا جەختی لە پێویستیی پێناسەیەکی نوێ لە ئێران کردەوە، لە ئێرانێکدا کە ئیتر خەڵکێکی زۆر لە بەشەکانی ئێراندا نیگەران نەبن وهەڵاواردن لەژێر ناوی جیاوازی وەک تەمامیەتی ئەرزی و ئەمنییەتی نەتەوەییدا شتێکی ئاسایی نەبێت. بەڕێزیان لە قسەکانیدا باسی لە یاسای کۆماری ئیسلامی کرد کە لەسەر ئەساسی ئەو یاسایە زیاتر لە سێ لەسەر چواری کۆمەڵگای ئێران تووشی هەڵاواردنی سیستماتیک بووەتەوە.

پەرویز نەویدی، ئەندامی شوڕای ڕێبەریی حیزبی چەپ ویڕای جەختکردنەوە لەسەر بەبەهابوونی ئەو گەڵاڵە هاوبەشە، لەسەر هاوپێوەندییەکی گشتگیر لەسەر ئەساسی دێموکراسی قسەی کرد و گوتی ئەو گرووپە سیاسییانەی باوەڕیان بە دێموکراسی، کۆماری و پلۆرالیزم هەیە لەگەڵ ئەوانیش بکەوینە وتوویژ.

ئۆمای ڕادمێهر لە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان ویڕای جەختکردنەوە لەسەر خواستەکانی خەڵک لە شەقامەکاندا لەسەر ڕاستییەکانی کۆمەڵگای ئێران پێداگری کردەوە.

لە پانێلی دووهەمدا دوکتور حەسەن لاجوەردی باسی لە فێدرالیزم کرد کە ڕێگاچارەیەک بۆ پێشگرتنە لە هەڵوەشانەوەی ئێران. مینا خانی چالاکی فێمێنیست؛ لەسەر مافی ژن و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان LGBTQ و لابردنی هەڵاواردن لەو کۆمەڵگەیانە وەک پێوەری باوەڕ بە دێموکراتی و مافی مرۆڤ لە قەڵەم دا. پانێلی کۆتایی کۆنفرانسی لە ڕێگای یەککگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک تەرخان کرابوو بە پرسیار و وڵام. لەو پانێلەدا حەسەن شەرەفی و یوونس شاملی بە نوێنەرایەتی لە دوو هاوپێوەندییەکە وڵامی پرسیارەکانیان داوە.

هاوپێوەندیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا لە ١٤ حیزب و لایەنی سیاسی پێک هاتووە.

خالید عەزیزی:

# دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دەبێ بە پرسەکانی نێوخۆی وڵاتەوە گرێ بدرێتەوە



**ئاماژە: ڕۆژی ۱۵ی ڕەزبەری ۱٤۰۲ لە فرانکفۆرتی ئاڵمان دوو هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" و "هاوپێوەندەیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا" کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیکیان بەڕێوە برد. لەم کۆنفرانسەدا هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بەشدار بوون. لە بڕگەیەکی کاری کۆنفرانسدا خاتو ئێراندوخت ئەنساری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکیەتیی فیداییان خەڵکی ئێران وتووویژێکی کراوەی لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر چۆنیەتیی کارکردن بەمەبەستی دروستکردنی ئاڵترناتیڤێکی گشتگیر هەبوو. "کوردستان" پوختەیەک لەو وتوویژە بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

**ئامانج لە کاری کۆنفرانسی فرانکفۆرت؟**

سرووشتییە هەر پرۆژەیەک لەسەر بنەمای بەستێن و بوارێک دادەمەزرێ. ئێستا هەمووان دەزانن هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی بەتەنیایی ناتوانێ بڕیار لەسەر نەخشەی سیاسیی داهاتووی ئێران بدات، بەڵکوو ئەوە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانن کە بڕیار دەدەن و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بەحەق دەرخەری ئەم ڕاستییە بوو. کەوایە ئەم پرۆژەیە لە قۆناغێکدایە کە بتوانین لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێیانمان قسەی لەسەر بکەین و لە درێژەدا هەرکام لە هاوڕێیان و گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەتوانن هەڵسەنگاندنی خۆیانیان بۆی هەبێ. مەبەست ئەوەیە ئەم پرۆژەیە کە لەسەر ئەساسی بەشداریی هەمووان پێک هاتووە، لە درێژەی کار و چالاکیی خۆیدا بتوانێ کۆدەنگییەکی ڕێژەیی دروست بکات و ببێ بە ئاڵترناتیڤ. هەمووان بینیمان ساڵی ڕابردوو سەرەڕای ئەوەی خەڵک هاتنە سەر شەقام و تێچووی قورسیشیان دا و کۆمەڵگەی جیهانی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دژبەرەی ڕێژیمیش پشتیوانییان لێ کرد، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێ. کەوایە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێمە دەبێ ئۆپۆزیسیۆنێکی گشتگیر و یەکگرتوو، و ئاڵترناتیڤێکی کارامەمان هەبێ.

**میکانیزم و پێویستییەکانی ئاڵترناتیڤ؟**

خاڵی جەوهەری ئەوەیە لە ئێراندا هەتا ئێستا دێموکراسی بیچمی نەگرتووە و ئێمە فەرهەنگی دێموکراسیمان نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لە ڕەوتی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا کۆمەڵگەی ئێران تاڕادەیەکی زۆر پلۆڕالیزە بووە و شتێکی کە تا ئێستا نەیهێشتووە ئێمە بە ئاکام بگەین پێکدژیی ئایدۆلۆژی و بیروبۆچوونی جۆراوجۆرە. لێرەدا ململانێ لەسەر پلاتفۆرم و مەنشووری جۆرواجۆر نییە، چونکە من پێشتریش ئاماژەم پێ کردوە کە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی بەتەنیا ناتوانێ بڕیار لەسەر داهاتووی ئێران بدات. کۆمەڵگەی ئێران لە نەتەوە و ئێتنیکی جۆراوجۆر پێک هاتوە و ئێران ئەو وڵاتە نییە ناوەندگەراکان وێنای دەکەن. هەروەک چۆن لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا بینیمان خەڵک لە شارەکانی مەشهەد، ئیسفەهان، شیراز، تاران و... بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ کوردستان و بەلووچستان هاتنەسەر شەقامەکان. بۆ یەکەمین جار بوارێک ڕەخسا و دەرفەتێک دروست بوو کە تێیدا جۆراوجۆری و فرەڕەنگی هەبو. ئێمە لەسەر ئەو ئەزموون و بنەمایە دەتوانین ئێرانی داهاتوو ئیدارە بکەین. هەڵگیرسانی شۆڕش ڕەنگبێ ئاسان بنوێنێ، بەڵام بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو زۆر دژوارترە. هەروەک چۆن لە ڕەوتی شۆڕشی ۱۳۵۷دا زۆرینە پشتیوانی شۆڕش بوون، بەڵام لە دوای شۆڕش ڕەوتێک بەشێوەیەکی ڕێکخراوتر و ڕێکوپێکتر لەچاو گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی دیکە توانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ و ئامانجەکانی شۆڕش وەدی نەهاتن. کەوایە ئێمە لە ئێستادا بۆ ئیدارەی ئێرانی داهاتوو دەبێ کار لەسەر جیایی ئایین لە سیاسەت، نهادینەکردنی دێموکراسی و بەشدارکردنی هەموو نەتەوەکان لە ئیداری سیاسیی وڵات بەبێ هەڵاواردن بکەین.

**ئاماژە و تایبەتمەندییەکانی یەکیەتییەکی گشتگیر و دێموکراتیک و بنەماکانی؟**

تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆژەیە دەتوانێ لە چەند بەشی جۆراوجۆردا ورد بکرێتەوە. لە قۆناغی یەکەمدا و لە بواری فەرهەنگیدا لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا دیتمان شێوەیەک لە ڕادیکاڵیزمی توندئاژۆ لە ناوەند و بەپێچەوانە شێوەیەک ڕادیکالیزمی توندئاژۆ لە پەراوێزدا هەبوون. بەو هۆیەوە کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەوە یەکەم جار بوو بزووتنەوەیەک بەشێوەیەکی گتشگیر سەری هەڵ بدا، ڕوانگەی جۆراوجۆر بەرەوڕووی یەکتر بوونەوە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕین بۆ ئەوەی نەهێڵین ڕادیکاڵیزم و توندئاژۆیی پەرەبستێنێ، دەبێ بزووتنەوەیەکی میانەڕەو لەسەر بنەمای ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بیچم بگرێ. لە نێوەڕۆکی ئەو میانەڕەوییەدا دەبین گرووپگەلی جۆراوجۆر پێکهاتوو لە نەتەوەکانی ئێران هەن و لەسەر ئەو بنەمایەیە دەتوانین نەخشەی سیاسیی داهاتووی ئێران وێنا بکەین. مەسەلەیەکی دیکە لە یەک ساڵی ڕابردوودا پرسی "تەواوییەتی ئەرزی" و "جوداییخوازی" بوو کە گیروگرفتی زۆری بەداوی خۆیدا هێنا. هەر لەو پێوەندییە کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی بەلاڕێدابردنی ڕای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهان، هەوڵی دا وێنایەکی پێچەوانە لە بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێران وەکوو کورد، تورک، عەرەب و... پێشان بدات کە بەڵێ ئەوان بەدووی لەتکردنی ئێرانەوەن. بەڵام بەخۆشییەوە لە ئێران لەسەر شەقام کە دروشمی یەکگرتوویی لەنێوان خەڵکدا دەدرا، هیچ باسێک لە تەواوییەتی ئەرزی و جودایی نەدەکرا. کەوایە ئێمە لێرەدا دەمانەوێ جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە فرەیی و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئێران دەرفەتن نەک هەڕەشە و ئەوە دیکتاتۆر و ئیستبدادە کە بوونی بزووتنەوەی نەتەوەکانی جۆراوجۆری ئێران بە هەڕەشە لەسەر خۆی دەبینێ. کاتێک لە ئیدارەی سیاسیی ئێراندا هەموو نەتەوە و جۆراوجۆرییەکان بەشدار بن و لە بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیاندا بەپێی یاسا دەسەڵاتیان هەبێ، هەموو ئەوانە لە پڕوپاگەندە بەولاوەتر نین و نابن.

**کێشە و بەربەستەکان لەسەر ڕێگای دروستکردنی ئاڵترناتیڤ و میکانیزمەکانی چارەسەر؟**

ئەوەندەی پێوەندی بە کێشە و بەربەستەکانەوە هەیە ئێمە لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە پاشخان و ئەزموونێکی زۆرمان لە خەباتخوازی و مافویستی هەیە. لانیکەم لە کوردستان بزووتنەوەیەکی زیندوو هەبووە و ئەو بزووتنەوەیە ناوچەی ئازادکراوی لەژێر دەستدا هەبووە و زۆربەی ڕێکخراو و حیزبە غەیرە کوردەکان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کەوتبوونە بەر هێرش، لە کوردستان گیرسابوونەوە و لەوێ چۆنیەتی کارکردن بەشێوەیەکی هاوبەشمان ئەزموون کردوە. پاشان ئێمە لە دەرەوی وڵات دەبینین گرووپگەلی جۆراوجۆر بەشوێن یەکگرتوویی و هاوکارییەوەن. بەڵام کۆمەڵە هۆکارێکی ڕەوانی لەمەڕ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو بەربەست بوون کە بەخۆشییەوە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و لێکەوتەکانی کە بینیمان خەڵک لە شارەکانی تاران، مەشهەد، شیراز و... هاوئاهەنگ لەگەڵ بەلووچستان و کوردستان دروشمیان دەدا؛ تا ڕادەیەک ئەو بەربەرستانەی لەنێو برد و بەڕای من ئەو سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە.

شتێکی دیکە کە لە شۆڕشی ژینادا و لە ڕەوتی دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک هەبوو ئەوە بوو کە کەسایەتیی جۆراوجۆر چ ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێر، کەسایەتیی سیاسی، ئاکادمیک و...هتد کە بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی بوون و هەڵوێستیان هەبوو. ئێمە ئەوپەڕی ڕێزمان بۆیان هەیە و چالاکیی سیاسی مافی سروشتیی خۆیانە. بەڵام دروستکردنی بەدیل و ئاڵترناتیڤێک دەبێ لەلایەن حیزب و ڕێکخراوی سیاسییەوە بێ. بۆچی؟ هۆکارەکەی ئەوەیە ڕێکخراو و حیزبی سیاسی لە ڕەوتی خەباتدا خاوەن ئەزموونن و لەم بارەیەوە لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو دەتوانن هاوکاری و هاوئاهەنگی زیاتریان پێکەوە هەبێ. ڕەوتێک کە ئێمە دەستمان پێ کردوە و لەلایەن حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆرەوە پێک هاتوەو و بە هیچ کەسێک نەبستراوەتەوە. بەڵام مکانیزم. دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دەبێ بە نێوخۆی وڵاتەوە گرێ بدرێتەوە. بۆچی بە نێوخۆی وڵات؟ لەنێوخۆدا پێشکەوتنی زۆرمان بووە و کۆدەکانمان دیتۆتەوە کە چۆن دروشم بدەین ئەو دروشمانە لەلایەن گرووپگەل وچینی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی ئێرانەوە پێشوازی لێ دەکرێ. ئایا ئێمە لەو پرۆسەیەدا چۆن دەتوانین سەرکەوتوو بین؟ بە هاندان و بەشداری چالاکانی سیاسی، دێموکراتیک، مەدەنی، ژنان، خوێندکاران و... لەنێوخۆ و پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەوان زیاتر دەتوانین بە ئامانج بگەین. گەڵاڵەیەک کە ئێمە بۆ داهاتووی ئێران دامانڕشتووە و هەروەها لە قسەکانیشم دا ئاماژەم پێ کرد، دەبێ تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە لە نەتەوەکانی ئێران تێیدا بەشدار بن و لەسەر داهاتووی ئێران بڕیار بدەن.

**ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان؟**

ئەوەندەی پێوەندی بە بارودۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەیە، ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە لە لێواری نەماندایە و دەبێ بڕوا، هەروەها ئەو نیزامە لە چۆنیەتی ئیدارەی وڵاتدا ناسەرکەوتوو بووە. هۆیەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەوڕووی دارمانی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە و ئەمە دەخوازێ ئێمە لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمەدا خۆمان و کۆمەڵگە پتر ڕێکبخەین. بەڵام گرفتێک لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر بەردەنگی ئێمە تەنیا کەسانێک بن کە لەنێوخۆی وڵات چالاکیی سیاسی دەکەن، یان پەیامێکی سیاسییان هەیە؛ ئەوە ئێمە تەنیا و تەنیا لەگەڵ کۆمەڵێک کەس پێوەندییمان هەیە. بەبڕوای من دەبێ تەواوی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەو پرۆسەیەدا بەشدار بن. تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە ئەزموونی ئێمە لە کوردستان هەیە تەواوەتیی خەڵکی ئێران وەشوێن سیاسەت ناکەوەن. هەژاری، بێکاری و بەدبەختی هەروەک گوتم ئێرانی لەگەڵ دارمانی کۆمەڵایەتی بەرەوڕوو کردوە و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئێران بەشوێن چارەسەری کێشە و گیروگرفتی ڕۆژانەی خۆیانن. ئێستا ئێمە چۆن دەتوانین پەیام و داخوازی و ستراتیژیی خۆمان بە گوێی چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی ئێران بگەینین؛ یەکێک لە ڕێکارەکان ئەوەیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز بن و ئەم بزووتنەوانەش نابێ تەنیا بە ئێتنیک یان نەتەوەیەک بەبسترێتەوە کە ئەوە هەمان سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە. ئێمە بەخۆشییەوە ئێستا لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدڕاڵ لەسەر ئەوە کار دەکەین کە تەواوی نەتەوەکان و ئێتنیکەکان بۆ ئێران داهاتوو هاوکار و هەماهەنگ بن و ئەو بزووتنەوەیە شکڵێکی گشتگیرتر بەخۆیەوە بگرێ.

**دوورەدیمەنی پرۆژەی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک؟**

ئێمە لە پرۆژەی خۆماندا و لە ئێستادا بە دوای لانیزۆرەکانەوە نین، بەڵکوو جەخت لەسەر لانیکەمە هاوبەشەکان دەکەین. هەروەها نابێ لە بابەتە گشتییەکانەوە بچینە نێو وردەکارییەکانەوە. لانیکەمەکان کە لەو کۆنفرانسەدا قسەمان لەسەر کرد و دەبێ لەگەڵ کەسانی دیکەش قسەیان لەسەر بکەین. چونکە لەو بزووتنەوەیەدا هێندێک جار لەلایەن هێندێک لە گرووپگەلی سیاسیەوە پشتیوانی لە ڕادیکاڵیزم و توندئاژۆیی دەکرێ. هەروەها قسەکردن لەسەر لانیزۆرەکان بە مانای یەکلاکردنەوەیە. بە بڕوای من ئەوە دەتوانێ ستراتێژییەکی شیاو بێ و بوار بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە خۆش بکات و ئەوکات ئێمە ئەو پرۆسەیە لە درێژەی کاری خۆیدا دەتوانێ ببێتە نەخشەڕێگای سیاسی ئێمە و چۆنیەتیی کارکردنی مەیدانی بۆ سەرخستنی بە بەشداریی هەمووان.

## دەسبەسەرکردنی ٤۰۰ منداڵی قوتابی لە کوردستان



ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە یەکساڵی ڕابردوودا و لە دوای دەستپێکی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی زیاتر لە ٤۰۰ منداڵی قوتابییان لە کوردستان دەسبەسەر کردووە کە تیمی یاسایی هەنگاو توانیویەتی ناسنامەی ۱۹۲ کەسی لەوان ئاشکرا بکات.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە تێکڕای ئەو ئەو منداڵانە لە ماوەی پێنج مانگدا (لە ۲٦ی خەرمانان هەتا ۱۲ی ڕێبەندانی ۱٤۰۱) دەسبەسەر کراون و لە کۆی ئەم ۱۹۲ منداڵە کە ناسنامەیان ئاشکرا بووە، ۳۳ کەسیان کچ و ۱٥۹ کەسی دیکەیان کوڕن. زۆرترین منداڵ لە شاری جوانڕۆ گیراون کە ناوی ۳۰ کەس لەوان تۆمار کراوە و هەروەها لە شارەکانی سنە ۲۱ منداڵ و لە سەقز ۱٤ منداڵ لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

بەپێی دوایین زانیارییەکان، بەشێکی بەرچاو لەم منداڵانە دوای چەند ڕۆژ و چەند حەوتوو لە ناڕوونیی چارەنووسیان بە واژۆکردنی بەڵێنی نووسراوە یان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون. ئەم منداڵانە دوای ئازادبوونیان لە بارودۆخێکی دەروونیی دژواردان، بەگشتی لەگەڵ هیچ کەس قسە ناکەن و تووشی گۆشەگیری و گرفتی دەروونی بوون. ئەمەش بووەتە بەربەست و کێشەیەکی سەرەکی بۆ پەیوەندی گرتن و قسەکردن لەگەڵ ئەم منداڵانە و بنەماڵەکانیاندا. بەگوێرەی زانیارییەکانی هەنگاو، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا منداڵانی دەسبەسەرکراو لەژێر لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی دڕندانەدا (توندوتیژی) بوون و هیچ کام لە مافەکانی پشتیوانیی منداڵان ڕەچاو نەکراوە. ئەم منداڵانە لە کاتی دەستبەسەربوونیاندا تەنانەت لە مافە سەرەتاییەکانی گەورەساڵێکیش وەک ئاگادارکردنەوەی بنەماڵە، پشکنینی پزیشکی و دەستپێڕاگەیشتن بە پارێزەر بێبەری و بێبەش بوون.

مەبەست لە زاراوەی "منداڵ" ئەو کەسانەیە کە تەمەنیان خوار ۱۸ ساڵە و بەپێی مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ بە منداڵ لەقەڵەم دەدەرێن

## خەڵاتی ساخارۆڤی ۲۰۲۳ ڕێزنان لە شۆڕشی ژینایە




پارلمانی ئورووپا ڕۆژی پێنجشەممە، ۲۷ی ڕەزبەر بەرزترین خەڵاتی مافی مرۆڤیی یەکیەتیی ئورووپا "ساخارۆڤ"ی بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ئێران بەخشی.

خەڵاتی ساخارۆڤ بۆ ئازادی بیرکردنەوە و بیروڕا کە جیا لە لایەنە مەعنەوییەکەی بایەخە مادییەکەی ٥۰ هەزار یۆرۆیە، بەرزترین خەڵاتە کە ساڵانە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە دەدرێتە چالاکانی مافی مرۆڤ یان کۆمەڵێک پرۆژە و چالاکی کە لە پێناو مافەکانی مرۆڤدا دەکرێن.

ڕۆبێرتا مێتسۆلا، سەرۆکی پارلەمانی ئوروپا لە کاتی ڕاگەیاندنی پێدانی خەڵاتەکە بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا رایگەیاند ڕۆژی کوشتنی ژینا وەک ڕۆژێکی ڕەش دەمێنێتەوە و کوشتنی دڕندانەی ئەو خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ئێرانە. ئەو گوتی ژینا بە بەخشینی گیانی بزووتنەوەیەکی وەڕێخستووە کە خەریکە مێژوو دەنووسێتەوە.

هێشتا دیار نییە بە ناوی ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییەوە چ کەس یان لایەنێک لە ڕێورەسمی بەخشینی خەڵاتەکە ئامادە دەبێت کە بڕیارە ڕۆژی ۲۲ی سەرماوەز لە شاری ستراسبۆرگی فەڕانسە بەڕێوە بچێت.

بەخشینی خەڵاتی ساخارۆڤ بە ژینا ئەمینی لە کاتێکدایە کە فشارەکان لەسەر بنەماڵە و پارێزەرەکەی لە لایەن ئێرانەوە هێشتا بەردەوامن و ساڵح نیکبەخت، پارێزەری بنەماڵەی ژینا ئەمینی چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە لایەن دادگای ئینقلابی ئیسلامی تارانەوە بە تۆمەتی "بانگەشە دژی حکومەت" بە ساڵێک بەندکران سزا درا.

# خەڵاتی ساخارۆڤ، دەسکەوت و دەرفەتێکی دی بۆ شۆڕشی ژینا


سمایل شەرەفی

هەروەک لە لەسەر کێلی گڵکۆکەی نووسرا، ناوی "ژینا" بۆ بە "ڕەمزێک"؛ ڕەمزێک بۆ بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی مودێرین دژ بە کۆنترین دەسەڵاتەکانی سەردەم، ناوێک بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕەشترین ڕەفتارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرانبەر بە کەسانێک کە بەدەستی بەتاڵ، بەڵام بیرێکی تەیار بە نۆرم و بەها مودێرنەکانی ئازادیخوازی و مافویستی، بەگژ دیکتاتۆریدا چوون. شۆڕشی ژینا بە درووشمی ژن، ژیان ئازادی ڕەهەندێکی جیهانیی بەخۆیەوە گرت و نەک هەر سەرنجی گشت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەڵکوو ڕێز و ستایشی هەموانی بۆ سەر خۆی ڕاکێشا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی (١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی زایینی) یەکیەتیی ئورووپا لە بڕیارێکی بەجێ و ئازایانەدا خەڵاتی ساڵانەی مافی مرۆیی ساخارۆڤی بە ناوی ژینا ئەمینییەوە بەخشییە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی. دانی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لەگەڵ ئەوەی دەسکەوتێکی دیکەی بۆ ئەم بزووتنەوەیەیە، هەڵگری چەند پەیامێکیشە: یەکەم ئەوەی ئەم خەڵاتە لە کات و ساتێکدا پێشکەش بە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دەکرێ کە بە هۆی شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلەوە، بیروڕای گشتی جیهانی و میدیاکان بەم ئەم شەڕ و ئاڵۆزیانەیەوە سەرقاڵە. کۆماری ئیسلامی کە هۆکاری سەرەکیی وەڕێخستنی ئەم شەڕە و قەیرانە نوێیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە، بەشێک لە ئامانجەکانی کەمکردنەوەی سەرنجی بیروڕای گشتی لەسەر پرس و بابەتە نێوخۆییەکانی وڵات بوو کە یەکیەتیی ئورووپا بە پێشکەشکردنی خەڵاتی ساخارۆف، توانی بۆ جارێکی دیکە سەرنجەکان بۆ نێوخۆی ئێران و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ڕابکێشێتەوە.

بەنێونەتەوەییبوونی بزووتنەوەی ژینا و ئاوڕدانەی دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی وەک یەکیەتیی ئورووپا لەم بزووتنەوەیە کە خەڵاتێکی پێگەداری وەک ساخارۆڤی پێشکەش دەکات، هەر لەجێدا دەسکەوت و سەرکەوتنێکی دیکەی بزووتنەوەی گەلانی ئێرانە. بە مانایەکی دیکە ئەم بزووتنەوە لەگەڵ ئەوەیکە بەتوندی لەلایەن دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەوڵی کپکردنی دەنگی درا، بەڵام دەرکەوت کە نەتەنیا دەمکوت و سەرکوتی قبووڵ نەکردوە، بەڵام توانیویەتی سەرنجی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی بۆلای خۆی ڕابکێشێ و بەزیندوویی بمێنێتەوە و درێژە بە بەردەوامیی خۆی بدا .

دانی ئەم خەڵاتە وەک بەرزترین خەڵاتی مافی مرۆڤی یەکیەتیی ئورووپا بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی هاوکات لەگەڵ بەرزنرخانی بزووتنەوەکە، مەحکوومکردنی تەواوی ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر و سیستماتیک، هەر لە تەقەی ڕاستەوخۆ لە خۆپێشاندەرانەوە بگرە تا سەپاندنی حوکمی ناڕەوا و ئیعدامکردنەکان کە بەرانبەر بە خەڵکی بێدیفاع بەڕێوەی بردوون. بێگومان بنەماڵەی قوربانیانی شۆڕشی ژینا بە تەرخانکردنی ئەم خەڵاتە بۆ ئەو بزووتنەوەی کە ڕۆڵەکانیان لە پێناویدا یا گیانیان بەخت کرد یا هەر ئێستا لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا حوکمی قورس و ناڕەوایان بەسەردا سەپێندراوە، خۆشحاڵن و شانازی پێوە دەکەن. هەروەک چۆن دایک و باوکی ژینا ئەمینی لە دوو پەیامی جیاوازدا وێڕای دەربڕینی پێخۆشبوونی خۆیان لەم کارە بەبایەخەی یەکیەتیی ئورووپا، بە شانازییەوە باس لە ڕۆڵە شەهیدەکەیان (ژینا) دەکەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئێستا سەرمەستی بۆنی خوێن و باڕووتی شەڕی حەماس و ئیسرائیلە و لە میدیاکانیەوە بێئەوەی شەرم لە ڕۆڵی شەڕنگێزانە و هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە خوێناوییە لەپێناو مەرامە ئیدۆلۆژییەکانیدا بکات و بە پیدانی تەرمی بێگیان و خوێناویی منداڵانی قوربانیی ئەم شەڕە دەیەوێ بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئیسلامی هەڵخرێنێ، بەشێک لە پیلانەکانی ئەوەیە سەرنجەکان لەسەر قەیران و ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆیشی کەم بکاتەوە. بەڵام ئەگەر تەنیا سەیرێکی ڕووداوەکانی دوو حەتووی ڕابردوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ هاوکات لەگەڵ شەڕی حەماس و ئیسرائیل خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەیان بە ناڕەزایەتی و ئەرک و بەرپرسایەتییە خەباتخوازییەکەیان داوە. خانەنشینان لەو ماوەیەدا لێبڕاوانە لە ناڕەزایەتییەکانیان بەردەوامن و لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی دەرهێنەری ناوداری ئێرانی، داریوش مێهرجویی و هاوسەرەکەیدا، لەگەڵ بەرزکردنەوەی درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، بە بەرزکردنەوەی درووشمی "نە غزە نە لوبنان، جانم فدای ایران" سیاسەتە شەڕەنگێزانەکانی ڕێژیمیان مەحکووم کردەوە.

بێگومان لەوەها هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە پشتیوانیکردن لە حەماس و هاندانی دژ بە ئیسرائیل شەڕێکی ناوچەیی ناوەتەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و میدیاکان سەرنجیان خستۆتە سەر ئەم ڕووداوانـە، تەرخانکردنی بەرزترین خەڵاتی مافی مرۆیی ساخارۆف لە لایەن یەکێک لە دامـەزراوە گەورە جیهانییە بڕیاردەرەکان (یەکیەتیی ئورووپا) بە ژیان ئەمینی و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، دەسکەوتێکی گەورەیە. ئەم ڕووداوە دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرفەتێکی نێونەتەوەییش بخولقێنێ، بۆیە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات پێویستە یەکگرتووانە ڕوانگە و ڕویکەردێکی جیهانی لە سەر ئاستی کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکانی بۆ خەباتی نێوخۆی وڵات دەستەبەر بکەن و بە پێچەوانەی سیاسەت و پلانەکانی تاران، کار لەسەر لەڕۆژەڤدا هێشتنەوەی بزووتنەوەی جۆراوجۆرەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا بکەن.

خالید عەزیزی:

# خەباتی ئێمە بۆ ئەوەیە نەهێڵین کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی خۆیدا سەرکەوتوو بێت

**ئاماژە: ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ لە فرانکفۆرتی ئاڵمان دوو هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ" و "هاوپێوندەیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا" کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیکیان بەڕێوە برد. ئەو دوو هاوپەیمانییە ڕایانگەیاندبوو ئەمانج لە بەڕێوەبردنی ئەو کۆنفرانسەی "لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک" فەرمیکردنی گەڵاڵەیەک لەژێر ناوی ئەسڵەکانی هاوبەش بۆ وتووێژ لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک بووە. لە پەراوێزی کاری کۆنفڕانسەکەدا "کوردکاناڵ" وتووێژێکی لەسەر بۆچوونەکانی حیزب لەسەر ئەو گەڵاڵەیە لەگەڵ خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە کە "کوردستان" پوختەکەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**



**کاک خالید ئەوە یەکەمین کۆنفڕانسە کە لەلایەن نەتەوەکانی ئێرانەوە بە بەشداریی بەشێک لە لایەنە فارسەکان بەڕێوە دەچێ. دەتوانرێ چاوەڕوان بکرێ بەم زووانە هاوپەیمانییەکی فراوان و گەورە دژبە ڕێژیمی ئێران پێک بهێنرێ؟**

یەکەم، ئێمە لایەنە سیاسییە کورد و غەیرە کوردەکان دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە هیچ لایەکمان بەتەنیا ناتوانین ئەو نیزامە لەنێو بەرین. دووهەم، دەبێ ئەو ڕاستییەش بە پێداگرییەوە قبووڵ بکەین کە پێویستیمان بەوەیە بەیەکەوە، لە دەوری یەک کۆ بینەوە و ئاڵترناتیڤێک لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی دروست بکەین. سێیەم، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، خەڵک لەنێوخۆی وڵات بە هەموو چین و توێژەکانەوە، ئەوەی لە دەستیان هاتووە لەدژی ئەو نیزامە کردوویانە. بەڵام نیزامێکی سیاسیی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا بە خۆپیشاندان ناڕووخێ و، دەبێ ئاڵترناتیڤی هەبێ. کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بۆ ئەوە بوو ئێمە چۆن بتوانین و چۆن دەتوانین ئەو ئاڵترناتیڤە دروست بکەین؟ ئەو لایەنانە کە بەیەکەوە ئەو گەڵاڵەیەمان هێناوەتەتە گۆڕێ، ئەمڕۆ لە باسەکاندا ڕامانگەیاند کە ئەو گەڵاڵەیە هی ئێمەیە و کاتێک ئەو گەڵاڵەیە خەڵکێکی زۆرتر لە دەوری کۆ ببێتەوە، ئەوکات دەتوانین نەخشەڕێگای سیاسیی داهاتووی خۆمان بخەینە قۆناغێکی دیکەوە.

هەڵبەت بەخۆشیەوە ئەمڕۆ لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە ئەو باسە لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە هاتە گۆڕێ. ئێمە مەرجی قورسمان دانەناوە، گوتوومانە دەبێ لە لانیکەمەکان دەست پێ بکەین و لەوێ بەیەکەوە ڕێکەوتن بکەین؛ دوایە وردە وردە بچینە سەر ئەو شتانە کە خاڵی سەرەکین. گرینگ ئەوەیە، ئێمە لەو بابەتانەوە دەست پێ بکەین کە لەسەریان کۆکین، نەک ئەو بابەتانەی جیاوازیی زۆرمان لەسەریان هەیە.

**خەڵک چاوەڕوانیی یەکگرتوویی زیاتری لە هێزە کوردییەکان هەیە. چاوەڕوان بوون ناوەندی هاوکارییش بەرفراوانتر ببێ. لە وەڵامی ئەو چاوەڕوانییەدا حیزبی دێموکرات ڕای چییە؟**

ستراتیژیی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران لەڕاستیدا ئەوەیە کە تێبکۆشین هەموو لایەنەکان لەو پڕۆسەیەدا بەشدار بن. ناوەندی هاوکاری کە کاتی خۆی دامەزرا و بەرهەمی هاوکاریی چوار لایەن بوو، لەو دواییانەدا ئەو چوار لایەنە بوون بە دوو لایەن و لەو دواییانەدا لەپێوەندی لەگەڵ چەندوچۆنیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێران و چۆنیەتیی یارگیری لەنێو لایەنە غەیرەکوردەکاندا، ڕاستییەکەی کۆمەڵێک کێشە و ناکۆکیمان لەنێواندا دروست ببوو. ئەمن پێموایە بە حوکمی ئەوەی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، باسگەل و ڕووداوی سیاسیی زۆر هاتووەتە گۆڕێ و ڕێگاچارەیان دەوێ و ئەو ڕێگاچارانەش پێویستییان بە بیرکردنەوە و بەدواداچوون و ئەوانەیە، سەیر نییە جاروبار لەگەڵ کێشە و ناکۆکییش ڕووبەڕوو بین. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ئەو بابەتانە تێدەکۆشین بە هەست بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵسوکەوت بکەین و پتر بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن بتوانین ئەو جیاوازییانە مودیرییەت کەین، واتە پێکەوە دانیشین و قسەیان لەسەر بکەین و جیاوازییەکان نەبێتە هۆی لێکترازانێکی زۆرتر و دووریی زیاتر. بەڕوونی لەبارەی ناوەندی هاوکارییەوە، بەڵێ ئێمە لە هەوڵداین تا لە چوارچێوی ئەو ناوەندەدا باس و گفتوگۆی زیاتر بێنینە گۆڕێ بۆ ئەوەی کە ناوەند بتوانێ بگاتە شوێنێک و ببێتە ستاتویەک کە کۆدەنگیی پتری تێدا بێ و خەڵکێکی زیاتر خۆی تێدا ببینێتەوە. یان ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆ ببینەوە بۆ مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شتێکی گشتگیرتر پێک بێنین. یەکساڵی ڕابردوو زۆر باسگەلی بەیەکەوە هێنایە گۆڕێ و ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد. بۆیە ئەمە تاقیکردنەوە و ئەزموونێک بوو بۆ ئێمە. هەمووی ئەوانە دەبێ بەدواداچوونیان بۆ بکەین بۆ ئەوەی لەژێر ئەزموونی یەکساڵی ڕابردوودا بەرچاوڕوونیمان هەبێ و مێتۆد و شێواز و ڕێگاچارەی دیکەش بێنینە گۆڕێ.

**وەک دەزانین لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهاندا هاوکێشەکان دۆخی نوێیان خوڵقاندووە. بۆ نموونە کێشەی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە ناگۆرنۆ یان ئارتساخ، شەڕی ئۆکراین کە ڕێژیمی ئێرانیش بە فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ڕووسیە لەم شەڕەدا بەشدارە. دەشزانین کە ڕێژیمی ئێران لە یەمەنیش یارمەتیی حووسیەکان دەکات و دۆخی ئێستای ناوچەکەش کە دەبینین بەتەواوی شڵەژاوە. کورد چۆن دەتوانێ ئەم هاوکێشە نوێیانە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بقۆزێتەوە؟**

ئەو پرسیارە دوو سێ لایەنی هەیە. لایەنێک ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بەراورد لەگەڵ جاران، کێشە و شەڕی ناوچەیی لە ڕەهەندی نێودەوڵەتیی زۆر تێدا هەیە. دەکرێ بڵێین هێندێک لەوانە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر پێوەی سەرقاڵە، بەتایبەتی مەسەلەی ئۆکڕاین. لەنێوان شەڕی ئۆکڕاین و ڕووسیەدا ڕاستییەکەی ڕێژیمی ئێران بێلایەن نییە. لەو شەڕەدا بەکردەوە ڕێژیمی ئێران کەوتووەتە دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوا و تا ئەو جێگایەی پێوەندی بەو شەڕەوە هەیە. کێشەکانی دیکە ناوچە لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمنستان و ئەو کێشانەی دیکە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گۆڕێدا هەیە. لە هەمووی ئەو کێشانەدا ڕێژیمی ئێران کەم و زۆر دەستی هەیە. ستراتیژیی ئێران ئەوەیە جیهان نائەمن بێ، شەڕ و کێشە لە دەرەوەی سنوورەکانی زۆرتر بن و جیهان بە کێشەکان و ئەو ناکۆکییانە سەرقاڵ بێ تا بەو جۆرە سەرنجیان نەکەوێتە سەر نێوخۆی ئێران و ئەوە کە لە نێوخۆی ئێراندا چ ڕوو دەدا. ئەوە بەشێکە لە فەلسەفەی "هەناردەکردنی شۆڕش" و سەرقاڵکردنی ناوچەکە. بەڵام ئەوە بۆ کورد چیی تێدا هەیە؟ لەڕاستیدا کێشەی کورد تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئێمە لەو باوەڕداین کە ئەو کێشانە لەنێوخۆی وڵاتدا چارەسەر دەبن. پرسی کورد لە ئێران پرسی خەبات بۆ دێموکراسی و سەقامگیرکردنی ئێرانێکی دێموکراتیک و ئازاد و فیدڕاڵە، لەوەشدا ئێمە خەریکی یارگیری و کارکردنین. هەر لەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا هاتووین بڵێین ئێمە ئێرانییەکان بە هەموو نەتەوەکان، کێشەی خۆمان بەیەکەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی مودیرییەت بکەین و لەوێ چارەی بکەین. هۆیەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ ئێران هەیە و بە عەقڵییەتی ئێمە و لە چاوی ئێمەمەوە، سەیری ئێران ناکەن. ئەوان لە سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا لە هاوکێشەکان دەڕوانن و تەبیعەتەن لەوێدا ئەولوییەتەکە ئەوەیە کێشەی دیکە نەیەتە پێشێ.

**بەڵام بفەرموون کورد بە گشتی لەوە چۆن کەڵک وەردەگرێ؟** پرسی کورد، پرسێکە لە چوار وڵاتی جیاوازدا و لە هەر وڵاتەش ڕێکار و تەبیعەت و سرووشتی خۆی هەیە. لە ئێران بەمجۆرەیە کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لە هەوڵداین لە پڕۆسەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و دروستکردنی ئێرانی داهاتوو دەورمان هەبێ و کاریگەری دابنێن و لەو پڕۆسەیەشدا مەسەلەی کورد و سیاسەتی خۆمان بێنینە گۆڕێ. سووریە تەبیعەتی خۆی هەیە و عێراق و تورکیەش هەروەتر و ئێمە دەستێوردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانەدا ناکەین و پێمان وایە ئەم بەشانەی کوردستان حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی خۆیان هەیە. بۆیە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە، چۆن زۆرترین دۆست و هاوپەیمانمان هەبێ، چۆن ئەزموون لە خەباتی ساڵی ڕابردوو وەرگرین و، چۆن نەهێڵین ستراتیژیی ئێران کە دەیەوێ مەسەلەی ئێران لەنێوخۆی وڵاتدا داپۆشرێ و پرسی کورد و خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کورد بە لاڕێدا بەرێ و لەژێر کاریگەریی سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا سەرنجەکان لەسەر ئەو باسە دوور بخاتەوە، ئێمە نەهێڵین ئەو شتانەی بۆ بچێتە سەر. بەهەرحاڵ ئێمە لەوانە غایب نین، بێتەفاوت نین و لەگەڵی دەڕۆین و لە هەموو بەشەکان مەبەستم پێوەندیدار بە ئێران کە لەوێدا حیزبی دێموکرات قسەی خۆی هەبێ و مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێرانی تێدا باس بکەین.

***

# چەندی و چۆنیی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی بەعس لە عێراق



عەلی بداغی

**"قاسملوو تەنیا ڕێبەری سیاسی بوو کە دەیتوانی لەگەڵ هەر دەوڵەت و لایەنێکی سیاسی دابنیشێ، قسەی خۆی بکا و ئازادیی سیاسیی خۆشی نەدۆڕێنێ."**

**جاناتان ڕەندال**

**ئاماژە:**
لەو ڕۆژانەدا بڵاوبوونەوەی وێنەیەکی شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ سەدام حوسێن، سەرکۆماری پێشووتری عێراق لە بەرنامەیەکی تۆڕی میدیایی "ڕووداو"دا دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. باسی نە هێندە تازە بەڵام گرینگی دوای بڵاوبوونەوەی ئەو وێنەیە پرسی چەندی و چۆنیی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی بەعس بوو. ئەم نووسینە بەکورتی ئاوڕ لەو بابەتە دەداتەوە.

**مێژووی ئەو وێنەیە:**
ئەو وێنەیەی لەو ماوەیەدا بڵاو کرایەوە خۆی بەرهەمی ڕووداوێکی مێژوویی پرسی کوردە. لە ماوەی زستانی ١٩٨٢ هەتا هاوینی ١٩٨٤دا چەند گەڕ وتووێژ لەنێوان حکوومەتی بەعسی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەڕێوە چوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەخسی د. قاسملوو وەک نێوبژیوان دەوری گرینگ و بنەڕەتییان لەو نێوەدا گێڕا. ئەم وتووێژانە بە هێندێ هۆکاری نێوخۆیی و لە سۆنگەی دەستتێوەردانی دەرەکییشەوە بەئاکام نەگەیشتن، بەڵام هەرلەوحاڵەدا بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەبات و تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانەی باشووری کوردستان دەسکەوتێک بوون.

ئەم وێنەیە لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەی وتووێژی یەکیەتیی نیشتمانی و حکوومەتی عێراقدا گیراوە کە شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک شاهید و لایەنێکی سێیەم تێیاندا ئامادە بوو. شاندی یەکیەتیی نیشتمانیی بۆ ئەم وتووێژانە لە نەمر مام جەلال تاڵەبانی و چەند ئەندامی ڕێبەریی یەکیەتی بۆ وێنە کاک نەوشیرەوان مستەفا پێکهاتبوو. لە قۆناغەکانی پێشتر و دواتریشدا شەهید دوکتور قاسملوو و بەگشتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیاندا ئەوەندەی لە توانایاندا بووە تێکۆشاون سەرنجی حیزب و دەوڵەت و کەسایەتییە بیانییەکانیان بۆ لای پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕابکێشن و بەشێک لە پرۆژەی چارەسەر بن. بنەمای پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لەسەر ئەو بنەڕەتە بووە کە ئەو پێوەندییانە نەک هەر لەسەر حسێبی خەڵک و بزووتنەوەی ئەو بەشەی کوردستان نەبن، بەڵکوو ئەوەندەی بکرێ کۆمەگ بە پاراستنی بەرژەوەندی و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد لە باشوور و هەموو بەشەکانی کوردستان بکەن.

**پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی عێراق**
دابەشبوونی مێژوویی کوردستان بە سەر چوار وڵات لە یەک سەدەی ڕابردوودا و سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی لەو وڵاتانە کە ئامادە نەبوون دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا بنێن، بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستانی ناچار کردوە کە بۆ کۆمەگ بە بەردەوامبوونی خۆی و دەستڕاگەیشتن بە دنیای دەرەوە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی حاکم بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دوای نسکۆی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و پەڕیوەبوونی بەشێک لە کادری ڕێبەری و تێکۆشەرەکانی بۆ باشووری کوردستان پێویستیی بە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق هەبووە.

لە نیوسەدەی ئەم دوایییەدا یەکەم گەراکانی پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیی عێراق دوای بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە ئاگاداری و هاوکاریی پارتی دێموکراتی کوردستان دانران. تەنانەت شەخسی مەرحووم مەلامستەفا بارزانی و خوالێخۆشبوو سامی عەبدولڕەحمان کە ئەوکات وەزیری کاروباری باکوور لە کابینەی ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، لە گرێدانی ئەو پێوەندییەدا ڕۆڵی بنیاتنەریان هەبوو. دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزب کە دواتر زۆرترین نەخشی لە پەرەسەندنی ئەو پێوەندییانەدا هەبوو، بە پێداگری لە سەر خاڵە هاوبەشەکان کۆمەڵێک بنەمای ئوسوولیی بۆ ئەو پێوەندییە پێناسە کردبوو، واتە پێوەندییەکە بەڕەسمی و بەڕاشکاوی لەسەر چەند بنەما دامەزرا. وەک : هەردوو لا باوەڕیان بە پرەنسیپەکانی سۆسیالیزم هەیە، هەردوو لا لە بەرەی دژی ئیستیعماریدان و هەردوو لا باوەڕیان بە چارەسەری کێشەی کورد بە شێوەی خودموختاری هەیە. هەر لەو پێوەندییەدا و لەو کاتدا کە بەهۆی ڕێککەوتنی ئادارەوە شەڕ ڕاگیرابوو، و پێوەندییەکانی نێوان ڕێبەرایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی عێراق بەباشی دەچوونە پێش؛ د. قاسملوو بەسەراحەت ڕایگەیاند: "ئێمە هەم دۆستی ئێوەین، هەم دۆستی پارتی دێموکراتی کوردستانین. بۆ ئێمە زۆر جێگای خۆشحاڵییە کە هەردوو دۆستەکەشمان پێکەوە دۆستن. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک خودا نەخواستە ئەو دۆستایەتییە تێک بچێ، ئێمە نە دۆستایەتیی ئێوە بۆ پارتی وەلا دەنێین، نە دۆستایەتیی پارتی بۆ ئێوە وەلا دەنێین."(١) واتە هەر لەسەرەتاوە بە حکوومەتی عێراقی ڕاگەیاند کە ئەگەر ڕۆژێک لەنێوان دۆستەکانیدا شەڕ ڕوو بداتەوە، حکوومەتی عێراق نابێ ئەو چاوەڕوانییەی هەبێ حیزبی دێموکرات لایەنی ئەو بگرێ و لە دژی کوردی عێراق هەڵوێستی هەبێ و بەم جۆرە بناخەی سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لە لای دەوڵەتی عێراق جێگیر کرد.

ئەمە هەر لەجێدا دەرکەوتنی "سەربەخۆیی سیاسی" وەک پرەنسیپی نەگۆڕی حیزب بوو کە لە هەموو مێژووی حیزبی دێموکراتدا بەشێک لە وێژمانی ڕەسمیی حیزب بووە کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو، واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو پێوانە بۆ حیزبی ئێمە سەربەخۆیی بڕیاردان و قازانجی میللەتەکەمانە. نەمر دوکتور قاسملوو هەروەها لە زۆر بەڵگە و دێکیۆمێنتی حیزبیدا پێداگریی لەسەر ئەوە کردوە کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی سەربەخۆیە و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو شتێکی دیکە بەلاوە گرنگترە. ئەوەی بە قازانجی خەڵکی کوردستانی بزانێ جێبەجێی دەکات و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ نەزەری خۆی بەسەردا بسەپێنێ.

تەنانەت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و پاش سەپێندرانی شەڕ بەسەر کوردستان لەلایەن حکوومەتی تارانەوە و هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا و لە کاتێکدا حیزبی دێموکرات و حکوومەتی عێراق ئێستا ئیدی یەک دوژمنی هاوبەشیان هەبوو و بەڕواڵەت دەبوو لە بەرەیەکدا بووایەن، حیزبی دێموکرات نەک هەر ئامادە نەبوو بچێتە بەرەی دەوڵەتی عێراقەوە بەڵکوو بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ڕایگەیاند ئەگەر کۆماری ئیسلامی وەک پرەنسیپ وەڵامی ئەرێنی بە داخوازییەکانی کورد بداتەوە و مافی خودموختاری بۆ کوردستان بەڕەسمی بناسێ؛ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان شانبەشانی سوپای ئێران دەچنە بەرەی شەڕەوە. هەڵوێست لەسەر بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو کە حیزبی دێموکرات بە عەمەلیاتی فاشیستیی ناو برد، بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، هاوکاریی‌نەکردنی نیزامی و هەواڵگریی حکوومەتی عێراق لە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا و، نێوەندگیری و یارمەتیدانی خەباتی سیاسیی کورد لە باشووریش تەنیا چەند بەڵگەیەکی بچووکی دیکە بۆ دەرخستنی بایەخەکان و چەندوچۆنیی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حکوومەتی عێراقن. بۆیە مێژووی چەند دەیە پێوەندیی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیی عێراق و وردەکاری و چەندوچۆنیی ئەو پێوەندییانە بەڵگەی ڕووسووری بۆ حیزبی دێموکراتە کە لە هەموو قۆناغ و پێچوگەوەکانی ئەو پێوەندییانە بە سەربڵندی هاتە دەر. "حاشای لێ‌ناکرێ کە دەوڵەتی عێراق ئەو دەوڵەتە بووە کە حیزبی دێموکرات پێوەندییەکی بەردرێژی لەگەڵیدا هەبووە. لەگەڵ ئەوە کە هاوکاریی ماددی و کارئاسانیی لۆجیستیکیی بەغدا بۆ حیزبی دێموکرات شتێکی حاشاهەڵنەگرە، یەکێک لە خاڵە هەرە درەوشاوەکانی کارنامەی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە هەرگیز حازر نەبووە بەهۆی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی عیراق کەمترین زیان (تەنانەت بە هەست بریندارکردنیش) بە بزووتنەوە و خەڵکی باشووری کوردستان و سەرانسەری عێراق بگەیەنێ. تەنانەت لەسەر ئاستی نیزامییش، لەحاڵێکدا کە شەڕی ئێران و عیراق و خۆڕاگریی چەکدارانەی کوردی ڕۆژهەڵات هاوکات بوون، حیزبی دێموکرات نەک هەر قەت حازر نەبوو هێز و بەرەی شەڕی خۆی دژی ڕێژیم لەگەڵ سوپای عیراق یەک بخا. (٢)

پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس (٢٠٠٣) تەواوی بەڵگە نهێنییەکانی عێراق کەوتنە دەست ئەمریکایی، عێراقی و کوردەکان. زۆر کەس لە نەیارانی کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبەکانی بەتایبەت کۆماری ئیسلامی، بەدوای بەڵگەیەکدا دەگەڕان کە بتوانن لەدژی حیزبی دێموکرات بەکاری بێنن، بەڵگە لەسەر هێندێ کەس و لایەن دەرکەوتن، بەڵام لەسەر کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات هیچیان دەست نەکەوت. یانی نەک هەر یەک بەڵگەش نەدیتراوە کە حیزبی ئێمە بڕیارێکی لەدژی بزووتنەوەی کوردی باشوور یان هیچ شوێنێکی دیکە دابێ، یان لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی ئەوان کارێکی کردبێ. د. مەحموود عوسمان، پارلمانتاری پێشووی عێراق و کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی باشووری کوردستان لەو سەروبەندەدا لە کۆڕێکی سیاسیدا بە گێڕانەوەی مێژووی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیی عێراق ڕایگەیاند حیزبی دێموکرات ڕووسوورە لە مێژووی کورددا و بۆ ئەم ڕووسوورییەش تێچووی زۆری داوە: "کوردی عێراق وەکوو نەتەوە هەمیشە دۆست و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات بوون و خەڵکی کوردستانی ئێرانیش هەمیشە لەکاتی پێویستدا بە هاواری کوردی عێراقەوە هاتوون و لەو پێوەندییەشدا حیزبی دێموکرات نەخشی سەرەکیی هەبووە. هەروەها حیزبی دێموکرات لە پێوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراقیشدا هیچکات زەرەری لە کوردی عێراق نەداوە، بۆخۆی زەرەری کردوە و ئامادە بووە قازانج و بەرژەوەندیی خۆی وەلا بنێ، بەڵام هیچ زیانێک لە کوردەکانی عێراق نەکەوێ. ئەو هەمووە فایلەی کە دوای ڕووخانی حکوومەتی عێراق لە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و (موخابرات)ی عێراق دەستی حکوومەتی نوێ، خەڵک و هێزە سیاسییەکان کەوتوون، نەک هەر هیچ شتێکی نەرێنییان لەسەر حیزبی دێموکرات تێدا نەبوو، بەڵکوو زۆر شتی ئەرێنیشیان بۆ حیزبی دێموکرات تێدابوو کە جێی شانازیین."(٣)

**ئاکامگیری:**
پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لە هەموو قۆناغ و بڕگە مێژووییەکاندا پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو. ئەم ڕابردووە ئەوەندە خاوێنە کە نە بۆ حاشالێکردن، بەڵکوو بۆ لێ‌فێربوون دەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەردەوامیی خەباتی سیاسیی خۆیدا و بەپێی سروشتی خەبات و تێکۆشانەکەی هەمیشە فاکتەری پێوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بۆ گرینگ بووە، بەڵام لە هەموو کات‌وساتێکدا ئەگە بە زیانیشی شکابێتەوە پرەنسیپەکانی خۆی ڕەچاو کردوون و پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی و پێویستیی پاراستنی لە تەواوەتیی خۆیدا یەکێک لەو پرەنسیپە نەگۆڕانەی حیزبی دێموکراتن. پرەنسیپێکی نەگۆڕی دیکەی ئەم حیزبە ڕاگرتنی سنووری نێوان دۆستایەتی و بەستراویی سیاسی لە پێوەندییە هەرێمی و نێونەتەوەییەکان‌دایە کە لەم نووسینەدا بە پوختی باسی کرا. دوو دەیە پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای شانازی‌کردن بە مێژووی هەڵوێست و بایەخە ئوسوولییەکانی لە پێوەندییە دوولایەنەکانیدا، بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک و حکوومەتی عێراق پشت بە ئەزموونی دەوڵەمەند و پاشخانی بەهێزی لە بنەما دروستەکانی پێوەندییەکانی لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا دەبەستێ.

***



مولازم سەید کەریم، مولازم عومەر، مەلا بەختیار، د. قاسملوو (وەفدی وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی عێراق – ١٩٨٤)



**سەرچاوەکان:**
١- "ئەزموونی خەبات"، ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، لاپەڕەی ٧٣
٢- د. ئاسۆ حەسەن‌زادە، پارا-دیپلۆماسیی کورد: ئاوڕێک لە سێ چارەگە سەدە پێوەندیی نێونەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کتێبی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، گەلاوێژی ١٣٩٩
٣- "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٩، ٢٢٧ ژووئیەی ٢٠٠٣ (٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٢)

# لێکدانەوەی پسپۆڕانی ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک لەسەر شەڕی حەماس-ئیسرائیل و کاریگەرییە نێونەتەوەییەکانی



و: کەماڵ حەسەنپوور

## شەڕی حەماس و ئیسرائیل

بەشی هەرە زۆری ٢٠٢٣، قەیرانێکی سیاسیی جەمسەرکار ئیسرائیلی ئیفلیج کردووە و خودی شوناسی وڵاتی خستۆتە مەترسییەوە. پاشان، لە حەوتی ئۆکتۆبر، تەقریبەن ٥٠ ساڵ دوای ئەو هێرشەی شەڕی یوم کیپۆری لێ کەوتەوە، حەماس هێرشێکی ڕووهەڵماڵاوانەی کردە سەر باشووری ئیسرائیل. دەسەڵاتدارانی سیاسیی ئیسرائیل، ڕێبەریی سەربازی و ئاژانسە هەواڵگرییەکان ئەوجارەش تووشی سورپرایز بوون. لێرە، تاقمێک پسپۆڕی ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک، هێرشەکەی سەر ئیسرائیل و کاردانەوە نێونەتەوەییەکان بە سەرنجدان بە لێدوانی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل کە گوتی "شەڕێکی درێژمەودا و دژوار دێتە ئاراوە"، هەڵدەسەنگێنن.

### ئیسرائیل تووشی سورپرایز بوو
### جان چیپمەن

سەرۆکوەزیران ناتانیاهو زۆربەی کاتی ئەوساڵی بۆ چاکسازییە جێگای مشتومڕەکەی دادوەری و پێراگەیشتن بە مۆرە توندڕەوەکانی هاوپەیمانییەکەی تەرخان کرد. بۆ گەلێک ئیسرائیلی، سەرۆکوەزیران سروشتی دیموکراسی ئیسرائیلی بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دەسەڵاتی دادوەریی لە مەترسی هاویشتبوو. ئەو هەروەها بە پاشەکشەی بەرچاو بۆ ڕاستڕەوە ئایینییەکان ببووە هۆی نیگەرانیی زۆر کەس کە وڵات تووشی دیکتاتۆریی ئایینی بکات.

شین بێت، ئاژانسی هەواڵگریی ئیسرائیل، ئاماژەی بە جەمسەربەندییەکەی دانیشتووانی ئیسرائیل وەک سەرقاڵیی نێوخۆیی کردبوو. داوا نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەی توندڕەوی جوولەکە زەرەری بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی هەبوو و، تووڕەیی زۆرینەی سێکولار لە زێدەمافییەکانی پێشکەشکراو بە کەمینەی پەرەئەستێنی جوولەکەی ئۆرتۆدۆکس، ڕیزپەڕبوونیان لە خزمەتی سەربازی و بەکردەوە لە کارکردن، یەکگرتوویی کۆمەڵگە، کە دەوڵەتی ئیسرائیل هەمیشە پشتی پێ بەستووە، لە مەترسی هاویشتبوو.

ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەرانی سەربازیی نیگەران بوون کە ئەو ڕووداوانە ئامادەیی سەربازیی ئیسرائیلیان لاواز کردووە. لە نێوان مانگەکانی مارس تا جولای، یەدەگی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل خۆیان لە ڕاهێنانەکانیان بوارد، ڕاهێنەرانی فڕۆکەوانیی هێلیکۆپتەر نەچوونە سەر کارەکانیان و ئەندامانی یەدەگی هێزە تایبەتییەکان خۆیان بۆ خزمەتگوزاریی خۆبەخشانە ڕانەگەیاند. هەموو ئەوانە وەک نارەزایەتی لە ئاراستەی سیاسەتی وڵات بوو. زۆر کەس نیگەرانی کەمایەسیی ئامادەیی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، پەرەپێدانی تواناکانیان و لەوەش گرینگتر، 'تایبەتمەندیی چاوترسێنکەرانەیان' بوون.

هاوکات، سەرۆکوەزیران، بەرین کردنی ڕێککەوتنی ئیبراهیم بە شێوە و ئامرازی جیاوازی خستەسەرەوەی لیستەی ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوە. خەڵاتی کۆتایی، ئاسایی‌کردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی دەستنیشان کرا. دامودەزگای ئاسایشی نەتەوەیی، لە نێویاندا ڕێبەریی موساد، بۆ گەیشتن بەو ئاکامە سەرقاڵ کرا، کە لە سێپتەمبەر ئەگەری سەرکەوتنی وەک ٥٠٪ مەزەندە دەکرا. توانجەکە لێرەدایە کە دەستنیشانکردنی 'لایەنی فەلەستینی' ڕێککەوتنە مەزنەکە لەگەڵ عەرەبستان، بەشێکی گرینگی خولیا مەزنەکە بۆ 'بەرفراوانکردنی ئاڵقەی ئاشتی' بوو. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ئاسایی‌کردنەوە، ئەو بەشە پەراوێز دەخرێ.

بۆ ماوەی چەند مانگ، ئەو دوو ئاڵنگارییەی مامەڵەکردن لەگەڵ نارەزایەتیی سیاسی و ئایینی و هەوڵی هاوکات بۆ جێبەجێ‌کردنی ڕێککەوتنێکی بەرفراوان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی، دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەییان سەرقاڵ کرد.

ئێستا ئاشکرا نییە ئاخۆ نیشانەکانی هۆشداریی هێرشەکە نەبینران یان هۆشداریی درا بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی لێ نەکەوتەوە؟ ئەو پرسیارانە تەنیا لە لێکۆڵینەوەی پاش جەنگ لەسەر هەلومەرجی هەواڵگری دەتوانێ بەدروستی وڵامیان بدرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ ناتوانێ خۆ لەو دەرئەنجامە ببوێرێ کە چاوانێکی زۆر، کە خەریکی ڕوانینی نێوخۆ و دووردەست بوون، بەگوێرەی پێویست نەیانتوانی جەخت بکەنە سەر ئەو هێرشەی کرایە سەر سنووری باشوور.

### لایەنە فەلەستینییەکان
### لەیس ئەلجەلونی

هێرشی حەماس بۆتە هۆی یەکگرتوویی کاتی لە نێوان لایەنە فەلەستینییەکان، بە تایبەت لەگەڵ لایەنی ڕکابەر واتە ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین لە کەناری ڕۆژاوا. کاردانەوەی سەرەتایی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین، ڕەواییدان بە هێرشەکان بوو و ئەوانی وەک 'بەرپەرچدانەوە'ی پێشێلکارییەکانی ئیسرائیل دژی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و کریستیان لە ئۆرشەلیم' وەسف کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، وێدەچێ ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین نیگەرانی سەرکەوتنی سەربازیی سەرەتایی حەماس و هەڵکشانی خۆشەویستییەکەی لەنێو فەلەستینییان بێ. ڕاپرسییەک کە لە سێپتەمبەر بەڕێوە چوو نیشانی دا سەتا ٥٣ی فەلەستینییەکان پشتگیری لە بەرگریی چەکدارانە دژی ئیسرائیل دەکەن. ڕێبەریی بەڕێوەبەرایەتیی فەلەستین، مەحمود عەبباس، دەنگی نزمی هێنایەوە و لە ئەگەری هەڵبژاردنی سەرکۆماری، زۆربەی فەلەستینییەکانی کەناری ڕۆژاوا و غەززە گوتیان دەنگ بە ڕێبەری حەماس، ئیسماعیل هانیە، دەدەن. حەماس هەوڵ دەدا لە هێرشەکەی، کە نەبەزیی ئیسرائیلی تووشی ئاڵنگاری کردووە، بۆ نیشاندانی بەکەڵکبوونی بەرگریی سەربازیی لە بەراورد لەگەڵ شکستی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین بۆ پێشوەچوون بەرەو دەوڵەتێکی فەلەستینی لە ڕێگای وتووێژ، کەڵک وەرگرێ.

مەترسییەکی دیکە ئەوەیە ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین کۆنترۆڵی دۆخی ئەمنییەتی کەناری ڕۆژاوا لەکیس بدا. بەرپەرچدانەوەیەکی سەخت لەلایەن ئیسرائیل لە غەززە، دەتوانێ خەڵکی مەدەنی فەلەستینی لەوێ بورووژێنێ و تەنانەت ببێتە هۆی ڕاپەڕین. سەرکەوتنی سەربازیی حەماس هەروەها ڕەنگبێ ببێتە هۆی هاندانی میلیشیاکانی دیکەی فەلەستین لە کەناری ڕۆژاوا، لە نێویاندا ئارین ئەلئوسود، جیهادی ئیسلامی و تیپی جەنین تا هێرشی سەربازیی بکەنە سەر ئیسرائیل.

### ئاسایی‌کردنەوەی سعودی-ئیسرائیلی
### حەسەن ئەلحەسەن

شازادەی جێنشینی سعودی، محەممەد بین سەلمان لە وتووێژێکدا لەگەڵ فاکس نیوز لە سێپتەمبەر لە لێدوانێکی خۆشبینانە لەمەڕ خێرایی وتووێژی ئاسایی‌بوونەوەی سعودی-ئیسرائیلی گوتی: "ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نزیکتر دەبێتەوە". بەڵام دەستپێکی شەڕی ئیسرائیل-حەماس وێدەچێ ڕێککەوتنی سعودی-ئیسرائیلی لەسەر مێز نەهێشتبێ، لانیکەم لە ئێستادا. لە کاتێکدا کە عەرەبستانی سعودی داوای هێورکردنەوەی دۆخەکە دەکا، دەنگی خۆی خستۆتە پاڵ دەنگی کووەیت، عوممان و قەتەر و تاوانەکە داوێتە ئەستۆی توندوتیژیی دەسەڵاتی داگیرکارانەی ئیسرائیل. سەرەڕای سوودە ستراتێژیکییەکەی عەرەبستان لە پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، تێچووی نێوخۆیی و ناوچەیی هەوڵدان بۆ ئاسایی‌کردنەوەی پەیوەندییەکان لە کاتی قەیرانی هەنووکەییدا، گەلێک بەرچاو دەبێ.

بەپێچەوانەی هەڵوێستی عەرەبستانی سعودی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئیسرائیل قووڵتر کردۆتەوە و دەڵێ "زەندەقی" لە بەئامانجگیرانی خەڵکی مەدەنی لە ئیسرائیل چووە. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی هەڵوێستێکی توندی دژی ئیخوان ئەلموسلمین و تاقمە لایەنگرەکانی وەک حەماس گرتووە کە پێی وایە هەڕەشە لە ئەمنییەتی دەکەن.

دەوڵەتانی عەرەبی کەنداو وێدەچێ نیگەرانی ئەوە بن کە قووڵتربوونەوەی قەیرانەکە ببێتە هۆی تەشەنەکردنی کێشەکە بۆ ناوچەی ئەوان. داگیرکردنی غەززە لە لایەن ئیسرائیل، دەتوانێ ببێتە هۆی تێوەگلانی حیزبوڵڵا کە ئەویش دەستێوەردانی ئەمریکای بەدواوە دەبێ. وەکوو تۆڵە، ئێران و تاقمە هاوپەیمانەکانی ڕەنگبێ بنکەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو بکەنە ئامانج، ئاستی شەڕەکە بگەیەننە شەڕێکی ناوچەیی.

سەرکەوتنی سەرەتایی چاوەڕواننەکراوی حەماس دژی هێزی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئیسرائیل، نیشانەی توانایی ئێران لە دەست وەشاندن بە هۆی هاوپەیمانە نادەوڵەتییەکانی لە ناوچەدا، لە ئاستێکی بەرزترە.

ئەگەر ئێران سوود لە سەرهەڵدانی شەڕێکی درێژخایەن و دژوار لە نێوان ئیسرائیل-حەماس وەرگرێ، دەوڵەتە ڕکابەرە عەرەبەکانی کەنداو لە درێژخایەندا ناچار دەبن بیر لەوە بکەنەوە چۆن تواناییەکانی ئێران لە کەڵکوەرگرتن لە بەکرێگیراوە چەکدارەکانی بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری ناوچەیی، سنووردار بکەن.

### ئاسەوارە ناوچەییەکان
### ئێمیل هۆکایەم

شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس کاردانەوەی ماڵوێرانکەری بۆ ناوچەکە دەبێ. ئەو گورزە مرۆیی، ئۆپەراسیۆنی وستراتێژیکەی حەماس لە ئیسرائیلی دا و تۆڵەی چاوەڕوانکراوی ئیسرائیل، ڕەنگبێ لە تیکهەڵچوونەکانی ١٩٨٢ بەولاوە کە بووە هۆی داگیرکردنی لوبنان لە لایەن ئیسرائیل، مەزنتر بێ.

قەیرانەکە دەتوانێ ببێتە هۆی لێکهەڵوەشانی پرۆسەی هێورکردنەوەی نێوان زلهێزانی ناوچە لەو ساڵانەی دواییدا و پێشتری‌دان بە هاوپەیوەندیی ئابووری و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری. ڕێککەوتنی ئیبراهیم، بەرهەمی بۆچوونێکی ئەوتۆ بوو و، وتووێژەکانی نێوان ئیسرائیل-عەرەبستانی سعودی ئاکامی ئەقڵانیی ئەو بۆچوونە بوو.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ ئێران تێکەڵی کێشەکە دەبێ و ئەگەر ئەو کارە بکات، ئاخۆ ئەوە بە ویستی خۆی دەبێ یان پەلکێش دەکرێ. هۆیەکی باش هەیە کە پێمان وابێ ئێران نایهەوێ ڕاستەوخۆ بەرەوڕووی ئیسرائیل بێتەوە و بەو جۆرە مانۆڕ بدا.

بەڵام پرسیاری پیکهاتەیی درێژخایەنتر هەن. سەرهەڵدانی حەماس وەک ڕێکخراوی سەرەکی و بێ ڕکابەری فەلەستینی کاریگەریی بەردەوامی دەبێ، وەکوو لە دۆخی حیزبوڵڵا لە ٢٠٠٦ بینرا. ئەو پێگە و دەستڕۆیشتوویی نوێی لەناو ڕێژەیەکی زۆر عەرەب وەدەست هێناوە. چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی حەماس لەو سامانە لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی زەبەلاحی سەربازیی ئیسرائیل لەوانەیە ببێتە هۆی ناسەقامگیریی چەند دەوڵەت.

قاهیرە و ئەممان، کە سیاسەتیان کۆنترۆڵکردنی تاقمە ئیسلامییەکانی پشتیوانی سەپاندنی دەسەڵاتی فەلەستین بووە، لە ترس و دڵەڕاوکێ دان. بۆ میسر، داگیرکردنەوەی غەززە بە مانای کێشەیەکی چالاک لە سنوورەکەیەتی. ناسەقامگیری، توندئاژۆیی و دزەکردنی مرۆڤان لە شێوە دوورگەی سینا گیر و گرفتی سەرەکیی ئاسایشی نێوخۆیی دەیەی ڕابردوو دەتوانێ سەر هەڵداتەوە. شا عەبدوڵڵای ئوردون لە وتووێژێکدا گوتوویەتی "ئەمن پێتانم گوت". ئوردونییەکان لە جەختی بەردەوامی ڕۆژاوایی و دەوڵەتانی کەنداو لە سەر ئاسایی‌کردنەوە لەگەڵ ئیسرائیل لەسەر حیسابی سەقامگرییەکی بەردەوامی کەناری ڕۆژاوا و غەززە تووڕە بوون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە زۆرینەی دانیشتووانی ئوردن بە ڕەچەڵەک فەلەستینی یان پەنابەری فەلەستینین، شەڕێک لە دراوسێیەتیان دەتوانێ کۆمەڵگەی ئوردن ناسەقامگیر بکات. قاهیرە و ئەممان بەرژەوەندییان لە هاوکاریی یەکتر لە کاراکردنی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیان و دامودەزگا هەواڵگرییەکانیان دایە.

بەپێچەوانە، قەیرانەکە تورکیە و قەتەری زەق کردۆتەوە. هەردوو وڵات پەیوەندی باشیان لەگەڵ حەماس هەیە، میوانداریی ڕێبەران و مێدیاکانیانن و پشتگیریی ئابوورییان دەکەن. ئەوان دەتوانن پێشنیاری نێوبژیوانیی بکەن، بەڵام مەترسیی ئاشکرابوونی بێ‌کەڵکبوونیان هەیە. ئەوان بەوە تاوانبار دەکرێن کە بەنهێنی حەماس پەروەردە دەکەن.

جێگای ئاماژەیە قەیرانەکە بۆتە هۆی پەراوێزخستنی عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی. ئەوەی دواتر پێشەنگی ئاسایی‌کردنەوەی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل بوو، بەڵام لە بیروڕای گشتیی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەو وڵاتە توانایییەکی زۆر کەمی بۆ هێورکردنەوەی سیاسەتی ئیسرائیل هەیە. لەگەڵ بەرەوپێش‌چوونی شەڕێکی خوێناوی، عەرەبستانی سعودی نیگەرانی کاردانەوەی چاوبڕکێنەکەی لەگەڵ ئیسرائیلە. پساندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل وێناچی ڕوو بدا و هەردوو ڕیاز و ئەبوزەبی، حەماس وەک هەڕەشەیەکی ئایدیۆلۆژیکی و ئەمنییەتی سەیر دەکەن.

### کۆماری ئیسلامیی ئێران
### جان ڕاین

ڕەنگبێ هەردوو -ئێران و حەماس- هیوادار بن ئەو شەڕە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشتیوانیی بەربەرین بۆ پرسی فەلەستین و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل. ئەگەرچی هێندێک خۆپیشاندانی جەماوەریی زۆرتر لە وڵاتانی خاوەن دەوڵەتی لاواز یان ئەو شوێنانەی نفوزی ئێران زۆرە ڕوویان داوە، بەڵام هێشتا بۆ کشانەوەی وڵاتانی ناوچە لە ئیسرائیل یان بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵی مەودایەکی زۆر ماوە. ڕەنگبێ زۆر هۆ بۆ ئەو کارە هەبن: ماندوویی، سەرلێشێواوی یان بێ‌متمانەیی بە پرسی ئیسلامی، کە حەماس بە هەمان ڕادە لە غەززە نوێنەرایەتیی دەکات؛ بێ‌مەیلی یان مەترسییەک کە ئەو کارە بۆ دەسکەوتە ڕێژەییەکەی هێورکردنەوەی ئەو دواییانەی ناوچەیی هەبووە و، لە ڕوانگەی ڕێبەرانەوە خۆ لادان لە سیاسەتێک کە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی سەپاندبێتی. پووشوویەکە ڕەنگبێ هێندە ویشک نەبووبێ کە حەماس یان ئێران هیوایان بۆ دەخواست.

لە کاتێکدا کە ئێران و حیزبوڵڵا لەگەڵ حەماس "بەرەیەکی یەکگرتووی" خەیاڵییان پێکهێناوە، هێشتا نەیتوانیوە بیسەلمێنی لە تاقمەکانی دیکەی دوژمنی ئیسرائیل لە ڕابردوودا، کاریگەرتر و یەکگرتووترە. هەردوو ئێران و حیزبوڵڵا بە ئاشکراترین شێوە چەپڵەیان بۆ حەماس لێداوە، بەڵام ئاخۆ ئەوان ئامادەن سامانەکان و داهاتوویان بە شەڕ لە پەنا حەماس بخەنە مەترسییەوە، هێشتا ماویەتی ئەوە بسەلمێنن. تاران و حیزبوڵڵا لەو ساڵانەی دواییدا وریا بوون خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و پڕ تێچوو لە ترسی ئاسەوارەکانی بۆ سەر پێگەی نێوخۆییان ببوێرن. ئیسرائیل توانایی خۆی لە ڕێگای بەئامانجگرتنی تواناییەکانی ئێران لە دەرەوەی ناوچە و هەروەها بە ئۆپەراسیۆنی هەنگیو لە نێوخۆی ئێراندا پشتڕاست کردۆتەوە. بڕیارێکی دژوار بۆ ئێران و هەروەها حیزبوڵڵا ئەوە دەبێ کە ئاخۆ چۆن وەڵامی داواکارییەکانی حەماسێکی گەمارۆدرا و بچووک بۆوە بە هۆی هەنگاوی سەربازیی ئیسرائیل، بۆ دەستێوەردانی سەربازیی بدەنەوە. بێتوو ئەوان بڕیاری یارمەتیدان بدەن، دەبنە داگیرسێنەری شەڕێک لەگەڵ ئیسرائیل. بێتوو خۆ لەو کارە ببوێرن، مەترسیی بنکۆڵکرانی متمانە بە "بەرەی یەکگرتوو" دروست دەبێ. هەموو پشتیوانییەک بێجگە لە یارمەتیی ڕاستەخۆ لە شەڕدا، ڕەنگبێ بژاردەی دڵخوازیان بێ.

### لوبنان و حیزبوڵڵا
### ریم مومتاز و ئێمیل هۆکایەم

لەو کاتیەوە هەواڵی هێرشی حەماس بڵاو بۆوە، ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە ئاخۆ تاقمی میلیشیایی لوبنانی، حیزبوڵڵا، بەرەیەکی دیکە لە باکووری ئیسرائیل دەکاتەوە؟

هەردوو تاقمەکە پێشینەیەکی کۆنی پەیوەندیی دوو لایەنەیان هەیە و میلیشیاکانی حەماس لە لوبنان خاوەن بنکەن. حیزبوڵڵا زۆرتر پەیوەندیی لەگەڵ ئێران هەیە بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا، حەماس بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران، پشتی بە ئەو تاقمە لوبنانییە بەستووە. هەرسێک لایەن بەردەوام گوتوویانە یەکێک لە ئامانجە هاوبەشەکەیان "بەرەیەکی یەکگرتوو" دژی ئیسرائیلە و بەگوێرەی زانیارییەکان ئەوان لە بەیروت ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان هەیە. لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، ڕێبەرانی حیزبوڵڵا و حەماس (و هەروەها جیهادی ئیسلامی) بەئاشکرا دیداریان هەبووە و ویستی خۆیان بۆ هاوئاهەنگیی زۆرتر ڕاگەیاندووە. ئاخۆ فەرماندەی سوپای قودس لەو کۆبوونەوانەدا ئامادە بووە ناڕوونە، بەڵام ئیسماعیل قائانی، فەرماندەی سوپای قودس، بەردەوام سەردانی بەیروتی کردووە.

تا ئێستا، حیزبوڵڵا ڕایگەیاندووە کە بەبەردەوامی لەگەڵ ڕێبەرانی حەماس لە پەیوەندیدا بووە تا کاردانەوەکانیان هاوئاهەنگ بکەن، بەڵام خۆی لە هاوپشتییەکی تەواو بواردووە. ڕۆژی یەک شەممە، ئەو گرووپە پێکدادانێکی سنووورداری بە ئاڵووێری ئاگری خومپارە لە مەزراکانی شەبعا هەبووە. ناوچەی ژێر هێرش لە ڕۆژی دووشەممە بەربڵاوتر بۆوە بەڵام سەرەڕای ئیددیعای حیزبوڵڵا کە چەکدارانی بە تۆپبارانی ئیسرائیل کوژراون، کێشەکە لەژێر کۆنترۆڵدا مایەوە. ڕەنگبێ شەرکەرە فەلەستینییەکان بە پشتگیری حیزبوڵڵا بە شێوەیەک کە بتوانی حاشای لێ بکات، ئۆپەراسیۆن بۆ ئەو دیوی سنوور بەڕێوە بەرن. گرینگ ئەوەیە کە حیزبوڵڵا دەتوانێ بە ناچالاک بوون یارمەتی حەماس بدا، چونکە دەبێتە هۆی بەسترانەوەی هێزێکی بەرچاوی ئیسرائیلی و تواناییەکانی بە مەبەستی پارێزگاریی لە سنووری باکوور چەقبەستوو بمێننەوە.

گەلۆ ئیسرائیل بڕیار دەدا بە تەواوی دەستێوەردان بکات بە فاکتەری ئاشکرا و نەزانراوەوە گرێ دراوە، لە ناویاندا ئاستی تۆڵە ئەستێنی ئیسرائیل لە حەماس و ئاخۆ ئیسرائیل دەتوانێ بە شێوەیەکی بەربڵاو و تاهەتایی ڕێبەریی حەماس لەنێو بەرێ. دۆخی نالەباری ئابووری لە لوبنان کاریگەریی لەسەر پێگەی جەماوەریی حیزبوڵڵا و کەسایەتییەکانی هاوتەرییی ئەو هەبووە. لایەنی بڕیاردەر ئێرانە، کە حیزبوڵڵای وەک ئامرازی یەکلاکەرەوە بۆ سزادان و چاوترسێن کردن حاملاندووە و زۆر زیرەکانە کەڵکی لێ وەردەگرێ.

### یەکیەتی ئورووپا
### ریم مومتاز

کاردانەوەی یەکیەتیی ئورووپا زۆرتر سیمبۆلیک بووە، لەگەڵ دەربڕینی نیگەرانیی نیوەچڵ بۆ شارۆمەندانی ئورووپایی لە ئیسرائیل و ئارامیی جەماوەریی لەو وڵاتانەی ئورووپا کە خاوەن ڕێژەیەکی زۆر کۆچبەرن.

ڕێبەرانی فەڕانسە و لەهستان هێرشەکەی حەماس دژی ئیسرائیلیان ئیدانە کردووە و پشتیوانیی خۆیان بۆ ئیسرائیل دەربڕیوە.

درێژە بۆ لاپەڕەی ١٠

# مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا

## (یاسای بنەڕەتیی مەشرووتە ١٩٠٦-١٩١١ز)



مستەفا مەولوودی




**پێشەکی**

ناوچەی ئێرانی [ئێستا] لە ساڵی ٧٠٠ی پێش زایینەوە یەکەم دەوڵەتی بە ناوی «مێدیا-ماد»ەکان لێ دامەزراوە و هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم مێژوویەکی دوورودرێژ لەو جوغرافیایەدا تۆمار کراوە. مێژوونووسان هەر لە دەستپێکدا لێکۆڵینەوە مێژووییەکانی خۆیان لە سەر ئەم جوغرافیایە دابەش دەکەن بەسەر دوو قۆناغی ئێرانی پێش لە هاتنی ئیسلام کە دەوڵەتەکانی وەک میدیا، ئەخمینی، فرشی و ساسانی لەخۆ دەگرێ و ئێرانی پاش هاتنی ئیسلام. قۆناغی پاش هاتنی ئیسلام کاریگەریی چەند ڕووداوی زۆر گرنگی بەسەرەوەیە کە چارەنووسی ئەو وڵاتەیان بە ئاقارێکی دیکەدا برد، وەکوو هێرشی عەرەبە مسوڵمانەکان، مەغۆلەکان و تورکەکان کە شوێنەواری قووڵیان لەسەر کولتوور و ستروکتۆری ئابووری-کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە دانا.

لە ڕاستیدا تا هاتنەسەرکاری «سەفەوی»یەکان لە سەرەتای سەدەی ١٦ی زایینی جوغرافیای ئێران دەسەڵاتێکی بەهێزی نێوخۆیی بەخۆیەوە نەبینی و لەم ماوەیەدا دەسەڵات بەسەر ئەمیر و فەرمانڕەوا خۆجێیەکان لە چوار قوژبنی ئەو وڵاتەدا دابەش کرابوو. هاوکات حکوومەتی سەفەوی لەگەڵ خۆی دیاردەیەکی نوێی هێنا، ئەویش بەفەرمیکردنی ئاییینزای شیعە بوو کە ئەویش بە زەبری زۆر بەسەر خەڵکیدا داسەپاند بۆ ئەوەی لەلایەک ڕەوایی بداتە دەسەڵاتەکەی و لەلایەکی دیکەوە ناسنامەی خۆی لە بەرانبەر دەوڵەتی سوننەی عوسمانییەکاندا بپارێزێ.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا شەپۆلی شۆڕشی پیشەسازیی بریتانیا و شۆڕشی کۆمەڵایەتیی فەڕانسە وردەوردە گەیشتە لێواری سنوورەکانی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران و کێبەرکێی وڵاتانی کۆلۆنیالیست بۆ وەدەستهێنانی ناوچەی لەبەرچاوگرتووی خۆیان لە ئێران دەستی پێ کرد. هۆکاری ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ هەڵکەوتوویی ژئۆپۆلیتیکی ئەم وڵاتە و خستنە ناو چەقی ستراتیژی و دوابەدوا پلانی وڵاتە زلهێزەکان و لە ئاکامدا سەقامگیربوونیان لەم وڵاتە و قایمکردنی جێپێ و وەرگرتنی پشک و ئیمتیازی ئابووری.

تێکشکانە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە ڕووسیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم ڕاچڵەکانێک بوو کە خەڵکی ئێرانی لە خەوی سەدەکانی نێوەڕاست ڕاپەڕاند، بە جۆرێک کە بیر و ئەندیشەی چاکسازی و ڕیفۆرم بوو بە مژاری سەرەکی و تێڕامانی هەندێک بژاردەی ئەو وڵاتە لەنێو دامودەزگای دەسەڵاتداریی ئێراندا. هەڵبەت ئەوەش لەبیر نەکەین کە بوورسیە و ناردنی قوتابی بۆ خوێندن لە ئورووپا و دیتنی پێشکەوتنەکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوا کاریگەر بوو لەسەر ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە، هەرچەند ڕیفۆرمەکانی بژاردەی نێو دەسەڵاتی ئەم قۆناغە بەهۆی دژایەتی و سەرەڕۆیی سیاسیی ڕوحانییەتی شیعە بەئاکام نەگەیشت، بەڵام درزی لە قەڵای چەقبەستووی کۆمەڵگەی کلاسیکی ئەو سەردەمە خست و زەمینەی قۆناغێکی نوێی لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێکهێنا کە لە ئەنجامدا شۆڕشی مەشرووتەی لێ کەوتەوە.

شۆڕشی مەشرووتە بە هۆی پاشەکشەپێکردنی دەسەڵاتی ڕەهای پاشا ڕووداوێکی گرنگی مێژووی ئێرانە. ئەو شۆڕشە خاڵی وەرچەرخانێک بوو بۆ گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەکی داخراو و کلاسیک و سەرەڕۆ بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و مۆدێرن و دێموکرات. هەرچەند کە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو شۆڕشە وەدی نەهاتن و بە تایبەت چەمکی دێموکراسی نەهادینە نەکرا، بەڵام زۆر دەسکەوتی بەنرخ وەکوو: دەستوور، پارلەمان و یاسای پاڵپشتی کردەوەیی لەو دەستوورە بۆ کۆمەڵگەی ئێرانی ئەوکات کە نەبوون، پەیدا بوون.

ئێران یەکەیەکی جوغرافیی فرەچەشنی نەتەوەیی، زمانی و ئایینییە. دەستووری (١٩٠٦ز) وەکوو بنەمای یاسایی دەسەڵات لە ئاستی ئەم پرسە گرینگە خۆی گێل کرد و حاشای لەو فرەچەشنییە کرد و لەسەر ناسنامەی یەکگرتووی ئێرانی (نەتەوەی ئێران) جەختی کردەوە، نەتەوەیەک کە لەسەر بنەمای زمانی فارسی، کولتووری فارسی و ئایینی شیعە دامەزرابوو.

یاسای بنەڕەتیی نوێ، یان هەر ئەو یاسا بنەڕەتییەی ساڵی ١٩٠٦ لە سەردەمی ڕەزاخان و محەممەد ڕەزاشای کوڕیدا لەشوێن خۆی مایەوە. ساڵی ١٩٧٩ هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ جاری دووهەم لە ئێران یاسای بنەڕەتیی نوێی وڵات ئامادە کرا و ئەمجارە بەپێی سروشتی دەسەڵاتی نوێ کاریگەریی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر دەستوورەوە دیار بوو.

یاسای بنەرەتیی ١٩٧٩ لە کاتێکدا ئامادە کرا کە ٧٣ ساڵ بەسەر نووسینی دەستووری یەکەمدا تێدەپەڕی و بێگومان لەم ماوەیەدا کۆمەڵگەی ئێران زۆر ئالوگۆڕی بەسەردا هاتبوو، بەتایبەت بەهۆی چوونەسەرێی ڕادەی وشیاریی نەتەوەیی لەلایەن نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێران دەستووری نوێ نەیدەتوانی چیتر حاشا لە بوونی نەتەوەکانی دیکە بکات. هەرچەندە ئەم دەستوورەش لەسەر ناسنامەی یەکگرتووی ئێرانی (نەتەوەی ئێران) جەختی دەکردوە، بەڵام دانی بەوە دانا کە نەتەوەی ئێران لە «قەوم» و گەلانی جۆراوجۆر پێکهاتووە و ئێتنیکە جیاوازەکان مافی خوێندن و نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامەیان بە زمانی زگماکی هەیە؛ ئەگەرچی مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماک لە مەیدانی کردەوەدا وەدی نەهاتوە.

ئەم باسە کە پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوەی هەمەچەشنی کوردی و فارسی لە کتێب، بەڵگەنامە، ڕۆژنامە و گۆڤار بەستوە؛ لە پێشەکییەک و دوو بەش و دەرەنجامێک پێکهاتووە و بە لیستی سەرچاوەکانی کۆتایی پێ دێت.

بەشی یەکەم بۆ قانوونی مەشرووتەی ١٩٠٦ تەرخان کراوە و سێ تەوەر لەخۆ دەگرێ. لە تەوەری یەکەمدا باس لە بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران لەو سەردەمەدا دەکرێ. تەوەری دووهەم بۆ شۆڕشی مەشرووتە تەرخان کراوە و تێیدا باس لە چۆنیەتیی دەستپێکردنی ئەو شۆڕشە و ئەو قۆناغەی کە ئەم شۆڕشە بڕیویەتی دەکرێ و، تەوەری سێهەم بۆ باس لە دەستووری ١٩٠٦ تەرخان کراوە.

بەشی دووهەم کە بۆ یاسای بنەرەتیی ساڵی ١٩٧٩ تەرخان کراوە، هەمیسان سێ تەوەر لەخۆ دەگرێ. لە تەوەری یەکەمدا باس لە هەلومەرجی سیاسی – ئابووری و کۆمەڵایەتیی پێش لە شۆڕشی ١٩٧٩ دەکرێ و ئەم قۆناغە مێژوویەکی نزیک بە ٥٧ ساڵ لەخۆ دەگرێ کە بە سەردەمی پەهلەوییەکان (باوک و کوڕ) ناسراوە. لە تەوەری دووهەمدا کە بۆ شۆڕشی ١٩٧٩ تەرخان کراوە باس لە چۆنیەتیی هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە و ڕەوتی ڕووداوەکانی دەکرێ و تێیدا وردەکارییەکانی ڕووخانی بنەماڵەی پەهلەوی و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی شۆڕش لەلایەن ڕووحانییەکانەوە تیشکیی خراوەتە سەر. سەرەنجام لە تەوەری سێهەمدا کە بۆ باس لەسەر یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران (١٩٧٩) تەرخان کراوە باس لەو خاڵانە دەکرێ کە ئەم دەستوورە بۆ مەسەلەی نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێراندا تەرخانی کردوون. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرەنجامی باسەکە خراوەتە ڕوو.

### بارودۆخی سیاسی – کۆمەڵایەتیی ئێران بەر لە مەشرووتە

لە سەرەتای سەدەی بیستەم، ئێران خاوەن ئابوورییەکی کشتوکاڵی بوو، و پتر لە نیوەی ٩ تا ١٠ میلیۆن کەسیی دانیشتووانی لە گوندنشینان-جووتیاران پێک دەهات. نزیک بە یەک لە چوار بەشی ئەو حەشیمەتە بە شێوەی هۆزایەتی دەژیان و داهاتی ئابووری لە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە دابین دەکرا. شێوەی خاوەندارێتیی زەوی کشتوکاڵ بەم چەشنە بوو:

زەوی و زاری «شا» کە پێی دەگوترا «خالسە» یان دیوانی، ئەو زەوییانە کە وەک «تیول» داگیر کرابوون، زەویی «وەقف» و زەویی تایبەتی یان ئاغاوەت. حەشیمەتی شارنشین کە لە سەتای ١٠ تا ١٤ی هەمووی حەشیمەتی ئێران بوو، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە سەتا٢٠ هەتا سەتا ٢٥ لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا، واتە پەرەسەندنی حەشیمەتی شارنشین لە ٥٠٠-٨٠٠ هەزار کەسی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم گەیشتە ٢ تا ٢/٥ میلیۆن کەس لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا. بەمجۆرە لەلایەک شارە کۆنەکان بە شێوەیەکی هەمەلایەنە پەرەیان دەستاند و لەلایەکی دیکە زۆرێک لە دێهاتە گەورەکان وردە وردە دەبوون بە شار. چوار شاری تاران، تەورێز، ڕەشت و ئیسفەهان لە بواری ئابووری و هەڵدانی کولتووری و کۆمەڵایەتی بە نیسبەت شارەکانی دیکەی ئێران گەشەسەندووتر و پێشکەوتووتر بوون. بەستێنی ئابووریی نوێ و پێوەندیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و کولتووری تایبەت بەم گەشەسەندنە لە هەناوی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و ئابووری کلاسیکی ئەو چوار شارەدا، زەقتر دەبوو و پەرەی دەستاند.

بازرگانیی دەرەکی لە دەستی دەوڵەتانی ڕووس و ئینگلیزدا بوو، بەو مانایە کە پتر لە ٨٠٪ی بازرگانیی دەرەکیی ئێران بە چاوەدێریی ئەو دوو دەوڵەتە بەڕێوە دەچوو و هەموو هەنارده و هاوردەی کەلوپەلە پێویست و ناپێویستەکان لە دەستی ئەواندا بوو، هەربۆیە زۆر سرووشتییە دیاریکردن و داسەپاندنی نرخەکان بە سەر دانوستانە ئابوورییەکانی ئێران لە قازانجی ئەواندا بوو بێت. هاوردەی کەلوپەلی ئەوان دەبووە هۆی لەنێوچوونی گەشەی پیشەگەری لە کارگە و کارخانە خۆماڵییە تازە دامەزراوەکانی ئێراندا.

یرواند ئابراهامیان لە کتێبی «ایران بین دو انقلاب»دا لە دەست چینی بازرگانەکان کە زۆرتر خەمیان لە بەرژەوەندیی خۆیان دەخوارد هەتا بەرژەوەندیی گشتی وڵات، بەم جۆرە گازندە دەکات: «ئەمانە کە ناویان تاجرە، بازرگان نین، بەکرێگیراوی ئەجنەبین [بێگانە] و بگرە دوژمنانی نیشتمانی خۆیانن، چونکی هەموو ساڵێ پارەی وڵات بار دەکەن و دەینێرنە وڵاتانی دەرەوە و لەبەرانبەردا شتومەکی ئەوان بۆ وڵات ڕادەگوێزن. هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ڕووسیە و ئینگلیز لەگەڵ ئێران هاوشێوەی مامەڵەی دەوڵەتی ئاڵمانە لەگەڵ عوسمانی، واتە سەروەت و سامانی وڵاتی ئێرانیان بۆخۆیان پاوان کردوە، کانزاکانی ئاسن، قەڵایی، مس، خەڵووز و نەوتیان بە دەستەوە گرتوە و لەسەر وەدەستهێنانی سەرپشک و ئیمتیاز لە دەوڵەت کێبڕکێیان هەیە.»

هەرچەند ئێران بەفەرمی کۆلۆنیای هیچ زلهێزێک نەبوو، بەڵام لە زۆر لایەنەوە لەژێر گوشاری دەوڵەتانی ڕووسیە و ئینگلیزدا بوو، هەربۆیە ئێران لەڕاستیدا بە پێچەوانەی درووشمەکانی وڵاتێکی سەربەخۆ نەبوو. ڕێژیمی سیاسی لەژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و فیودالی بنەماڵەی قاجاردا بوو. لەو سیستمە سیاسییەدا شا لە لووتکەی دەسەڵاتدایە و تەنیا کەسێکە کە مافی پێڕاگەیشتن بە هەموو کێشە و کاروباری وڵات و سوپای هەیە. فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، ئەمری ئەو بێ ئەملا و ئەولا بەڕێوە دەچێ و فەرمانەکانی دەبێ پێڕەو بکرێ، ئەو سێبەری خودایە لەسەر زەوی. هەموو شتێک بە شا دەست پێ دەکا و بە ئەو کۆتایی دێت. گشت کۆمەڵانی خەڵک، تەنانەت سەدری ئەعزەم، وەزیر و کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەت بە نۆکەری شا دادەنرێن. شا نەتەنیا خاوەنی گیان و ماڵی خەڵکە، بەڵکوو خاوەنی گیان و ماڵی شازادەکان و سەدری ئەعزەمەکانیش بوو. لە پاش دەسەڵاتی شا و دەربار‌دا دەسەڵاتێکی تری بەرچاو کە توانای شان لە شان دانی ئەوی هەبووایە ڕووحانییەتی بەتوانای شیعە بوو. عولەما، موجتەهیدان، مەلاکان و ئاخوندەکان، چ سەید و چ ئاسایی نەتەنیا بەڕێوەبردنی ئیداری کاروباری دینی و ڕێوڕەسمی عیبادەت بەڵکوو دادوەری (مەحکەمەی شەرع ) و کولتووریان (قووتابخانەو مەکتەب) لەبەردەستدا بوو.

وڵات لەبابەت دابەشکردنی ئیدارەی دەسەڵاتەوە بەسەر ئەیالات و ویلایەتدا دابەش دەبوو. ئێران لەو سەردەمەدا خاوەنی چوار ئەیالەت بە ناوەکانی ئازەربایجان، خوراسان، فارس و کرمان و پتر لە سی ویلایەت بوو.

ماڵیاتی ئەو ئەیاڵەتانە بە «مقاطعه» دادەنرا. ئەو کەسەی کە «مقاطعه» ی پێ دەبڕا، دەبوایە دیاری و پێشکەشی زۆر بۆ پادشا و تۆزێ کەمتر بۆ سەرۆک وەزیر بەرێ بکات. هەربۆیە بەرێوەبەری ئەم ئەیاڵەتانە بۆ ئەوەی داهاتی خۆی دابین بکا و بۆ دوارۆژ پاشکەوتێکی هەبێ، زۆربەی کەرەستە و کاروبارەکانی دەوڵەتی دەفرۆشت. تا ئەوکاتەش کە دیاری و پێشکەشییەکان بە ڕێکوپێکی دەگەیشتنە دەرباری شا لێپرسینەوە نەبوو، هەربۆیە ئەمە دەبووە هۆی خوڵقانی کردەوەی زاڵمانە و بێڕەحمانە وەکوو جەریمەی قورس و زیندانیکردن و تەنانەت هەندێجار حاکم فەرمانی جینایەتی دەردەکرد؛ بۆ وێنە خاوەن زەویی خەتاباری جەریمە دەکرد و تەنانەت تۆمەتباری گوللەباران دەکرد. دادگاییکردن، کەم و زۆرکردنی ماڵیات و دیاریکردنی، گیران و ئەشکەنجە مافی بێ ئەملاوئەولای خان یان موباشێرەکەی بوو.

خەڵکی ئێران لە نەتەوە و ئێتنیکی جیاواز کە بە زمانی تایبەت بە خۆیان قسە دەکەن و دین و ئایینی جۆراوجۆر پێڕەو دەکەن پێکدەهاتن. «کۆنت دو گوبینو» کە ماوەی سێ ساڵ وەک نوێنەری فەڕانسە لە تاران نیشتەجێ بوو، لە کتێبی بە ناوبانگی خۆیدا «نایەکسانیی ڕەگەزی مرۆڤایەتی»دا دەنووسێ: ئێران بەوردی بە شەش گرووپی «میللی» دابەش بووە: ئێرانییەکان، تورکەکان، عەرەبەکان، کوردەکان، جوولەکەکان و زەردەشتییەکان.

شۆڕشی مەشرووتە بە سێ قۆناغی جیاوازدا تێدەپەڕێ. قۆناغی یەکەم بە ئیمزاکردنی فەرمانی مەشرووتە لەلایەن پادشای ئەوکاتی ئێران موزەفەرەدین شای قاجار لە ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی ( ١٩٠٦ز ) دەستی پێ کرد. ئەم قۆناغە تا ساڵی ١٢٨٧ی هەتاوی (١٩٠٨ز )، واتە نزیک ١٣ مانگی خایاند. لەو ماوەیەدا ئازادییە دێموکڕاتیکەکان بووژابوونەوە، چالاکییە چاپەمەنییەکان زۆر بەرچاوبوو و ئەنجوومەنەکان لەسەراسەری وڵاتدا کەم و زۆر دامەزرابوون. پارلەمان چەندین بڕیاری گرنگی پەسەند کردبوو کە بەپێچەوانەی ویست و ئارەزووی پادشا بوون.


یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ئەم قۆناغە بریتی بوو لە قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان مەشرووتەخوازەکانی لیبراڵ کە لەژێر کاریگەریی بیر و ئەندێشەی ڕووناکبیرانی سەردەمی ڕۆشەنگەری ئورووپا بوون لە لایەک و، ڕووحانییە موحافزەکارانی شیعە لەلایەکی دیکە. ئەم ناکۆکییە بەتایبەت لەنێو پارلەماندا گەیشتە لووتکەی خۆی و لە ئاکامی ئەم ململانێیەدا بەشێک لە ڕووحانییەتی تەقلیدی شیعە بە ڕێبەرایەتی شێخ فەزلوڵڵا نووری بوونە دژبەری مەشرووتەخوازەکان و لە بەرەی میریدا خۆیان دۆزییەوە.

سەرەنجام شای قاجار (محەممەد عەلی شا) بە یارمەتیی ڕووسیە کەوتە پیلانگێڕان لە دژی پارلەمان و مەشرووتەخوازەکان. پارلەمان بە یارمەتیی بریگاردی قەزاق کە فەرماندەکەیان لیاخۆفی ڕووسی بوو کەوتە بەر هێرش و تۆپباران کرا. بەشێک لە نوێنەرانی پارلەمان کوژران و ئەوانی تریش ڕایان کرد، یان قۆڵبەست کران. پارلەمان داخرا و پاش ١٣ مانگ کۆتایی بە تەمەنی هات.

قۆناغی دووهەم بە هەستانەوەی مەشرووتە ناسراوە. خەڵکی تەورێز کە ناوەندی دووهەمی شۆڕشی مەشرووتە بوو، بە سانایی ملکەچی نەیارانی مەشرووتە نەبوون. لە تەورێز بەربەرەکانی و خۆڕاگرییان کرد. تەورێز لە لایەن سپای میری گەمارۆ درا و بەربەرەکانی و شەڕ ماوەی ١١ مانگ درێژەی کێشا. خۆڕاگریی تەورێز ورەی ئازادیخوازەکانی ناوچەکانی تری ئێرانیشی بەرز کردەوە. مەشرووتەخوازەکان لە ئیسفەهان و ڕەشت ڕاپەڕین و بەرەو تاران کەوتنە ڕێ. لە جۆزەردانی ١٢٨٨ی هەتاوی ( ١٩٠٩ز ) تاران کەوتە بەردەست مەشرووتەخوازەکان و سەرلەنوێ پارلەمان کرایەوە و شای قاجار ڕای کرد و پەنای بۆ ڕووسیە برد.

پارلەمانی دووهەم لە ساڵی ١٩٠٩ز دەستی بەکار کرد. لەم قۆناغەدا بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئێراندا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان هاتنە ئاراوە و کورسییەکانی پارلەمانی دووهەم بەسەر حیزبەکاندا دابەش بوون. لە ساڵی ١٢٩٠ی هەتاوی (١٩١١ز) بەهۆی هەڕەشەی ڕووسیە پارلەمانی دووهەم بەناچاری داخرا و بەم جۆرە کۆتایی بە تەمەنی پارلەمانی دووهەمیش هات. چەند ڕۆژ پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨ز) پارلەمانی سێهەم کرایەوە و قۆناغی سێهەمی مەشرووتە دەستی پێ کرد کە هەتا هاتنە سەرکاری ڕەزاشا بەدوای کودەتای ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی (١٩٢١ز) درێژەی کێشا. لەمەودوا شوێنەواری مەشرووتە بەهۆی ملهوڕی و دیکتاتۆڕیەتی ڕەزاشا سڕایەوە.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



# شارەزا بە خەونی گابەردەکان و ئاشنا بە ڕوحی کانیاوەکان

## شەهید عومەر مرادی


برایم چووکەڵی

**"کاروانی شەهیدانمان دوورو درێژە. بەڵام ڕەنگە لەوەش درێژتر بێ، ئێمە لەمێژە بڕیارمان داوە بۆ شەهیدەکانمان ناگرین و ڕەشیان بۆ ناپۆشین، بەڵکو پاداشیان دەدەینەوە کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێ دانی ڕێگایانە"**
**دوکتور قاسملوو**

گەلێک خاوەنی زیاتر لە نێو سەدە خەباتی بێپسانەوە وخوێناوی بێ، بێگومان شەهیدبوون و قوربانیدان لەپێناو ڕزگاریی خاک و نیشتمان چاوی ناترسێنێ. بۆیە هەتا زیاتری لێ شەهید بکرێ لە سەر داوا ڕەواکەی سوورتر دەبێ و خەباتەکەی توندوتیژتر دەکا. ڕۆڵە خوێنگەرم و ئەمەگناسەکان ئاڵای خەبات شەکاوە ڕادەگرن و تاگەیشتن بە ئامانجی پیرۆزی گەلەکەیان هەدا نادەن. یەکێک لەو ڕۆڵە دەروەست و گیانفیدایانەی لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا ڕێز لە یاد و بیرەوەرییەکانی دەگرین، عومەری مرادی ناسراو بە سیروان لە هێزی شەهید عزیزی یوسفیی‌یە.

شەهید عومەر مرادی ساڵی ١٣٤١ لە ئاوایی قەبەغلویو سەر بە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی هەژار و چەوساوەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا چاوی بە ژیان هەڵێنا. عومەر بە هۆی نەداری و دەستکورتیی بنەماڵەکەی کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتی و سیاسەتی داگیرکەرانەی ڕێژیمەکانی تارانە، بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و بنەماڵەکەی، هەر لە منداڵییەوە لەشی ناسک و ساوای دایە بەر تەوژمی کارە قورس و تاقەتپڕووکێنەکان. بەدرێژایی ڕۆژ ئارەقەی ڕشت و هەر لە سۆنگەی هەژاریی بنەماڵەکەی و لەدواکەوتوویيدا ڕاگیرانی کوردستانەکەی نەیتوانیوە جیا لە قۆناغەکانی سەرەتایی پتر بخوێنێ و خوێندنی قوتابخانە بەناچار بەجێ هێشت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوڕێکی زیرەک و تامەزرۆی فێربوون و گەشەکردن بوو و بۆ ئەو مەبەستەش زۆری هەوڵ دا.

ژیانی هەژاریی بنەماڵەکەی و بندەستی و بێبەشیی نەتەوەکەی وای کردبوو عومەر بەوردی بە دوای هۆکارەکانیدا بگەڕێ و بەو قەناعەتە بکا کە هۆکاری ئەو دۆخە نالەبارە نیزامی سیاسیی سەرکوتگەر و نادادپەروەری زاڵ بەسەر وڵاتەکەیەتی. بۆیە لە ڕەوتی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتیدا وەک تازەلاوێک بە هیوا و هۆمێدی زۆرەوە بۆ داهاتووی ڕاپەڕین و خاک و وڵاتەکەی دەڕوانی. هەروەها بەکردەوەش لەپێناو ئاواتەکانیدا هەنگاوی هەڵێنا و تێکەڵ بە خۆپێشاندانەکان بوو. دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ئاشکرابوونی چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە و وەک شەنگەلاوێکی بەوەج و ئەرکوەخۆگر چەکی پێشمەرگایەتیی کردە شان.

شەهید عومەر سەرەتا لە هێزی شەهید عزیزی یوسفی سازمان درا و دواتر قۆناغەکانی هەڵدان و گەشەکردنی سیاسیی و نیزامیی یەک لە دوای یەک بڕی. ئەو کوڕێکی مەشرەفخۆش، بەئەخلاق و پێشمەرگەیەکی بەدەستوبرد و لێوەشاوە بوو. لەسۆنگەی جوامێری و بوێرییەکەی لەنێو هەوسەنگەرانیدا ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرا. ئەو لە زۆبەی شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی کرد و لە کاری سیاسی و پێشمەرگانەیدا هەڵسووڕ و ماندوویی‌نەناس بوو.

عومەر ساڵی ١٣٦٢ بۆ دیتنی دەورەی مودیرییەت بەڕێی فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزب کرا و پاش ەەدەستهێنانی ئەزموونی بەنرخ و سەرکەوتنێکی باش لە دەورەی مودیرییەت، گەڕاوە هێز و بە جێگری لک و دیاری کرا. لە شەڕی بەناوبانگی قەبەغلوو کە وەک فەرماندەرێک لێزان ئەرکەکانی بەڕێو دەبرد، بەسەختی بریندار بوو، بەڵام پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بە ورە و ئیمانێکی پترەوە گەڕایەوە سەنگەری خەبات و چالاکانەتر لە پێشوو ئەرکەکانی گرتنەوە ئەستۆ.

شەهید عومەر لە شەڕەکاندا هەمیشە سەنگەری پێشەوەی دەگرت و ورەی هاوسەنگەرانی پتر بەرز دەکردەوە و بارانەی گوللەی بەسەر دوژمناندا دەباراند و کونەمشکی لێ دەکردنە قەیسەری. فیداکاری، لەخۆبوردوویی، زیرەکی و گیانلەسەردەستیی عومەر مرادی بوو بەهۆی ئەوەی بەرپرسایەتی گرینگتری پێ بسپێردرێ و ئەرکی قورستر بخرێتە سەرشانی. هەربۆیە لەلایەن کۆمیتەی شارستان و هێزە وە بایەخی زۆرتری پێ درا و وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. شەهید عومەر لەو بەرپرسایەتییەشدا ڕووسوور و سەربەرز هاتەدەر. ئەو بە نەزم و بەدیسیپلینەکەی، بە هەڵسووڕی و دڵسۆزییەکەی و لێوەشاوەیی لە گەڵاڵەداڕێژی عەمەلیاتیدا ببەوە فەرماندەیەکی بەزیپکوزاکوون و سەرکەوتوو لە کاری پێشمەرگانەدا.

ڕۆژی یەکی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی زۆر و پۆشتە و پەرداخەوە هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر گوندی "سماقڵوو" هێنا. پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی عەزیزی یوسفی بەرەنگاری هێزی کۆنەپەرەستی بوونەوە و زەبرێکی قورسیان لە دوژمن وەشاند. لێ مخابن لە گەرمەی ئەو شەرە نامەرانبەرەدا گوللەی هێزی شەمشەمەکوێرەکانی تاریکی سینگی کوڕی خۆرەتاویان پێکا. فەرماندە عومەر مرادی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بە جەستە کۆڕی خەبات و هاوسەنگەرانی بەجێ هێشت، بەڵام ناو و یادی بۆ هەمیشە زیندوو مانەوە.

**لەهەر شوێنێکدا پێشمەرگە هەیە**
**حەج لەوێ بکەن ئەوێ کەعبەیە**
**تەنیا پێشمەرگە.. ئازا و گەورەیە**
**هەم پێشمەرگەیە و هەم سەرکردەیە**
**سنگی سەنگەرە و دڵی لووتکەیە**
**چاوی هاوەنە و پەنجەی گوللەیە**




# "ژینا"ی ئێمە و "مهسا"ی ئەوان


ڕەحمان سەلیمی

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە پەنا ئەو ڕووداو و پێشهاتە کەموێنانەی لە ڕەوتی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی‌دا ڕوویان دا، شایەدی تۆخبوونەوەی سنووربەندییە ناسنامەییەکان و لە پاڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی ئاشکراتری سیمای ناوەندگەرێتی و پاوانخوازی لە بەرگی ئۆپۆزسیۆندا بووین. دیارە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە پاوانخوازی و ناوەندگەرێتیی ڕیشەداری ناسیۆنالیزمی هێرشبەری ئێرانی لە ئاستی کۆمەڵگەدا کڕیاری ئەوتۆیان نەبوو، بەڵکوو بانگەشەکاران و دنەدەرانی بریتی بوون لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن کە بەزۆری نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتن و لە هەمان کاتدا هەندێ لەو خوێندەوار و ڕووناکبیرانەی کە تا ئێستاش لە سەردەمی سەرەتای سەدەی بیستەمدا چەقیون؛ واتە ئەوکاتەی کە بەشێک لە ڕووناکبیرانی ئێرانی نیشتەجێی بێرلین بە ئیلهام وەرگرتن لە ناسیۆنالیزمی پەڕگیری ئاڵمانی، بیرۆکەی ئێرانشاریان هێنا گۆڕێ و کردیانە بنەمای پرۆژەی یەکدەستکردن و سڕینەوەی ناسنامە نافارسەکانی نێو جوغرافیای ئێران.

ڕەتکردنەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان وەک کاکڵی ناسیۆنالیزمی درۆیینی ئێرانی کە زیاتر لە سەدەیەکە بە پیرۆزیبەخشین بە مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی – شیعی هەوڵی یەکڕەنگکردنی کۆمەڵگەی فرەنەتەوەی ئێران دەدا، ئایدۆلۆژییەکی بەرهەم هێناوە کە ئاڵاهەڵگرانی نەتەنیا نەیانتوانیوە یان نەیانویستوە لە شۆڕشی ژینا تێبگەن بەڵکوو بەکردەوە بوونەتە بەشێک لە دەزگای پڕۆپاگەندای کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی شۆڕش و بە هەمان ڕوانگەی مەزنیخوازانەی ڕێژیم، بەرگی دژەشۆڕشیان پۆشیوەو زەبری قەرەبوونەکراویان لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران داوە و یارمەتییەکی کاریگەریان بە خولقاندنی دەرفەتێکی لەکیسچووی مێژوویی دیکە لە ئێران کردوە. لایەنی گاڵتەجارانە و هەڵبەت تاڵی مەسەلەکە لە دوگماتیزم و هەژاریی فەرهەنگی و دارمانی ئەخلاقی نوخبەی سیاسی و تەنانەت ئەکادیمیی هەڵگری بیرۆکەی ئێرانشاری‌دایە کە وەک شەعبان بێمێشکەکان هێرش دەکەنە سەر نەیارانیان و لە چوارچێوەی سڕینەوەی نەیارەکانیان هیچ ئیستدلال و لۆژیکێک بەفەرمی ناناسن. هەڵگرانی ئەو بیرکردنەوەیە خۆ دەدزنەوە لەو پرسیار و هەڵبەت وەڵامەکەی کە، بەرهەمی یەک سەدە سیاسەتی ڕەتکردنەوە و سەرکوتی نەتەوە نافارسەکان، چ دەسکەوتێکی بۆ ئەوان هەبووە جگە لەوەی خواستی ناسنامەخوازیی نەتەوەکانی بەهێزتر و پتەوتر کردوە.

> **ژینای ئێمە بووە ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەی ستەمی نەتەوەیی، ڕەگەزی، فەرهەنگی و ئابووری، بووە هاواری ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک کە کۆی نەزمی سیاسی، کۆمەڵایەتی لە ئێراندا کردە ئامانج. لە کاتێکدا "مهسا"ی ئەوان خەونی ئاوەژوبوونەوەیەکی مێژوویی تێدا زیندوو کردنەوە کە بیانگێڕێتەوە سەر کورسیی دەسەڵاتێک کە فەرهەنگە سیاسییە ئاراییەکەی تێدا بە پارێزراوی بمێنێتەوە**

بزووتنەوەی ناسنامەخوازی کوردستان وەک چالاکترین و ڕێکخراوترین بزووتنەوەی سیاسی – کۆمەڵایەتی لە ئێراندا کە ئاخێزگەی شۆڕشی ژینا و پێشەنگی خەباتی شۆڕشگێڕانە بووە، دەقێکی واتاداری لە پەراوێزی ئێراندا خولقاند کە بەخێرایی بە نێو تەواوی نەتەوەکانی ئێراندا بڵاو بۆوە و سەرەڕای جاڕدانی ناسنامەخوازییەکی ئاشکرا، یارمەتییەکی حاشاهەڵنەگری بە پێکهێنانی هاوپەیوەندی لە نێوان نەتەوەکانی ئێران و هاوکات نەتەوەی فارسی ناوەندنشینیش داوە، بە شێوەیەک کە مێژووی هاوچەرخی ئێران هاوپەیوەندییەکی لەو چەشنەی لە نێوان نەتەوەکان بە خۆوە نەدیوە. ئەو گۆڕانکارییە ڕاستەقینەیە کە هەموو لایەک ئاگاداری بوون بەڵام گرووپێک نەیاندەویست دانی پێدا بنێن، مژدەی کۆتاییهاتنی ناوەندگەرێتیی پێ بوو لە هەموو ئاستەکاندا، لە بنەماڵەوە بگرە تا کۆمەڵگە و هەروەها لە هەموو بەستێنە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو ڕاستییەش بە هیچ جۆر بە دڵی ناسیۆنالیزمی هێرشبەری ناوەندگەرا نەبوو، و بوو بە هۆی دەرکەوتنی کەلێنی گەورە لە نێو ڕەوتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆندا.

دابەزاندنی مانیفێستی ژن، ژیان، ئازادی بە تەنیا دروشمێک و بچووککردنەوەی خواستە ڕیشەییە ئازادیخوازانەکانی خەڵک بە ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێڕەوی تێپەڕین لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە جێگەی کۆی سیستەمە سیاسییەکە و پەیوەندییە سیاسییە گەندەڵەکانی، یەک لە پلانەکانی ئەو تەیفە لە ئۆپۆزیسیۆن بوو کە لە هەوڵدا بوو بە پاراستنی دامەزراوە سیاسییە دیکتاتۆرلێدراوەکان کە ڕیشەیەکی مێژوویيان لە ئێراندا هەیە، بگەنە دەسەڵات. ئەوان بە خوێندنەوەیەکی دوور لە واقعی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی ئێران و ئەو نەسلە شۆڕشگێڕەی لە مەیدان‌دایە، بیر لە ئالترناتیڤێکی ناوەندگەرای غەیرەدینی دەکەنەوە بەبێ ئەوەی لەو ڕاستییە گەیشتبن کە ناتوانن لە ڕێگەی کودەتایەکی تری لە چەشنی کودەتای شا – موسەددیق، خواستە بنەڕەتییەکانی گەلانی ئێران بکەنە قوربانی.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینای کوردستان پەیامێکی ڕوونی لەخۆ گرتوە کە دەیان ساڵ خەباتی بەردەوامی لە پشتە و خاوەن پلان و ڕێکخستن و پتەوێکی فکریی مێژووییە کە ڕێگە بەوە نادات بەلاڕێدا ببرێت. لە ساڵی ڕابردوودا بینیمان کوردستان شاهیدی نارەزایەتی و مانگرتنی بەرفراوان بوو، هەروەها کاریگەریی حیزب و ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و هەڵبەت حیزبەکانی دیکەش لە سەر ڕاپەڕینی خەڵک بۆ هەمووان دەرکەوت. سەرکوتی بەربڵاو و بێبەزەییانە لە کوردستان و هەروەها هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە کوردییەکان بە مووشەک و درۆن و هاوکات چڕکردنەوەی پڕوپاگەندای کۆماری ئیسلامی دژی ئەو حیزبانە، ئاماژەیەکی ڕوون بوون بۆ ترسی هیستریکی ڕێژیم لە قووڵایی خواستەکانی خەڵکی کوردستان و هەروەها گواستنەوەی ئەزموونەکانی کوردستان بۆ ناوچەکانی تری ئێران.

ژینای ئێمە بووە ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەی ستەمی نەتەوەیی، ڕەگەزی، فەرهەنگی و ئابووری، بووە هاواری ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک کە کۆی نەزمی سیاسی، کۆمەڵایەتی لە ئێراندا کردە ئامانج. لە کاتێکدا "مهسا"ی ئەوان خەونی ئاوەژوبوونەوەیەکی مێژوویی تێدا زیندوو کردنەوە کە بیانگێڕێتەوە سەر کورسیی دەسەڵاتێک کە فەرهەنگە سیاسییە ئاراییەکەی تێدا بە پارێزراوی بمێنێتەوە. ئەوان دەیانزانی کە ئەو ئاواتە لە نێوەڕۆکی شۆڕشی ژینادا نایەتە دی و هاواری هاوبەشی کۆمەڵگەی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە تێپەڕینە لەو سیستەمە کێشەخوڵقێنەی کە لە یەک سەدەی ڕابردوودا هەوڵی داوە بەشێوەی سیستماتیک پەرە بە قەیرانە خۆکردەکانی بدا تا کەلێنە نەتەوەیی و ئایینییەکان بکاتە دەرفەتێک بۆ لێکترازانی کۆمەڵگە و مانەوەی زیاتر لە دەسەڵاتدا. ئەگەر گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد هاوپەیمانی و پلاتفۆڕمە سیاسییەکانی ساڵی ڕابردوویان ئەزموون نەکردبا، جیاکردنەوەی ژینای ئێمە و "مهسا"ی ئەوان ئەستەم دەبوو و لە هەمان کاتدا جیاکردنەوەی ڕەوتە سیاسی و فکرییەکان دژوار دەبوو و ناوەندگەرێتی لە بەرگێکی نوێدا شانسی سەرکەوتنی دەبوو و بۆ جارێکی دیکەش نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران سەریان بێ کڵاو دەمایەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینای ئێمە بناغەی سیاسی و فکریی ئەوتۆی لە کۆمەڵگەی ئێراندا بنیات ناوە کە تەنیا شۆڕشێکی دیمۆکڕاتیک لەسەر بنەمای چەمکگەلی وەک فیدڕاتیزە کردنی ئێران و وەدیهێنانی عەداڵەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دوورەدیمەنی ئێرانی داهاتوودا لێ چاوەڕوان دەکرێ.

لە کاتێکدا بزووتنەوەی "مهسا"ی ئەوان بەرهەمی خەونی چەندین ساڵەیانە بۆ جێگۆڕکێی دەسەڵات، خەونێک کە بەرهەمی سیندرۆمی "دابڕانی گەورە لە کۆمەڵگە"یە. ئەو خەونە بێبنەمایانە بوون کە لە پەنای نەبوونی ڕێکخستن و دوورەدیمەنێکی ڕوونی سیاسی لای ناوەندگەرایانی بەناو ئۆپۆزیسیۆن، وای لێکردن کە دەست بۆ دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی وەک سوپای پاسداران درێژ بکەن تا لە پرۆسەی خەیاڵیی گواستنەوەی دەسەڵاتدا یارمەتییان بدەن، هەروەک لە هەڵوێستەکانیاندا بەڕوونی ئەوەمان بینی.

> **دابەزاندنی مانیفێستی ژن، ژیان، ئازادی بە تەنیا دروشمێک و بچووککردنەوەی خواستە ڕیشەییە ئازادیخوازانەکانی خەڵک بە ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێڕەوی تێپەڕین لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە جێگەی کۆی سیستەمە سیاسییەکە و پەیوەندییە سیاسییە گەندەڵەکانی، یەک لە پلانەکانی ئەو تەیفە لە ئۆپۆزیسیۆن بوو کە لە هەوڵدا بوو بە پاراستنی دامەزراوە سیاسییە دیکتاتۆرلێدراوەکان کە ڕیشەیەکی مێژوویيان لە ئێراندا هەیە، بگەنە دەسەڵات**

ژینای ئێمە کاتێک بە خاک دەسپێردرێ، ژن، ژیان، ئازادی وەک کۆکراوەی کۆی بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵگەی ڕوو لە گەشەی کوردستان -کە بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی دادخوازانەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییە- لە ناخی خاک و خەڵکەکەیەوە سەردەردێنێ و تەنانەت هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ، زایەڵەی ئەو سەمفۆنییە هارمۆنیکە سنوورەکان دەبەزێنێ و شەقامی هەموو پایتەختەکانی جیهان وە سەما دەخا. ناساندنی ژینا و ژن، ژیان، ئازدی وەک براوەی خەڵاتی ساخارۆفی ئەوساڵ کە لەلایەن پارلەمانی ئورووپاوە ساڵانە دەبەخشرێتە ئەو کەس یان دامەزراوانەی لەپێناو ئازادیی بیروباوەڕ و مافی مرۆڤدا زیاترین تێچوویان داوە، ئەو ئیدعایە دەسەلمێنێ کە شۆڕشی ژینای ئێمە خوازیاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکە کە کەرامەتی مرۆیی تێدا پارێزراو بێ و هەموان بە پاراستنی تایبەتمەندیی خۆیانەوە دژی هەر چەشنە جیاکارییەک بوەستنەوە کە ببێتە هۆی چەوسانەوە لە هەموو شێوازەکانیدا، ئەوەش لە چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ویژدانی مرۆڤایەتی شاراوە نییە و بەشێکە لە سەرچاوەی شەرعیەتی شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک کە گومانی تێدا نییە پێشکەوتووترین شۆڕشی سەدەی بیست و یەکە، چ لە ڕووی ئەو ویست و بەهایانەی لە پێناویدا قوربانی دەدا و چ لەڕووی ئەو شێوە خەباتەی لە یەک ساڵی ڕابردوودا پەنای بۆ بردوە.

حاشا لەوە ناکرێ کە لە ئاستی کۆمەڵگەی ئێرانیشدا درێژکراوەی بیری پاوانخوازانەی ناوەندگەرا هەن، بەڵام هاواری ژن، ژیان، ئازادی لە گۆشە و کەناری ئێران و هاوکات لە گەورەشارەکانی ناوەندیشدا بە ڕوونی دەریخست کە خواستی ڕاستەقینەی ڕۆژانەی خەڵک لە پەنا بایەخە جیهانگیرەکانی وەک ڕێزگرتن لە مافە سروشتییەکانی مرۆڤ، بەسەر ویستی ئیدئۆلۆژیک و پەڕگیری ئەو گرووپانەدا زاڵن و کۆمەڵگەی فرەنەتەوەی ئێران چیتر توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کەلێنە نەتەوەیی، سیاسی، ئایینی و ڕەگەزییەکانی نییە کە بەزۆری بەرهەمی بیری وێرانکەری ئێرانشارین.

کوردستان
ژمارە: ٨٥٧
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٢ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣




# بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد چەک کەرەسەیە نەک ستراتیژی


عومەر باڵەکی

ماوەیەکە کۆمەڵێک دەزگای ڕاگەیاندن لە دەرەوەی وڵات هاوشان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی و پەیجە سێبەرەکانی لە گەڕێکی دیکەی هەوڵەکانیاندا دەیانەوێ خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە جووڵەیەکی چەکداریدا پێناسە بکەن. ئەو لایەنانە بەبێ گەڕانەوەی بۆ مێژووی حیزب و بێ سەرنجدان بە فەلسەفەی دامەزرانی حیزب، هەموو فیداکاری و بەربەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر هێزی شەڕفرۆش و کۆکوپۆشتەی کۆماری ئیسلامیدا لەو چوارچێوەیەدا قەتیس بکەنەوە. هەروەها بە هەوڵی نەزۆکی خۆیان دەیانەوێ ئەوە بە بیروڕای گشتیی ئێران و جیهانیش پێشان بدەن کە کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو شتێک لە لولەی تفەنگدا دەبینن و چەک و جووڵەی چەکداری وەک ستراتیژیی خەبات چاو لێ دەکەن.

ئەو جۆرە دەربرین و لێکدانەوانە هەمان بۆچوونی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە دەرحەق بە جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافویستیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێی وایە ئەگەر هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکیان پێ نەبێ، جووڵانەوەکە لە نێوخۆی کوردستان لە پێی دەکەوێ. بەڵام هەمووان دەزانن کە خەباتی نەتەوایەتی و مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و لانیکەم مێژووی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە کورد و ڕێبەرانی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسیی کورد خەباتێکی سیاسی و شوناسخوازانەیان بەڕێوە بردووە لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتە ناوەندییەکانیشدا قەت دەستپێشخەری شەڕ نەبوون و بەڵکوو هەموو کات ئەوە دەسەڵاتدارانی تاران بوون شەڕیان بە گەلی کورد وجووڵانەوەکەی فرۆشتووە و ویستوویانە لە ڕێگەی شەڕێکی نابەرامبەر چۆک بە داواکانی کورد دابدەن کە قەت تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

کاتێک ئاوڕ لە مێژووی ئەو بزووتنەوەیە و ساتەوەختی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەیەوە، دەبینین کە ئەم حیزبە بنەڕەتی دامەزرانی خۆی بۆ ئیدارەدانی نیشتمانی خۆی و دەستەبەری مافە سیاسی و مەدەنییەکانی داناوە و بەکردەوەش لە چوارچێوەی کۆماری کوردستاندا توانی لەو ماوە کورتەدا بەرنامەکانی خۆی وەدی بێنێ. بۆیە هیچ سەند و بەڵگەیەک نییە کە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەییان لە چەک و چەکداریدا وێنا کردبێ. لە هەمان کاتدا دامەزراندنی سپای میللی و پێدانی نازناوی پێشمەرگە بە تاکەکانی ئەو سپایە ئەو ئامانجەی لە پشت بووە کە لە کاتی دەستدرێژیی نەیارانی کورد بۆ سەر خاک و هەرێمی کوردستان پارێزگاری لەو خاکە و نەتەوە بکا و هاوکات ئەمنییەتی نێوخۆی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماریش دابین بکا.

دوای نسکۆی کۆماری کوردستانیش بەکردەوە هەتا ساڵانێکی دوور جووڵانەوەی سیاسیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە بێبەش بووە و ئەو خەباتە لە ڕێگای ڕێکخراو و تەشکیلاتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەردەوام بووە. بەو شێوەیە کە کادرە دڵسۆزکانی حیزب سەرەرای تەوژمی توندی سازمانی ئەمنییەتی ڕێژیمی پاشایەتی توانیویانە بە دروستکردنی ڕێکخراویکی بەربەرین لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستی گەلی کورد لەسەر پێ ڕابگرن وبەرەو پێشی بەرن و هاوکات پێگەی حیزب لە نێو کۆمەڵگەی کوردستاندا بەهێزتر بکەن. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بە دوای ڕوخانی ڕێژیمی پاشایەتی بکەین کە چۆن کۆمەڵانی هەراوی خەلکی کوردستان لە هەموو چین و توێژێک و بە هەزار هەزار لە دەوری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و بە دەسەڵاتگەیشتنی خومەینی و داردەستەکەی و دامەزراندنی سیستمێکی دەوڵەتداری لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئەو نیزامە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لەگەڵ هەموو دونیای پێشکەوتوو لە شەڕ و ناتەباییدا بوو، و گەلی کوردیش لەو شەڕەنگیزی و دوژمنکارییە کۆماری ئیسلامی بێبەری نەبوو. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵ و تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانە و سەردەمیانەی پرسی کورد لە ئێران پشتگوێ خست و بە فیتوای جیهادی خومەینی –ڕێبەری ئەو نیزامە– شەڕ بەسەر کوردستاندا سەپێندرا و هەتا ئێستاش ئەو شەڕە لە فۆرمی جۆراوجۆردا بەدژی گەلی کورد و جووڵانەوەکەی لەلایەن دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بەردەوامە.

لەو هەلومەرجەدا کە شەر بەسەر کوردستاندا سەپا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک گەورەترین حیزب لە بواری پێگەی جەماوەرییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبوایە بۆ بەرگری لە بوونی گەلی کورد شان وەبەر شەڕێکی داسەپاو بدا.

لە مێژە گوتراوە کە ئاستی توندوتیژی لە خەباتدا، دوژمن دیاریی دەکا، مادام شەڕ بە سەر کوردستاندا سەپاوە، حیزبی دێموکراتیش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو توندوتیژییە و بەرگری لە خەڵکی کوردستان دەبوایە وەک حیزبێکی بەرپرس لەگەڵ گەلەکەی خۆی بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکا و هێزی پێشمەرگە سازمان بدا، کە خەڵکی کوردستان و مێژوو شایەتی بۆ ڕادەی فیداکاری و لەخۆبوردوویی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب دەدەن. بەڵام لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی هێزی پێشمەرگە بووە لە هیچ بەڵگە و نوسراوەیەکی حیزبی دێموکراتدا چ نێوخۆیی و چ دەرەکی بابەتێکی وا بەرچاو ناکەوێ کە پێشان بدا خەباتی چەکداری بۆ حیزبی دێموکرات ستراتیژی بووبێ. پێچەوانەی ئەوە هەموو کات چ بە نووسین و چ بە دەربڕین پێداگری لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە چەک کەرەسەیە نەک ئامانج و ئەوە بەڕوونی لە دروشمەکانی حیزبدا دیار و بەرچاوە. ئەو دوو دروشمە "ڕێکخراو چەکی گرینگی ئێمەیە" و "پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە" هەموو کات لە بنکە و شوێنی کاری حیزبیدا بە بەرچاوی هەموانە بووە و چەک بۆ حیزبی دێموکرات هەمیشە کەرەسە بووە نەک ئامانج. کە دەشگوتری چەک کەرەسەیە بەو مانایە کەرەسەیەکە بۆ بەرگری لە بەرانبەر هێرشی دوژمن و لە هەمان کاتدا کەرەسەیە لە خزمەت ئامانجە سیاسییەکانی حیزب و ئەوە لە ساختاری ئۆرگانیزم و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە وکاری پێ کراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەم کورتە ڕوونکردنەوەی سەرەوە واباشە بە کورتییش بێ باسێک لەسەر پێویستی بوونی هێزی پێشمەرگە لە خەباتی نەتەوایەتی و مافویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بکەین. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ وەبیرخۆمان بێنینەوە نەتەوەی کورد بە گشتی لە سەدەی بیستویەکدا گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتە و خاک و گەلەکەی بەبێ پرس و گەڕانەوە بۆ ئیرادەی نەتەوەی کورد بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە. هەروەها پتر لە سەد ساڵە دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستان بە هەموو کەرەسەیەکی بەردەستیان هەوڵیان داوە پرسی شوناسخوازیی کلورد لەبن بێنن و زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەی کورد لە زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەستدا بتوێننەوە. ئەو سیاسەتەش لەگەڵ پەرچەکرداری نەتەوەی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بەرەوڕوو بووە و بە چەندین جووڵانەوەی نەتەوەیی و مافخوازیی لێ کەوتۆتەوە و گەلی کورد بۆ ئەوەی بتوانی لە گەردەلولی شەرەنگیزیی دوژمنەکانیدا خاک و شوناسی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ، بەناچار دەستی بۆ چەک بردووە و هێزی نیزامیی ڕێک خستووە و ئەوە وای کردووە هەتا ڕادەیەکی باش توانیوەیەتی پارێزگاری لە خاک و زمان و کولتووری خۆی بکا و پرسی کورد لە چەقی ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەزیندوویی ڕابگرێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لەسەردەمی پاشایەتی وچ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خەبات بۆ وەدەستخستنی مافەکانی گەلی کورد بە خاوندارەتی لە هێزی پێشمەرگە پشکی شێری بەر کەوتووە. بەلام بۆ ڕوونبوونەوەی پتری ئەو بابەتە کە حیزبی دێموکرات و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هیچ کاتدا ئازادییان لە لولەی تفەنگدا بەدی نەکردووە، پێویستە ئەو بابەتە بخەینە ڕوو کە پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەروەردەیەکی سیاسیی و نەتەوەیی بووە و هەرواش دەمێنێتەوە. بە واتەیەکی دی هەر پێشمەرگەیەک لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەک ئەندامی حیزب بە پەروەردەیەکی سیاسیی و نەتەوەیی پەروەردە دەبێ و باوەڕی بەو دروشمە قایم دەبێ کە ئەوە ڕێکخراوە چەکی دەستی هەر ئەندام و تاکێکی کوردە. ئەوەش دوای ٤٤ ساڵ تەبلیغاتی بێبنەمای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە گوایە حیزبی دێموکراتی لە مەیدان بەدەر کردووە و ئاسەواری نەهێشتووە، لە ڕاپەڕینی ژینادا سەلمێندرا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێئەوەی تاقە فیشەکێک ڕوو بە دوژمن بتەقێنێ، بوون و هێزی بەهێزی لەنێو خەڵک و لەسەر شەقامەکانی کوردستان هەبێ. لەو حاڵەتەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و نەیارانی ئازادی وسەربەستی کورد کاتێک بە زەقی و بەڕوونی ئەو ڕاستییە دەبینن، هەموو هەوڵی سیاسی و دیپلۆماسی و ئەمنیەتی و ئابووری و تەبلیغیی خۆیان دەخەنە گەڕ کە بەربەست بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەن و بە خەیاڵی خۆیان حیزب و خەڵک لێک دابڕێنن. هەروەها لە هەمان کاتدا وا بنێنن خەباتی کورد و حیزبەکان و هێزی پێشمەرگە وا پێناسە بکەن کە تەنیا لە چەکدا خۆ دەبینێتەوە کە ئەوە خەیاڵێکی خاوە، چونکە جووڵانەوەی شوناسخوازی و مافویستیی گەلی کورد لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستاندایە و لەسەر شەقامەکانی کوردستان خۆدەنوێنی.

ئەو نووسینە بە وتەیەکی نەمر شەهید د. قاسملوو کۆتایی پێ دینم. شەهید د. قاسملوو لە دوا وتووێژی خۆیدا لەگەڵ بی بی سیی فارسی دەڵێ هۆکاری دۆخی ئێستای ئێران و خەباتی چەکداریی ئێمە نەبوونی دێموکراسی لە وڵات و بوونی سیستمە دیکتاتۆرەکانە: " ئەگەر سەرنجتان دابێ ئێمە «دێموکڕاسی بۆ ئێران»مان وەپێش «خودموختاری بۆ کوردستان» خستبوو، نەک لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئێمە دێموکڕاسی هەموویە و خودموختاری بەشێکە لە دێموکڕاسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە بەبێ دێموکڕاسییەکی سەقامگیر لە ئێران، ئەگەر خودموختاری بەدەستیش بێنین ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا چەکەکانمان دەستەبەری پاراستنمانن. بەڵام ناکرێ هەتاهەتایە چەکمان پێبێ، دەبێ شتی دیکە لەجێی چەک دابنێین. ئەو شتەی دەتوانێ جێی چەک بگرێتەوە تەنیا دێموکڕاسییە."

## وێستگە

# خەڵاتی ئازایەتی و خەباتخوازی، لە نۆبڵەوە بۆ ساخارۆف

ئاسۆ مینبەری

شۆڕشی ژینا لە جۆری خۆیدا دەکرێ وەکوو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووی ڕزگاریخوازانە بە دەسپێشخەریی ژنان چاوی لێ بکرێت. بزووتنەوەیەک کە ئەگەرچی خاڵی لاوازیشی تێدا هەبوو، بەڵام توانیی کۆدەنگییەک دژی ڕێژیمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی دروست بکات و ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێراندا.

ئەوەی کە قەت ناکرێ نکۆڵیی لێ بکرێت، قورسایی خەباتەکە لەسەر شانی کوردستان و کوردستانییان بوو، لە ڕاستیدا ئاخێزگەی ئەم شۆڕشە کوردستان بوو و هەربۆیە لە کوردستانیشدا نرخی زیاتری بۆ درا. ڕاستە کە لە باقی شارەکانی ئێراندا خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەردەوام بوو، بەڵام جیاوازبوونی خواست و داواکارییەکان وای کرد کە ناڕەزایەتییەکانی کوردستان بەرەو ئاقارێکی دیکە بڕۆن و فۆکووسی ناڕەزایەتییەکان زیاتر لەسەر ویست و خواستی نەتەوەیی و نیشتمانی بێ، بەپێچەوانەی ناڕەزایەتییەکانی ناوەندی ئێران کە لە لابردنی سەرپۆش و ئازادیی پۆششدا قەتیس مابۆوە.

ئەو تێچووەی کە لەلایەن کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە بۆ شۆڕشی ژینا درا و ئەو هەموو گیانبازییەی کە لە شەقام و کۆڵانەکانی کوردستاندا بینرا، بێگومان شیاوی ئەوە بوو کە لەلایەن ناوەندە گرینگەکانی جیهانەوە ببیندرێت و ڕێزی لێ بگیردرێت.

لە ماوەی ڕابردوودا کە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ پێشکەش کرا، ئەم ڕەخنەیە زۆر گیرا کە بۆچی لە نێوان بەربژێرەکانی ئەم خەڵاتە جیهانییەدا، ژنانی کورد هیچ پشکێکیان بەر نەکەوتبوو، ئەمە ڕەخنەیەکی بەجێ بوو، لە ڕاستیدا کوردستان چەندین ساڵە کە لە بەرەی شەڕ لەگەڵ ڕێژیمی تاراندایە، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی کورد هەن کە ساڵانێکە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وەک "ئەوی تر" دەناسرێن، لە زیندان دەخرێن، ئەشکەنجە دەدرێن، حوکمی قورسیان بەسەردا دەسەپێ و مافەکانیان پێشێل دەکرێ، هەوڵەکانی ئەوانیش لە چوارچێوەی مافەکانی خۆیان وەکوو ژن و مرۆڤ بووە و نەک جیاوازییان لەگەڵ باقی ژنانی جیهان نییە، بگرە زۆر زیاتر لەوانیش قوربانییان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان و سەقامگیرکردنی ئاشتی دابێ، نموونەی لەو چەشنە زۆرن، زەینەب جەلالیان، موژگان کاوسی، زارا محەممەدی، ژینا مودەڕس گورجی و بە دەیان ژنی دیکە. بەڵام لە نێوان هەموو ئەوانەدا، نەرگس محەممەدی وەکوو براوەی خەڵاتەکە دیاری دەکرێ کە بێگومان نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی هەموو ژنانی ئێران و بەتایبەتیش ژنانی کورد و داخوازییەکانیان بکات؛ سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کۆمیتەی ئاشتیی نۆبڵ نووسیبووی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی نیشاندەری چالاکییەکانی نەرگس محەممەدییە! دروشمێک کە لە کوردستانەوە و لە دژکردەوە بە سیاسەتی ژنکوژیی ڕێژیمی ئێران سەری هەڵدا و بە قوربانیبوونی ژینا، کچە کوردی خەڵکی سەقز دەستی پێ کرد و لە ڕاستیدا ئاخێزگەی ئەم دروشمە کوردستان بوو و دەسپێشخەرەکانیشی هەر ژنانی کوردستان بوون! ڕەنگە تا ئەو کاتەی کە چەخماخەی شۆڕشەکە نەگەیشتبێتە تاران و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" نەکرابێ بە "زن، زندگی، آزادی" نەکهەر نەرگس محەممەدی، زۆر کەسی دیکەش ئەو دروشمەیان هەر نەبیستێ! ئەمە غەدرێکی گەورەیە، بەتایبەت لە ژنانی کوردستان، ژنانێک کە بە درێژایی ساڵانی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی ستەمی نەتەوایەتی و ڕەگەزییان بەرانبەر کراوە و بە هەموو شێوازێکیش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان نرخیان داوە. ئەگەرچی بەشێک لەم ڕەخنەیە دەکەوێتەوە سەر کەسایەتییە کوردستانییەکان کە لە دەرەوەی وڵاتن و دەیانتوانی لانیکەم لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو، کاری باش بۆ هێنانە گۆڕێی پرسی ژینا و بزووتنەوەی ژینا و ناساندنی ئەم شۆڕشە بە جیهان بکەن و بەداخەوە هەوڵی پێویستیان نەدا.

ڕۆژی پینجشەممە، ٢٧ی ڕەزبەری ئەمساڵ، یەکیەتیی ئورووپا خەڵاتی ساخارۆفی پێشکەش بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کرد. بەپێچەوانەی کۆمیتەی نۆبڵ، سەرۆکی پارلەمانی ئورووپا لە کاتی ڕاگەیەندنی براوەی خەڵاتەکە گوتی ئەم خەڵاتە پێشکەش دەکرێ بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو کەسانەی کە گیانیان بۆ ئازادی فیدا کردووە".

یەکیەتیی ئورووپا بە دانی ئەم خەڵاتە بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، لە گەرمەی ئالۆزییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە کاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا هەوڵ دەدا بیری جیهان بۆ لای کێشەکانی دیکە ڕابکێشی و بە نهێنی و ژێربەژێر سەرکوتکارییەکانی خۆی لە نێوخۆ درێژە پێ بدات، بۆ جارێکی دیکە سەرنجی جیهانی بۆ لای شۆڕشی ژینا و ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوو ڕاکێشایەوە، ئەم خەڵاتە توانیی بیسەلمێنێ کە پرسی ژینا و پرسی کوردستان کۆتاییان پێ نەهاتووە و وەکوو دەسکەوتێکی مەزنی ئەم بزووتنەوەیە چاو لەم خەڵاتە دەکرێت.

ژینا نموونەی بەرچاوی قوربانیبوونی ژنی کوردە، جیاوازیی خەڵاتی نۆبێلی ئەمساڵ و خەڵاتی ساخارۆف ڕێک لەوەدایە کە ژینا لە مەهسا جیا دەکاتەوە، ڕێز لە خەباتی ژنی کورد دەگرێت و قوربانیدان و گیانفیداییشی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیدا، بەنرخ دەزانێت. خەڵاتی ساخارۆف لە ڕاستیدا خەڵاتێکە بۆ کوردستان و بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەپێناو دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری و سەربەستیدا گیانیان بەخشی، قوربانییان دا و ئامادەنەبوون چۆک دابدەن.

مەودای نێوان ئەو دوو خەڵاتە زۆرە، هەروا کە مەودای نێوان ژینای ئێمە و مەهسای ئەوان زۆر بوو!

درێژەی لاپەڕەی ٧

# شەڕی حەماس و ئیسڕائیل

ئەوان هەروەها لە ڕووداوە بەرچاوەکاندا هاوپشتیی خۆیان بەئاشکرا بۆ ئیسڕائیل دەربڕیوە. بەڵام، یەکیەتیی ئورووپا ستراتێژییەکی یەکگرتووی بۆ کێشەی ئیسڕائیل-فەلەستین نەبووە و، دەوڵەتانی ئەندام ناکۆکییەکی قووڵیان لەسەر کێشەکە هەیە. لە ٨ی ئۆکتۆبر، وەزیری گەشەکردنی ئاڵمان ڕایگەیاند کە بەرلین پێداچوونەوە بە یارمەتییە داراییەکانی بە فەلەستین دەکات. ڕۆژی دواتر، کۆمیسیۆنەری مەجارستانیی یەکیەتی ئورووپا بۆ سیاسەتی دروا‌سییان، ئۆلیڤەر ڤارهەلی، یەکلایەنە، بەبێ ڕاوێژ لەگەڵ دەوڵەتانی ئەندام، ڕایگەیاند کە بروکسەل بودجەی سەرجەم بەرنامەکانی گەشەپێدان دەبڕێ. دوای نارەزایەتی فەرمی لەلایەن وەزیرانی وڵاتانی وەک ئیرلەند، لوکزەمبورگ و ئیسپانیا، و هەروەها پارلەمانی ئورووپا، لە لێدوانێکی کورتی کۆمیسیۆنی ئورووپادا، ئەو بڕیارە هەڵوەشێنرایەوە.

سەرکۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوەی فەڕانسە دیپلۆماسیی تەلەفۆنیی خۆیان تا ئێستا ئاشکرا کردووە و لەواندا لەگەڵ لایەنە بەرانبەرەکانیان لە ئیسڕائیل، بەڕیوەبەرایەتیی فەلەستین، ئوردن، لوبنان، میسر، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، عەرەبستانی سعودی و قەتەر باسی دۆخەکەیان کردووە. بەڵام چاوەڕوانییەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی کۆنکرێت کەمن. لەو ساڵانەی دواییدا، لە کاتی سەرهەڵدانەوەی کێشەی ئیسڕائیلی-فەلەستینی دیپلۆماسیی یەکیەتیی ئورووپا لە هی ئەمریکا، میسر، قەتەر و تورکیە کەم دەسکەوتتر بووە. بێجگە لە تێبینییە ژیئۆپۆلیتیکی و دیپلۆماتیکەکان، وڵاتانی ئورووپایی دەیانهەوێ پێش بەوە بگرن کە گرژییەکان ببنە هۆی قەیرانی پەنابەران کە داوێنی سنوورەکانی یەکیەتی ئورووپا بگرێتەوە. بەشێک لە ئەندامانی زۆرینەی کۆچبەری مسوڵمان لەو وڵاتانە بەئاشکرا ئەو هێرشەیان جەژن گرتووە. وڵاتانی وەک فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا لە کۆتایی حەوتوودا حوزووری پۆلیسیان لە نزیک بنکەکانی کۆمەڵگەی جوولەکە، قوتابخانە و کەنیسەکانیان زیاتر کرد.

### ڕووسیە
**نایجڵ گۆڵد-دەیڤیس**

قەیرانی ئەو دواییانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاردانەوەی لەسەر دیپلۆماسیی جەنگی ڕووسیە-ئۆکراین دەبێ. تا ئێستا، سەرەڕای داگیرکاریی ڕووسیە بۆ "سڕینەوەی نازییەکان" و لابردنی سەرکۆماری جوولەکەی ئۆکراین، ئیسڕائیل پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ ڕووسیە پاراستووە. ئیسڕائیل سەرەڕای داوای هاوبەشەکانی، تەنیا یارمەتییەکی کەمی ناکوشندەی پێشکەشی ئۆکراین کردووە. هۆی سەرەکی بۆ ئەو خۆپارێزییە، نیگەرانیی ئەمنییەتی ناوچەیی ئیسڕائیل بووە: ئەو لە سووریە پشت بە پشتیوانیی ڕووسیە دەبەستێ تا هێزەکانی سەر بە ئێران سنووردار بکات.

لە هەمان کاتدا، جەنگی ڕووسیە لە ئۆکراین بۆتە هۆی پەیوەندیی نزیکتری سەربازیی لەگەڵ ئێران. لە دوای داگیرکردنی ئۆکراین لەلایەن ڕووسیەوە، کاربەدەستانی حەماس لانیکەم سێ جار سەردانی مۆسکۆیان کردووە. پرسیارەکە هەمیشە ئەوە بووە ئاخۆ ئەو پەیوەندییانە چەندە چڕ ببنەوە بێ ئەوەی ببێتە هۆی پێداچوونەی ئیسڕائیل بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ مۆسکۆ.

هێرشی حەماس، کە بە گوێرەی ڕاپۆرت بە پلانی ئێران بووە، ئاشکرای دەکات کە ئیسڕائیل، سەرەڕای دان بەخۆدا گرتندا، بەرەوڕووی هەڕەشەیەکی کوشندە لەلایەن هاپەیمانانی ڕووسیە بۆتەوە. ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیاری نوێ لەبارەی سیاسەتی ئیسڕائیل بەرانبەر بە ڕووسیە، کە هێرشەکەی ئیدانە نەکردووە و سنووردانانەکانی خۆی بۆ پشتگیریی لە ئۆکراین، کە لەبەر چاوی گرتووە. مۆسکۆ هەروەها دەبێ لەوە بترسێ کە سەختگیریی لەگەڵ ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی لاوازبوونی یەکێک لە هاوپەیمانە نزیکەکانی.

### وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
**دانا ە. ئالین**

نیو سەدە مەودا لە نێوان هێرشی پەشۆکێنەری کۆتایی حەوتوو لەلایەن شەڕکەرانی حەماس دژی ئیسڕائیل و هێرشە لەناکاوەکەی هێزەکانی میسر و سووریە لە یۆم کیپور لە ١٩٧٣ هەیە. ئەوە دەتوانێ بەهەڵکەوت بێ، بەڵام زۆرتر وێدەچێ حەماس بە هیوای دەنگدانەوە مێژوویەکە بووبێ.

پەیوەندییە چارەنووسسازەکانی ئیسڕائیل و ئەمریکاش ئەوکاتی و ئێستا ئەگەر هەڵخەڵەتێنەریش بن، چەواشەکارانەن. لە ١٩٧٣، هێزە سەربازییەکانی عەرەبان هەڕەشەی مان و نەمانیان لە ئیسڕائیل دەکرد و پشتگیریی بەربڵاوی سەربازیی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا یارمەتیدەری تێکشکاندنی شەپۆلەکە بوو. هەروەها جەنگی خوێناوی ١٩٧٣، پێشەکیی دەسکەوتی بەرچاوی سیاسیش بوو. لە مانگەکانی دواتردا، هێنری کیسینجەر دەستی بە هاتووچۆی دیپلۆماتیک کرد کە بووە هۆی ئاگربڕی هێزە سەربازییەکانی هەردوو لا؛ لە ١٩٧٧، سەرکۆماری میسر ئەنوەر سادات سەفەری بۆ ئورشەلیم کرد تا لە کنێسێت (پارلەمانی ئیسڕائیل) وتار پێشکەش بکات؛ لە ١٩٧٨، سەرکۆمار جیمی کارتەر میوانداری سادات و سەرۆکوەزیرانی ئیسڕائیل مەناخیم بگین بۆ دانوستانی مێژوویی لە کەمپ دەیڤید بوو؛ ساڵی دواتر، ئیسڕائیل و میسر ڕێککەوتننامەی ئاشتییان واژۆ کرد. لە هەمان کاتدا، میسر بەئاشکرا لە سۆڤیەت دوور کەوتەوە و هاتە ناو خولگەی ستراتێژیکی ئەمریکا.

ئەو مێژوویە ئێستا ڕوونکەرەوەی سروشتی تاریکی سنووردارییی بژاردەکانی ئەمریکان. پاش دیمەنە ترسێنەرەکانی قەڵاچۆکردنی خەڵکی مەدەنی ئیسڕائیل لە لایەن چەکدارانی حەماس، لێدوانەکانی ئەمریکا و پشتیوانیی ئەمریکا، مەرجێکی زۆر کەمی، بۆ ئیسڕائیل دەبێ. واشینگتۆن پشتیوانیی شەڕێک دژی حەماس دەکات کە وێدەچێ ئەوی بۆ هەمیشە لەنێو بەرێ. چەند فاکتەر ناڕوونن: ئاخۆ ئەوە بە تێچوویەکی قابیلی قبووڵ جێبەجێ دەکرێ، ئاسەوارەکانی شەڕێکی خاکیی و داگیر کردنەوەی دووبارەی غەززە لە لایەن هێزەکانی ئیسڕائیلی و ئەگەری کاردانەوەکانی دیمەنە ترسێنەرەکانی ئازار و کوژراوانی فەلەستینی. هەموو ئەوانە، لە شوێنێک دەتوانن زەحمت بخەنە سەر پەیوەندیی سیاسی ئەمریکا-ئیسڕائیل، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر هاوکارییە ئەمنییەتییەکەیان هەبێ.

پەرتەوازیی تاڵی سیاسیی لە ئیسڕائیل بۆ ماوەیەک نامێنێ؛ دەوڵەتێکی یەکیەتی-نەتەوەیی لە ئورشەلیم بۆ بەڕێوەبەرایەتی بایدنیش دڵخوازترە. هیچ ساداتێک لە گۆڕەپانەکەدا بوونی نییە، بەڵام بە هەموو خۆشبینییەکەوە، بیر کردنەوە لە ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ قەیرانەکە مومکین نییە. بیرۆکەی مامەڵەیەکی مەزنی ئەمریکا-ئیسڕائیل-عەرەبستانی سعودی دەبێ بۆ داهاتوویەکی دیاریکراو وەدوا خرێ. لە سێناریۆیەکی کەمتر خراپدا، دیپلۆماسی دەبێتە هۆی چاوترسێن کردن. بە نیگای شڵەژاوی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ئیسڕائیل بەرەو هاژەکەکانی حیزبوڵڵا و مەترسی کرانەوەی بەرەیەکی دیکە لە باکوور، وڵاتە یەکگرتووەکانی پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگری ناردوونە خۆرهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە. ئەوە ئیسڕائیلی پەشۆکاو دڵنیا دەکات و سیگناڵێکیش بۆ ئێران دەنێرێ کە بێتوو هێرشێکی تەواو لە خۆرهەڵاتەوە بکرێ، واشینگتۆن لە دوورەوە سەیرکەر نابێ.

***

# هۆکارەکانی هاندانی حەماس بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل





ناسر ساڵحیئەسڵ

**لە بارودۆخی ئێستادا دوو ئەگەر هەیە. ئەگەر ئیسڕائیل لەسۆنگەی ئەو گوشارانەوە لەسەری دروست بوون ئاگربڕ قبووڵ بکا، ئەوا ئێران ئەمە بە گەورەترین سەرکەوتن دەبینێ و تۆڵەیەکی گەورەی لە ئیسڕائیل کردۆتەوە و خامنەیی گوتەنی شکستێکی تووشی ئیسڕائیل کردووە کە زەحمەتە بتوانێ لە بەری هەستێتەوە. بەڵام ئەگەر ئیسرائیل لە هێرشەکانی بەردەوام بێت و بەتایبەت هێرشی زەمینییش بکاتە سەر غەززە، کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن بە تێداچوونی نیزامیی حەماس یان لاوازبوونی هاوپەیمانیی بەناو مقاومەت ناچار بە دەستێوەردانی زیاتر دەبێت. بەوەش ئەگەری تێوەگلانی وڵاتانی ناوچەیی و بەو پێیە دەستوەردانی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی ئیسڕائیلیش زیاتر دەبێت**

هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و بەدوای ئەودا کاردانەوەی بەرین و بەربڵاوی ئیسرائیل بۆ هێرشکردنە سەر کەرتی غەززە، بۆ جارێکی دیکە کێشەی فەلەستین- ئیسرائیلی کردەوە بە سەرتیتری هەواڵدەرییەکانی جیهان.

بۆ هەر شەڕ و کێشەیەک دەتوانین هۆکار و ئەنگیزە و ئامانجگەلێک لە بەرچاو بگرین. هەربۆیە ڕەنگە بۆ زۆر کەس و لایەن ئەو پرسیارە ساز بێ کە چ هۆکارگەلێک حەماسی لەو کات و ساتەدا بۆ دەستپێشخەری بۆ ئەو شەڕە هان دا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ لەسەر سێ هۆکاری سەرەکی ورد بینەوە:

**یەکەم**، دوا پێکدادانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان دوو ساڵ لەوە پێش بوو کە لە کەرتی ڕۆژئاوای فەلەستین ڕووی دا. بەشێک لەو پێکدادانە لەسەر زەوی و چۆڵکردنی خانووەکانی عەرەبەکانی ڕۆژهەڵاتی بەیتولموقەدەس (ئورشەلیم) بوو. بەپێی یاسای پەسەندکراوی ئیسرائیل سەبارەت بە زەوی و خانووکانی ڕۆژهەڵاتی ئورشەلیم، ئەو زەوی و خانوویانەی پیش ساڵی ١٩٤٨ی زایینی، ئەگەر جوولەکەیەک ئیدعا و داوای خاوەندارەتیی بکا، دەبێ بە جولەکەکان بدرێتەوە! بەڵام ئەگەر عەرەبێک داوای ئەو زەوی و خانوویانە بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بەڵگە و سەندیشی هەبێ پێیان نادرێتەوە! ئەوە و زۆر بابەتی دیکە لەسەر پرسی خاک و زەوی یەک لە کێشە و ئاڵوزییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکانە کە چارەسەرکردنی زۆر دژوارە. هەروەها هێرشی ئیسرائیل لە مانگی ڕەمەزان بۆ سەر مزگەوتی ئەلئەقسا، هۆکاریکی دیکە بوو بۆ هێرشی حەماس بۆ تولەکردنەوە. هەر ئەوەش بوو کە حەماس هێرشی ١٥ی ڕەزبەری ناو ناوە "گەردەلوولی ئەلئەقسا".

**دووهەم**، پرسی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لە نیوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەت ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکان لە نێوان عەرەبستان و ئیسرائیل بوو. پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ عەرەبستان بۆ ئیسرائیل و تەنانەت بۆ ئامریکاش زۆر گرینگە؛ بەشێکی ئەو گرینگییە بۆ جێگە و پێگەی وڵاتی عەرەبستان لە نێو وڵاتانی عەرەبی و موسوڵماندا دەگەڕێتەوە. ئیدارەی بایدن پێشتر ڕایگەیاندبوو کە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان عەرەبستان و ئیسرائیل لە کۆتاییەکانی ٢٠٢٣ و سەرەتای ٢٠٢٤ بەئاکام دەگات. ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لە نیوان عەرەبستان و ئیسرائیل بووە هۆی نیگەرانی فەلەستینیەکان، چونکی بەمجۆرە ئەوان خۆیان لە پەراوێزی کێشەکانی ناوچەدا دەدیتەوە و حەماس لەپێناو مەرامە ئیدۆلۆژیکییەکانیدا ئەوەی قۆستەوە.

لێرەدا پێویستە بۆ ڕوونبوونەوەی بیروباوەڕی حەماس، ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەین و ئەویش ئەوەیە گرووپی حەماس لە ڕوانگەی بیر و باوەڕەوە نزیک لە میحوەری ئیخوانولموسلمینە. واتا لە قەتەر و تورکیە نزیکترە تا عەرەبستان! پاش ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، کێبەرکێی لە نیوان ڕوانگە و میحورەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەری هەڵدا کە بریتی بوون لە:

ئا: ڕوانگەی ئیخوانولموسلمین بە ڕێبەریی قەتەر و تورکیە.

ب: ڕوانگەی بەرەی میحوەری موقاومەت، بە ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

پ: ڕوانگەی بەرەی نەریتخوازەکان، بە ڕێبەریی عەرەبستان و ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبی.

لە کەرتی غەززە گرووپی حەماس لە بواری بیروباوەڕەوە لە بەری ئیخوانییەکان نزیکە و گرووپی جیهادی ئیسلامی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نزیکتر بووە. هەربۆیە ئەو دوو گرووپە هەرگیز نەیانتوانی لە کەرتی غەززە هەڵبژاردن بۆ شووراکان و پارلمان بکەن! دیتمان و بیستمان کە لە کاتی موشەکبارانکردنی نەخوشخانەی ئەهلی غەززە، قامکی تاوان بۆ جهادی ئیسلامی درێژ کرا نەک بۆ حەماس! چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوا باش دەزانن و ئاگادارن کە لە کاتی شکان و دۆڕاندا ئەو جنایەتانە هەر لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەوەشێتەوە کە خەڵکی بێتاوان دەکاتە قوربانیی سیاسەتی چەوت و مرۆڤکوژییەکانی خۆی.

لەبەر ئەوەش کە وڵاتی قەتەر لەلایەک ڕکابەری ناوچەیی عەرەبستانە و لەلایەکی دیکەوە لەسەر کێشەی فەلەستین و لیبی و لەسەر دەریای سووریش ڕوانگەی جیاوازی هەیە، کەوابوو ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی عەرەبستان و ئیسرائیل هەم بۆ حەماس و هەم بۆ قەتەر شتێکی گرینگ و خاڵێکی وەرچەرخان دەبێ لە سیاسەت و هەڵویستیان. لە واقیعدا دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو ئاساییکردنەوە و دروستبوونی پێوەندییەکانی ئیسڕائیل و عەرەبستان سەر بگرێ، جۆریک بڕیارنامەی ٢٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سڕ دەکرێ و ئەگەری وەدیهاتن و دامەزراندنی دوو دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستین کاڵ دەبێتەوە. بە مانایەکی دی هاوکێشە نوێیەکانی پێوەندیی نێوان عەرەبستان و وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل دەبێتە جێگرەوەی بڕیارنامەی ٢٤٢ کە پشتیوانی لە دروستبوونی دوو دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستین لە دراوسێیەتیی یەکتردا دەکا. بۆیە ئەو دۆخە نوێیە و پرسی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان هەم زۆر گرینگ و جێگای تێڕامانە هەم بەرەی ئیخوانەکان و مقاومەتی بەتەواوی توورە کردبوو.

دیارە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی هەر لە مەراکێش تا بەحرەین و سوودان و بە عەرەبستانیشەوە بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنی پێوەندییە بازرگانی و گشتیارییەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ئیسرائیل بووە. بۆیە ئەم پرۆسەیە بەهۆی ئەم شەڕەوە کە حەماس هەڵیگیرساندووە ڕەنگبێ لە کورتماوەدا ڕابگیرێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە دیسان ڕەوتی خۆی دەست پێ دەکاتەوە. چونکە عەرەبستان و بە تایبەت محەممەد بن سلمان، شازادەی جێنیشینی عەرەبستان لەسەر ئەو باوەڕەیە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان دەسکەوتێکی گەورەی بازرگانیی بۆ وڵاتەکەی دەبێ و دەیکاتە میحوەری سەرەکی بۆ وڵاتانی عەرەبی و ناوچە و ڕۆژهەڵاتی ناڤین. هەروەها هەلومەرجێکی لەبار و سەقامگیریی ئابووری بۆ بەدیهێنانی دوورەدیمەنی ٢٠٣٠ بۆ شانیشینی عەربستان دەڕەخسێنێ. لەم ڕووەوە ئەگەرچی شەڕی ئیسرائیل و حەماس لە کورتماوەدا ئەگەری کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ئەو دۆخە بووە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا کاریگەریی لەسەر ڕەوشی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی عەرەبستان و ئیسرائیل نامێنێ.

**هاندەری سێهەم** بۆ هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، کێشە نێوخۆییەکانی ئیسرائیل بوو. وەک دەزانین چەند مانگیکە کێشە و ململانە سەبارەت بە گەڵاڵەی دەزگای دادوەری بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و سەڵاحییەتەکانی دادگای باڵای ئیسرائیل لە مەڕ ڕەتکردنەوەی پەسەندکراوەکانی پارلمان لە وڵاتی ئیسرائیل لە ئارادایە. لەلایەکی دیکەوەی ئۆپۆزیسیونی دەوڵەتی نەتانیاهوو بەتوندی لە دژی ئەو گەڵاڵەیەن و بە خۆپێشاندان، مانگرتن و هەڕەشەی ئیفلیجکردنی دەوڵەت، لە هەمبەر ئەو گەڵاڵەیە وەستاونەوە، واتە سیاسەتەکانی نەتانیاهوو بەکردەوە خەڵکی ئیسرائیلی دوو کەرت کردبوو. خوپێشاندانی بەردەوام، دروستبوونی کەلێن لە نێوان خەڵک و دەوڵەت، لاوازبوونی دەوڵەتی نتانیاهوو، هاوکات کەلێنی گەورەی لە نێو ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هێزە نیزامییەکاندا دروست کردبوو و تەنانەت فەرماندەکانی هێزی هەوایی و هێزە زەخیرەکان هەڕەشەی خزمەتنەکردن و کشانەوەیان لە ئەگەری پەسەندکردنی ڕیفورمی دەزگاری دادوەری لە دەوڵەتی نتانیاهوو دەکرد.

بۆیە بەپێی ئەو هەلومەرج و هۆکارانە ڕێکخراوی حەماس بەو کۆبەندە گەیشتبوو کە بە هۆی بارودۆخی نێوخۆیی ئیسرائیلەوە، ئیستا باشترین کات بۆ هێرشێکی نەکاوە، چوونکە ئیسرائیل ناتوانی دژکردەوەیەکی توند و یەکگرتووانەی هەبێ. بەڵام پێچەوانەی ئەو لێکدانەوەیە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل نەک نەیتوانی کەلێن و قەڵەشتەکان لە نێو ئۆپوزیسیون و دەوڵەتی نتانیاهوودا بەرین و هەراوتر بکا، بەڵکوو لانیکەم بۆ کاتییش بووبێ یەکیەتی و یەکگرتوویی زیاتری دەوڵەت و ئوپوزیسیونی لە وڵاتی ئیسرائیلی لێ کەوتەوە و ئیسرائیل بە توندترین شێوە وڵامی هێرشی حەماس دایەوە.

ڕای زۆربەی چاودێرانی سیاسی ئەوەیە کە حەماس تووشی هەڵەیەکی ستراتێژیک و مێژوویی بوو، یان تووش کرا. هەڵەیەک کە لەو سۆنگەیەوە هەم گەلی فەلەستینی لە بوون بە کیان و دەوڵەتیکی سەربەخۆ دوور خستەوە، هەم مەترسیی لەسەر نەمان و فەوتانی خۆی لە کەرتی غەززەدا دروست کردوە. هەڵەیەکی دیکەی حەماس ئەوە بوو کە پێی وابوو ڕووسیە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕە تێوەدەگلێن! بەڵام سیاسەتی ڕوسیە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەسەر هاوسەنگی هێز لە نیوان وڵاتانی ناوچەکە بنیات نراوە. واتا ڕوسیە هەم دۆستی ئیسرائیل و هەم دوستی فەلەستینە! وەک چون ڕووسیە لە سووریە هرگز وەڵامی هێرشەکانی ئیسرائیلی بۆ سەر گرووپە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێرانی دوستی، نەداوەتەوە و تەنانەت مەحکوومیشی نەکردوە. بۆیە لە ئاستی هەڵەی حەماسیشدا جووڵەیەکی ئەوتۆی نابێ و بگرە ئەو شەڕە دەرفەتێک بۆ هەناسەدان بۆ ئەو بوو، و لەو سۆنگەیەوە شەڕی ئۆکڕاین خراوەتە پەراوێزەوە و سەرنجەکانی لەسەر لاچووە.

حەماس لەبارەی ئێرانیشەوە هەڵەی کرد، چونکی ئامانجێکی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕەی بە حەماس کردی، تۆڵەکردنەوە لە ئیسڕائیل بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستە ئەمنیەتییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی لە دەستی مووساد بوو. کۆماری ئیسلامیی پێویستیی زۆری بە شکاندنی هەیمەنەی نیزامی و هەواڵگریی ئیسڕائیل بوو و ئەو ئامانجەی بە حەماس پێکا. بۆشی گرینگ نییە زیان و خەسارەکانی ئەو شەڕە بۆ حەماس و خەڵکی فەلەستین چی و چەند دەبێ، لەڕاستیدا ئەوەی لەو نێوەدا جارێکی دیکەش بۆوە قوربانیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی مەدەنی و بزووتنەوەی بەرحەقی گەلی فەلەستینە کە لە نێو دوو بەرداشی توندڕۆیی حەماس و سیاسەتی هێژمۆنیخوازیی کۆماری ئیسلامیدا ورد و خاش دەبن.

لە بارودۆخی ئێستاشدا دوو ئەگەر هەیە. ئەگەر ئیسڕائیل لەسۆنگەی ئەو گوشارانەوە لەسەری دروست بوون ئاگربڕ قبووڵ بکا ئەوا ئێران ئەمە بە گەورەترین سەرکەوتن دەبینێ و تۆڵەیەکی گەورەی لە ئیسڕائیل کردۆتەوە و خامنەیی گوتەنی شکستێکی تووشی ئیسڕائیل کردووە کە زەحمەتە بتوانێ لە بەری هەستێتەوە. بەڵام ئەگەر ئیسرائیل لە هێرشەکانی بەردەوام بێت و بەتایبەت هێرشی زەمینییش بکاتە سەر غەززە، کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن بە تێداچوونی نیزامیی حەماس یان لاوازبوونی هاوپەیمانیی بەناو مقاومەت ناچار بە دەستێوەردانی زیاتر دەبێت. بەوەش ئەگەری تێوەگلانی وڵاتانی ناوچەیی و بەو پێیە دەستوەردانی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی ئیسڕائیلیش زیاتر دەبێت. ڕۆژ و حەوتووەکانی داهاتوو بەرچاوڕوونیی زیاتر لە یەکلابوونەوەی ئەو دۆخە بەدەستەوە دەدەن.

***

کوردستان
ژمارە: ٨٥٧
٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠٢ _ ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣

# کورد و شەڕی حەماس و ئیسرائیل



ڕەزا دانشجوو



دەگێڕنەوە دوو لەو گۆرانیبێژە بیانیانە بە نایاسایی بەنیازبوون بچنە نێو ئێرانەوە، بریکارەکانی ڕێژیم بە جۆرێک لە جۆرەکان بە هاتنی ئەوانیان زانیوە و ویستوویانە دەستبەسەریان بکەن.

هەواڵی هاتنی ئەو گۆرانیبێژانە و دانانی بریکار بۆ دەستگیرکردنیان بەخێرایی لە شارەکەدا بڵاوبووەوە. خەڵک کە هەمیشە کونجکۆڵ بوون، زۆر زوو گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و بە مۆبایلەکانیان دەستیان کرد بە تۆمارکردنی ئەم ڕووداوە مێژووییە. دوای ماوەیەکی کەم ئەفسەرەکان ئەو دوو گۆرانیبێژەیان دەستگیرکرد و بەناو خەڵکەکەدا تێپەڕین و ویستیان سواری ئۆتۆمبێلەکەیان بن. دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بوو، خەڵک لە دوو لاوە وەستابوون و هەریەکەیان بە پشتبەستن بە شێوازی بیرکردنەوەی خۆیان لە بەرژەوەندیی کەسێکدا چەپڵەیان لێدەدا و دروشمیان دەدا. هەندێک کەس هانی گۆرانیبێژانی ئەودیویان دەدا و بەشێک لە گۆرانییەکانیان دەخوێندەوە بۆ ئەوەی هاوسۆزییان لەگەڵدا بێت. وەک هەمیشە هەندێک کەس پشتیوانی و سوپاسی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییان دەکرد. لەنێو دروشمی بژی و مردن، کەسێک خۆی فڕێ دایە نێوەڕاست و دەستی کرد بە هاوارکردن: ئێمە سێ کەسەکە بۆ کوێ دەبەن، بۆچی ئێمە سێ کەستان گرتووە، چیتان دەوێت لە ژیانی ئەو سێ کەسەمان!

لە ئێستادا حەماس وەک هێزێکی نیابەتیی کۆماری ئیسلامی ئەرکی خراوەتە سەر شان کە شەڕێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵگیرسێنێ. ئەمەش لە چلوچوار ساڵی شەرمەزاریدا، گرینگترین سیمای ڕێژیم بووە. بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان تاکە کلیلە بۆ تێپەڕاندنی بارودۆخە نەخوازراوەکان. لە ڕاستیدا ڕێبەرانی ڕێژیم ناتوانن کاریگەرییان لەسەر خەڵکی ئێران هەبێ و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی ئازاد دابمەزرێنن، هەمیشە کاتێک کێشەی نێوخۆیی و ناوچەیی هەیە، تەنیا بژاردەیان ئەوەیە کە نائەمنی لە جوغرافیای دەوروبەریاندا دروست بکەن. عێراق، سووریە، یەمەن، لوبنان، فەلەستین و هتد هیچ جیاوازییەک دروست ناکەن. گرنگ ئەوەیە بۆ ماوەیەک سەرنجەکان بۆ شوێنێکی تر ڕابکێشیت. ئەوەی کە ئەم قەیرانە بە نرخی گیانی هەزاران کەسی بێتاوان و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس کۆتایی دێت، بۆ ڕێژیم هیچ بایەخێکی نییە.

خامنەیی بە نیگەرانی لە ئەگەری ئاشتی نێوان سعودیە و ئیسرائیل کە دەتوانێت هاوکێشەکانی ناوچەکە بەتەواوی بگۆڕێت، شەڕی غەززەی دەست پێ کرد. کۆماری ئیسلامی و ئاسایش و ئاشتی هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە. لە بنەڕەتدا ئاشتی و دۆستایەتی هیچ لێکنزیکبوونەوەیەکیان لەگەڵ پێوەرەکانی دیکتاتۆرەکاندا نییە.

ڕێژیم لە دەیەی پێنجەمی حوکمڕانیدا بە دەست چەندین قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنێت و هیچ بەدیلێکی بۆ دەربازبوون لەو دۆخەش نییە. پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و دابڕانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی کۆماری ئیسلامیی گەیاندووەتە لێواری داڕمان. لە کاتی ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینادا ئەم لاوازییە بەباشی خۆی نیشان دا و ئەم بۆشاییە قووڵەی نێوان حکوومەت و خەڵک بەڕوونی دیار بوو.

لە بواری دەرەکیشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مشتێک دۆلار دانوستان دەکات و هەموو نۆرمەکانی دەبەزێنێت، بۆ ئەوەی لانیکەم لە کورتخایەندا بتوانێت کەمێک بارودۆخی ئابووریی پشێوی خۆی چاک بکاتەوە.

نزیکبوونەوەی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی بە مانای کۆتاییهاتنی تیۆری ئیسڕائیل-فۆبیا و دوژمنی خەیاڵی دێت. کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێکە لە پشت دروشمی ڕزگارکردنی ئەلقودسەوە خۆی بە بەرگریکاری دۆزی فەلەستین وێنا کردووە، ئێستا ئەم دۆخە لەرزۆک دەبینێت. لە ڕاستیدا ئەو دەسەڵاتەی ساڵانێکە لە پشت کۆمەڵێک نۆرمی ساختەوە شاردراوەتەوە، ئێستا کە پەردەکان لابراون، وەک چیرۆکی بەناوبانگی هانس کریستیان ئەندەرسۆن، ڕووتی و ڕووتییەکەی زیاتر لە جاران ئاشکرا بووە.

هەر لە سەرەتای شەڕی غەززەوە حیزب و گرووپە ئیسلامییەکان کە بەداخەوە زۆرینەیان لەژێر کاریگەریی کۆماری ئیسلامی و دۆستانی و ڕێژیمی تورکیەدان، وەک ئەوەی بەشێک لە خاکەکەیان داگیرکرابێت، چوونەتە نێو هەڵمەتەکەوە. ئەو لایەنانەی کە لە کاتی هێرشی داعشدا نیشانیان دا کە چەندە کلکەی دوژمنانی سوێندخواردووی کوردن، هەر ئەوانەی تا دوا ڕۆژیش ئامادە نەبوون داعش بە دەستدرێژکار ناو ببەن.

هەرچەند نابێ چاوەڕوانیی زیاترمان لەو گرووپانە هەبن کە ساڵانێکە لە ڕووی داراییەوە لەلایەن ڕێژیمەوە دابین دەکرێن و هیچ گومانێک لە دڵسۆزییان بۆ کۆماری ئیسلامی و دۆستایەتیان لەگەڵ ڕێژیمی تورکیەدا نییە، بەڵام بەداخەوە کە لەژێر کاریگەری ئەم ڕەوتانەدا زۆر کەس سەریان لێ شێواوە و هەروەها شوێنیان کەوتوون.

هاوشانی لایەنگرانی بزووتنەوەی حەماس، بەداخەوە ڕەوتی دووەمیش هەیە کە هەر لە سەرەتاوە بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکانی ئیسرائیل دەکات و پێبەپێی هێرشە نیزامییەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی شەڕ هاواری سەرکەوتن دەڵێت!

ئێستا پرسیاری بنچینەیی ئەوەیە کورد لەم ململانێ مێژووییە لەکوێیە؟ کەی و لە کوێ حەماس یان عەرەبی موسڵمان و ئیسرائیل لەگەڵ گەلی کورد بوون؟ لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان، هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر کوردەکانی سووریە، تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و هەڕەشەکانی لایەنە کوردییەکان، عەرەب و ئیسرائیل جگە لە تەماشاکەرێکی سادە چ ڕۆڵێکیان هەبوو؟ لەبیرمان نەچێت لە زۆر حاڵەتیشدا پشتگیرییان لە دەستدرێژکار کردووە! بێدەنگ بوون یان لە باشترین حاڵەتدا خۆیان لە لێدوانێکی چەند دێڕی ئیدانەکردندا سنووردار کردووە.

ئەم نەخۆشییە کوشندەیە چییە کە کورد هەمیشە خۆی بە بەشێکی هاوکێشە سیاسییەکان دەزانێت؟ هەر لە هەڵبژاردنی کۆماری و دیموکراتەکانی ئەمریکاوە تا شەڕی غەززە!

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەم زیادەڕەوییە جگە لە بێزاری و قووڵبوونەوەی دووبەرەکیی سیاسی لە کوردستاندا هیچی دیکەی بەدەست نەهێناوە. حەماس گرووپێکی نیابەتیی سەر بە ڕێژیمە و ئێستاش بە فەرمانی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی چۆتە نێو شەڕێکەوە و تەنیا شتێک کە بیری لێ ناکاتەوە ئارامیی خەڵکی غەززەیە.

مێژووش باس لەوە دەکات کە ئیسرائیل لانیکەم بەشێکی فەلەستینی داگیر کردووە و ئامادە نییە مافەکانی گەلی فەلەستین بدات. بۆیە پشتگیریکردنی ئیسرائیل لەلایەن گەلی کوردەوە وەک گەورەترین قوربانی داگیرکاری چی دەگەیەنێت؟

ئەوەی جێی ئازار و بەرگرییە، مردن و ئاوارەبوونی هەزاران کەسی بێتاوان، چ ئیسرائیلی و چ فەلەستینی، کە لە سەردەمی ئەم شەڕەدا قوربانیی سیاسەت بوون. پشتیوانی کردن لە گەلی ستەملێکراو و بێ دیفاع، شانازی گەلی کورد بووە و هەرواش دەمێنێتەوە، بەڵام هەڵەیەکی کوشندەیە کە بەو ڕوونکردنەوانەی کە وتراوە بچینە ناو پرسەکانی دیکەوە.

لە کۆتاییدا نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە داگیرکەرانی کوردستان هەوڵ دەدەن کەڵک لەم جۆرە هەلومەرجانە بۆ هێرشکردنە سەر گەلی کورد وەربگرن و هێرشەکانی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوا و جموجۆڵەکانی ئەم دوایییەی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا دەتوانرێت هەڵسەنگێندرێت.

## لە ماوەی ١٢ ساڵدا

# ٢٨ زیندانیی سیاسیی کورد لە ئێران لەسێدارە دراون

ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆیی "کوردپا"، لە ڕاپۆرتێکی ئاماریدا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی خەبات بۆ هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەدان، ئاماری لەسێدارەدرانی ٢٨ زیندانیی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران، لە ماوەی ١٢ ساڵدا بڵاو کردەوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە تەرمی ٢١ کەس لەم کەسانە ڕادەستی بنەماڵەکانیان نەکراوە و شوێنی بەخاکسپاردنیشیان ناڕوونە و تەنیا شوێنی بەخاکسپاردنی ٧ کەسیان زاندراوە. ٥ حاڵەتی لەسێدارەدانەکان بە شێوەی بەکۆمەڵ واتە گرووپی ٢ و ٣ کەسی بووە و لەسێدارەدانی ئەحەد شەباب و ناسر عەزیزی دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش دەسبەسەرکران پێکەوە و بەشێوەی سەحرایی بەڕێوە چووە. هەروەها حوکمی لەسێدارەدرانی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور بەشێوەی تیرباران لە یەکێک لە پادگانەکانی شنۆ جێبەجێ کراوە.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، ڕۆژی دووشەممە ١٧ ڕەزبەر بەرامبەر (بە ١٠ی ئۆکتۆبر) ڕۆژی جیهانی "بەرەنگاربوونەوەی سزای لەسێدارەدان"، لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە لانیکەم ٦٥٩ کەس لە ئێران لە نێوان ١٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ تا ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ لەسێدارە دراون و هەزاران کەسی دیکەش چاوەڕوانی لەسێدارەدانن. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ئاماری لەسێدارەدان بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی ٢٤ لەسەد و لەچاو ساڵی ڕابردووتر سەتا ٨٤ زیادی کردووە. لە کۆی ٦٥٩ کەس کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە سێدارە دراون، ١٧ کەسیان ژن بوون، کەسێک تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵەوە بووە کاتێک تۆمەتەکەی بەسەردا سەپاوە، ٧ کەسیش لە شوێنی گشتییەکان لەسێدارە دراون.

بە پێی ئەو ئامارانە، ٦٣ لەسەدی لەسێدارەدانەکان لە ئێران بە نهێنی و بێ ڕاگەیاندنی لە میدیاکان ئەنجام دراون.




## دارسمە
دەنووکی لە سمین تاپارێزێ

# زایەڵەی خەڵاتی نۆبڵ و ساخارۆف

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر دروشمی "ئیقتیداری میللی"دا هەموو هەوڵی خۆی بۆ ئەوە کۆ کردووەتەوە بەردەوام بێت و گوێ بە هاتوهوتی دوژمنانی ئەم ئینقلابە عەزیمە نەدات.

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا درێژە بە ژیانی سەربەرزیوانەی خۆی دەدات، بەتوندی لەژێر گەمارۆی دوژمنانیدایە. دوژمنانی تەقە و ڕەقە و لێدە و ڕاکە و لایەنگرانی هەژارۆکان، هەرچی لەدەستیان بێت دژی ئەم ئینقلابە دەیکەن.

ئەم ئینقلابە بە هەونتە لەسەر پێی خۆی ڕانەوەستاوە. ئینقلاب خاوەنی دوژمنانی دوور و نزیک و کۆن و نوێیە. دوژمنی هەرەکۆنیشی گورگێک بوو و خۆی خستبووە پێستی مەڕەوە. پێتان سەیر نەبێت، ئیمام خومەینی دوژمنی سەرەکیی پێشکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی بوو. ڕەنگە هەر پیاوی سەهیۆنیسم و ئەمریکای جینایەتکاریش بووبێت. بەئاشکرا پێیەوە دیاربوو لە سەروە دەگەڵ ئینقلاب و لە بنەوە دەگەڵ ئەوانە.

ئەو لەکاتێکدا وەک کارێکی باش فەرمانی جیهادی دژی "ضد انقلاب"ی کوردستان دەرکرد، قسەی خراپیشی دەکرد و ئەم کابرایە بە ئەم قسانەوە گومانی لێوە دەکرا یان خڵەفابێت و یان لە ژێرەوە پیاوی "مووساد"ی ئیسڕائیل و "سیئایئەی"ی ئەمریکا و "ئێم ئای ٦"ی بریتانیا بووبێت. ئەگەر پیاوی هەرسێکیشیان نەبووبێت، سەر بە یەکێکیان بووە. بەڵام بە ئاکاری ڕەهبەری موعەززەمی ئێستای ئینقلابەوە دیارە خومەینی وەک ئەمەیان زۆر کەیفی بە "کا.گێ.بێ"ی ڕووسیە نەهاتووە.

خومەینی ئەگەر پیاوی زایۆنیسم و ئەمریکا نەبوایە، چۆن باسی هەڵبژاردنی دەکرد؟ چۆن دەیگوت "وەک ئێمە دەستەڵاتی پاشایەتیمان نەویست، ڕەنگە لە داهاتوودا خەڵک دژی ئێمە بن و دەنگمان پێ نەدەن." ئەم قسەیە ئەگەر قسەی زیدی ئینقلاب نەبێت، قسەی کێیە؟ بۆ کەسێکی وەک ئیمام خومەینی ئەگەر سەر بە پیلانگێڕانی دەرەوە نەبووبێت، هەر شەرم و شوورەیی بوو باسی هەڵبژاردن بکات.

ئەگەر ئەم هەڵبژاردن و مەڵبژاردن و دەنگدان و مەنگدانە لە دونیادا باو نەبوایە، کوا لێرە لەژێر دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا عافرەت دەنگی لێوە دەهات؟ کوا عافرەت دەیتوانی تەشک و دامێنان کۆ کاتەوە و لەچکە فڕێ بدات و قژی بە بادا بکات. بەوەندەش نەوەستێت و دژی ئیقلابی ئیسلامی دروشم بدات؟ وشەی عافرەت پڕ بە پێستی ئەوانەیە و ئەگەر بکرێت وشەی "ژن" لە کتێب و متێبانیشدا ڕەش بکرێتەوە باشە. ئەم ناوی "ژن"ـە شتێکی زۆر قێزەونە و لک و پۆپی خراپیشی لێ دەبێتەوە. بۆ ئەوەی عافرەتی وڵاتی ئێمە وەک عافرەتانی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بە بەرهەڵڵایی بژییێت، حەزی لە ناوی ژنە و هەر بەو ناوەش ناوەستێت و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"ی بۆ ساز دەکات. بەڵام تۆ بڵێ "ئافرەت، تەوەززەلی، بەرهەڵڵایی".

پارێزەرانی ئینقلاب لەم ساڵانەی دواییدا جگە لە سەدان ماڵپەڕی ئینترنێتی و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی کاغەزی، هەفتا و یەک کەناڵی تەلەفزیۆنی ماهوارەییان داناوە. ئەم ژنەتیوانەش لەنێو ئەم هەموو دەزگاجوانەی ڕاگەیاندن، خەریکن بە دووزەلەی بی.بی.سی و ئیران ئینترناشناڵ و کوردکاناڵ هەڵدەپەڕن. بۆیە گوتم "ژنەتیو" چەندی کردم و کراندم "عافرەتەتیوم" بە سەر زمانیدا نەهات.

لە نێو ئەم حەفتا و یەک کاناڵە تەلەفزیۆنییە و ئەم سەدان ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەی خۆماندا بەهیچ شێوەیەک باسی خەڵاتی نۆبڵ و مۆبڵ و ساخارۆف و ماخارۆفی ئەم ساڵ نەکراوە. دیسان ئەم خەڵکە دواکەوتووە لە میدیای بێگانە و ئەجانبەوە گوێ دەدەنە ئەم جۆرە هەواڵانە.

لەولاوە، ئەوەی دوژمنانی ئێمە دەیکەن، بەتوندی ئینقلابی خستووەتەوە مەترسییەوە. خەریکن لە نێو خەڵکیش گومان دروست دەکەن. ئەوانە ئەمساڵ خەڵاتی بەناو ئاشتیی نۆبێلیان دایە ئەو "ئافرەتەتیوە"، ئەو نێرگسەی لە زیندانە، وایانزانی بە پێدانی ئەم خەڵاتە لە زیندان ئازاد دەکرێت و دەچێتە دەرەوە و وەک ئەو کچەتیۆکە و مچەتیۆکانەی لێرەو چوونەتە دەرەوەن، دەبێتە مەیدانداری پاڵەوانەتی. دیتیان نەخشەکەیان پووچەڵ کرایەوە، گەڕانەوە سەر ئەو کچە سەقزییەی ساڵی ڕابردوو بەدەست پارێزەرانی ئینقلابی ئیسلامی بە شێوازێکی هەڵە کوژرا. هەڵەکە لە شێوازی کوشتنەکەدا بوو نەک لە خودی کوشتنەکە. هەتا ئێستا هەزاران کەس بە شێوازی جۆراوجۆر بەدەست پارێزەرانی ئینقلابەوە لە نێو براون و خەڵکیش دەنگی لێوە نەهاتووە. ئەم شێوازی کوشتنە بۆیە هەڵە بوو، خەڵکی ئێران لە نزیکەی نەود لەسەدیان زیدی ئینقلابن، دەلینگیان بۆ شێلانی ئینقلاب هەڵکرد.

ئەوەتا، لەنێو ئەم هەفتا و یەک تەلەفزیۆنە ماهوارەییە و ئەم هەموو ڕۆژنامە و مۆژنامە و ڕادیۆ مادیۆیەی خۆماندا هەر باسی ئەم دووانە ناکرێت. تەنانەت ئەوەندی بۆیان بکرێت، باسی خەڵاتی نۆبێلی پزیشکی و کیمیا و ئەدەبیاتیش ناکەن. بەڵام چی بە خەڵکی نەزان دەڵێی؟ ئەوندە نەزانن لەسەر ئەم هەموو ئامێرە ڕاگەیاندنەی خۆمانەوە دەچن ماڵپەڕێکی وەک کوردستان میدیا دەکەنەوە و سەیری تەلەفزیۆنێکی وەک کورد کاناڵ دەکەن. شوکر ئەوانە ڕۆژانە بەرنامەی هەراوی چەندین سەعاتە بە زمانی فارسی بڵاو ناکەنەوە، دەنا وەک جاری گۆڕین خەڵکیان دژی کوشتنی کچە سەقزییەکە هان دا، ئێستاش دونیایان لەم ئینقلابە لەمە زیاتریش دەکردە چەرمی چۆلەکە.

KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO:857 22 October 2023

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com

info@kurdistanmedia.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594

polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:

info@kurdistanmedia.com

ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:

Tashkilat.kdp92@gmail.com

# خەڵاتی ”مەم و زین“ پێشکێش بە محەممەد ڕەمەزانی کرا



ناوەندی ڕۆشنبیریی «مەم و زین» ڕۆژی شەممە، ٢٢ی ڕەزبەر (١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣) لە هۆڵی «میدیا»ی هەولێر، بە بەشداریی بەشێک لە نووسەران و ڕووناکبیرانی هەر چوار بەشی کوردستان، چوارەمین فێستیڤاڵی مەم و زینی بەڕێوە برد و چوارەمین خەڵاتی ئەم فێستیڤاڵەی پێشکەشی نووسەر و وەرگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، محەممەد ڕەمەزانی، کرد.

محەمەد ڕەمەزانی، نووسەر، وەرگێڕ و کەسایەتیی ئاکادیمی و ئەدەبیی خاوەن‌ڕێزی خەڵکی بۆکانە. ئەو کە بە مامۆستا و پێشەنگی بەرەی سێهەمی چیرۆکنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنرێ، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بە ناوی «مزگێنی» چاپ و بڵاو کردەوە و ئێستا پاش زیاتر لە بیست ساڵ کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکەی بە ناوی «جێژنی لەدایکبوونی شەیتان» ئامادەی چاپە و بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە.

گرینگترین ئەو بەرهەمانەی مامۆستا محەممەد ڕەمەزانی لە چەند ساڵی ڕابردوودا وەریگێڕاون بریتین لە: «دەنگی هەرمان». «هەروا و تووڕەیی»ی «ڤیلیام ڤاکنێر»ی ئەمریکی و ڕۆمانی «یۆلیسنوو» (یۆلیسز یا ئۆلیس) نووسراوەی جێمز جۆیس کە هەژدە بەشە و وەک یەکێک لە مەزنترین ڕۆمانی ئەدەبی لە دنیادا ناوی دێ.

# لە باشووری کوردستان ٦ گۆرانیی حەسەن زیرەک نوێ کرایەوە



شەش گۆرانیی کلاسیکی حەسەن زیرەک لە باشووری کوردستان بە شێوەی ئاکادمیک نوێ کرانەوە.

ئەم بەرهەمە هونەرییە بریتین لە شەش گۆرانیی حەسەن زیرەک (١٣٠٠- ١٣٥١) کە بە دەنگی تۆمارکراوی خۆی لەگەڵ ئۆرکێسترای ژێدار ئامادە کراوە و لەلایەن هونەرمەند و کۆمپۆزەر د. عەبدوڵڵا جەماڵ سەگرمەوە موسیقیی ئاست بەرزیان بۆ هەڵبژێردراوە و بە شێوەیەکی ستاندارد دەنگی حەسەن زیرەکیان لەسەر دانراوە.

د. عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە لەبارەی ئەو شەش بەرهەمەوە دەڵێت: «زیرەک بەر لە کۆچی دوایی، کۆمەڵێک گۆرانیی بەبێ میوزیک تۆمار کردوون و، لێهاتوویی و سەلیقەیەکی بێ وێنەی تێدا پێشان داون. زیاتر لە ٦٠ ساڵە ئەم دەنگە تۆمارکراوانە بێناز کەوتبوون و پشتگوێ خرابوون. بۆیە سەرلەنوێ ژیانەوەیان، کارێکی زۆر پێویست بوو.» ئەو گوتی: « تۆمارکراوەکان لەکاتی خۆیدا کە بە دەزگا و کەرەستەی سەرەتایی تۆمار کرابوون، پێویستیان بە خاوێنکردنەوە و چاککردنی کێشەی دەنگەکانیان بوو. پاشان بەپێی موزیکە نوێیەکانیان، پێویستیان بە چاککردنی چینی دەنگەکان و دواتریش ریتمەکانیان بوو. لە کۆتاییدا پێویستیان بە جۆرە میوزیکێک بوو کە لەلایەکەوە لەگەڵ دەنگی زیرەک و مۆرکی کوردیدا گونجاو بێت، لە لایەکی دیکەشەوە ئاستێکی ئەمڕۆیی و ئەکایمیی بەرزی هەبێت.»

شەش گۆرانییەکەی حەسەن زیرەک بریتین لە: «کوێستانان، «بە تەورات»، «خانزادە خانم»، «نووری رووخسارت»، «هەوری لار» و «کاروانە».

د. عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە لە ستۆدیۆی تایبەتیی خۆیدا زۆر بەدڵگەرمییەوە کاری لەسەر ئەو میراتە هونەرییەی کورد کردووە و دەڵێت، «بەرهەمهێنانی کارەکان نزیکەی ساڵێک کاتی پێویست بووە. ئێستا گۆرانییەکان بە جۆرێکن کە دەشێت گشت خۆشەویستانی گۆرانی و میوزیکی کوردی چێژی لێ ببینن، گشت خوێندکارانی میوزیک لە پەیمانگە و زانکۆکانی میوزیک لە کوردستان و دەرەوە سوود لە سکۆر و نۆتەکانیان ببینن، بەتایبەتی خوێندکارانی میوزیک دانان کە زۆر پێویستیان بە نموونەی گۆرانی کوردی ئاستبەرز و زانستییە.»

عەبدوڵڵا جەماڵ سەگرمە هونەرمەندی مۆسیقازانی کوردە. ئەو لە زانکۆی بێلفاست بڕوانامەی دکتۆرای مۆسیقای وەرگرتوە و لەبارەی مۆسیقای کوردییەوە توێژینەوەی زۆری کردووە و کتێبێکی بە ناوی لاپەڕەیەک لە بنەماکانی موزیکی کوردی نووسیوە.

# بەڕێوەچوونی شازدەهەمین فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان





شازدەهەمین فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان پاش دوو ساڵ ڕاوەستان ڕۆژی ٢٥ی ڕەزبەر لە شاری مەریوان دەستی پێ کرد و پاش ٥ ڕۆژ بە دەستنیشان‌کردنی براوەکانی فستیڤاڵ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

شازدەهەمین فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان بە بەشداریی دەیان گرووپی شانۆیی کوردستان و ناوچەکانی ئێران و هەروەها ١١ گرووپی وڵاتانی دیکە لە چەند بەشی وەک ”ئازاد“، ”ئایینی“، ”کلاسیک“، ”منداڵ و مێرمنداڵ“ و ”نقوستان“ەکان بەڕێوە چوو. جیا لە گرووپە هونەرییەکانی کوردستان و ئێران چەندین گرووپی هونەریی شانۆیی لە وڵاتانی باشووری کوردستان، میکزیک، ئیتالیا، مۆغولستان، میسر، لیبی. تونێس، ئەلجەزایر، ئەفغانستان و قەتەر لەو فستیڤاڵەدا بەشدار بوون.

شازدەهەمین فستیڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان لە پارکی شانۆی شاری مەریوان دەستی پێکرد. لەو خولەی فستیڤاڵەکەدا ١٨٥ بەرهەمی شانۆیی کوردی و فارسی و ٢٥ بەرهەمی بیانی بۆ هەڵسەنگاندن نێردرابوون کە تەنیا ٣٧ بەرهەمی کوردی و فارسی و ٤ بەرهەمی بیانی بۆ پێشاندان و ڕکابەریی یەکتری بۆ خەڵاتەکان پەسند کرابوون.

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی فستیڤاڵەکەدا کە بە بەشداریی جێگری وەزیری ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو، براوەکانی فستیڤاڵ ڕاگەیەندراون و خەڵاتی بەشێ نێودەوڵەتیی فستیڤاڵ بە شانۆی «سێوی ٢١» بە دەرهێنەریی ئاوات جەلال درا کە لە شاری چەمچەماڵی باشووری کوردستانەوە بەشداریی فستیڤاڵەکەی کردبوو.

## بەر لە ماڵاوایی

# کوردستان، قوربانییەکی دیکەی شەڕی ئیسرائیل و حەماس



ئارمان حوسێنی

بەیانیی ڕۆژی شەممە ١٥ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠٢ی هەتاویی، حەماس بە چەند هەزار مووشەک ئیسرائیلی کردە ئامانج و بواری بۆ شەڕێکی وێرانکەری تر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خۆش کرد. هەر زوو بنیامین نەتانیاهو، سەرۆک‌وەزیرانی ئیسرائیل لە پەیامێکی ویدیۆییدا ڕوو بە خەڵکی وڵاتەکەی ڕایگەیاند کە ئیسرائیل نە لە عەمەلیاتێکی نیزامی، بەڵکوو لە شەڕدایە. شەڕێک کە زۆر زوو لایەنی ئیسرائیلیی ناچار بە هەڵوێست کرد، هەڵوێست و دژکردەوەیەک کە خەریکە پریشکەکەی هەر هەموو غەززە و بگرە وڵاتانی ناوچەش بگرێتەوە.

لەم دوو حەوتوویەشدا کە شەڕ بەردەوام بووە، خەڵکی سڤیل بەداخەوە زۆرترین ئاوردووی ئەو شەڕە بوون و تاکوو ئێستا بە هەزاران مرۆڤ لە هەردوو لا خەڵتانی خوێن کراون.

هەوڵی ئەم نووسینە ئەوەیە کە زەین و بیری خوێنەر بۆ بابەتێکی دی ڕابکێشێت کە لەوانەیە قوربانییەکی تری ئەم شەڕە لە کۆتاییدا کوردستان بێ! بەڵام بۆ کوردستان؟

جوغرافیای کوردستان سەرەڕای ئەوەی بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا و لەسەر ئەرزی واقع هێشتا جوغرافیایەکی لێکگرێدراو و دانەبڕاوە. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ کە تاکوو ئێستا داگیرکەرانی کوردستان هەموو هەوڵ و پیلانێکیان بۆ ئەوە بووە بتوانن ئەم لێکگرێدراوی و بەستراوەییەی خاک و خەڵکی کوردستان لێک داببڕێنن و شەقی بکەن. نموونەی زۆر هەن کە دەرخەری ئەم ڕاستییە و بەڵگەن بۆ ئەم ئیدیعایە و کەرکووک نموونەی هەرە بەرچاو و دیارە کە ڕێژیمی بەعسی عیراق بە کوشتن و ئەنفالی کوردەکان و هاوردەکردن عەرەب لە ناوچەکانی تری عێراقەوە هەوڵی دا خاک و خەڵکی کوردستان لێک داببڕێنێت و بە گشتی ناسنامە و شوناس و دێموگرافیی شارەکە بگۆڕێ و بەتەواوی تەعریبی بکا.

لەو کاتەوەش کە پڕۆژەی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێران دەستی پێکرد و هەوڵ درا ئەو ئایدیا سیاسییە دەسکردە بە زەبری چەک و سەرکوت بەسەر هەموو ئێراندا بسەپێنن، ئاوەها پڕۆژەیەکیش بۆ دابڕاندنی خاک و خەڵکی کوردستانی ئێرانی لە کرماشان دەستی پێکرد و بە هێنانی خەڵکی غەیری کورد هەوڵی گۆڕینی ناسنامەی ڕاستەقینەی کوردستانیان دا کە ئەو هەوڵانە لە فۆرم و شکڵ و لە پلان و پیلانی جۆراوجۆردا ئێستاش بەردەوامە.

لە ئاکامی شەڕی حەماس و ئیسرائیل سەدان هەزار کەس لە خەڵکی غەززە ئاوارە و بێپەنا بوون کە تا ئێستا نە ئوردن، نەمیسر و نە هیچ وڵاتێکی تری ناوچەکە ڕەزامەندیی خۆی بۆ پەنادانی ئاوارە فەلستینییەکان دەرنەبڕیوە. لەبەر ئەوەی پێشتر خەڵکی ئاوارەی فەلەستین لە ئوردن و میسر بە پشتیوانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە دروستکردنی ڕێکخراوی توندئاژۆ لە نێوخۆی ئوردن و میسر و هەروەها هێرش‌بردن بۆ سەر خاک و خەڵکی ئیسرائیل ببوونە هۆی ئاژاوە و دروستبوونی گرژی لە نێوان پێوەندییەکانی ئەم وڵاتانە لەگەڵ ئیسرائیلدا. ئێستا چیدی ئوردن و میسر ئامادە نین تاکوو پێوەندییەکانیان بکەنە قوربانیی پشتیوانی و پەنادانی فەلەستینییەکان. لە لایەکی ترەوە تورکیە ئەم دۆخەی (شەڕی حەماس و ئیسرائیلی) بە دەرفەت زانیوە و پەنامەکی و لەسۆنگەی کۆبوونەوەی سەرنجەکان لەسەر شەڕی غەززە هێرشی کردووەتە سەر ڕۆژاوای کوردستان و بەداخەوە تاکوو ئێستا جیا کوشتنی دەیان کەس زەبری زۆر قورسی لە ژێرخانی ئابووریی ئەم بەشەی کوردستان داوە. بێدەنگی و بێهەڵویستی کۆمەڵگەی جیهان وای کردووە کە تورکیە جیا لە کاولکاری بیەوێ ئەم بەشە لە کوردستان هێدی هێدی داگیر بکات.

بەڵام هەڕەشەی سەرەکی ئەمەیە ئەردوغان دەیهەوێ ئاوارەکانی غەززە لەنێوان باکوور و ڕۆژاوای کوردستاندا جێگیر بکات! ئەویش بەڵنیاییەوە نە بۆ ماوەیەکی کورت بەڵکوو بەهۆی دۆخی ناجێگیری فەلەستین مەترسییەکە ئەمەیە ئەم خەڵکە ئاوارەیە بۆ هەمیشە لەو ناوچانە بمێننەوە و بەمجۆرە و بەکردەوە خاک و خەڵکی کوردستان لێک دابیڕێنن. بەپێی ناسراوییەک کە لە خەڵکی فەلەستین و بەتایبەتی حەماس و بیروبۆچوونەکانیان و ڕوانگەیان هەمانە، ئەگەری نیشتەجێکردنی ئەم ئاوارانە کاریگەری زۆر نەرێنییان لەسەر چارەنووس و نەخشەی سیاسی و جوغرافیایی کوردستان دەبێت.

***